فایەق سەعید

# خۆکوژی مناڵ

**( توێژینەوە )**

چاپی یەکەم

٢٠١٠




*** ناوی کتێب:** خۆکوژی مناڵ

*** نووسەر:** فایەق سەعید

*** بابەت:** توێژینەوە

*** ساڵی چاپ:** ٢٠١٠

*** چاپ و بڵاوکردنەوە:** چاپخانەی (ڕەنج)

*** چاپی:** یەکەم

*** ژمارەی سپاردن: (     )ی ساڵی (     )ی پێدراوە**

(( زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە کەخۆم بکوژم. بەڵام هەرگیز جورئەتم نەکردووە. ئەگەر یەکێك بەم زووانە یارمەتیم نەدات ئەوە لەوانەیە خۆم بکوژم. من پێم خۆشە ئەوە بزانم ئایا دایك و باوکم خۆشیان دەوێم یا نا. ئەوان هەرگیز شتی وایان بەمن نەوتووە ))

کچێکی ١٥ ساڵەی رۆژئاوایی

((کاتێك لەقوتابخانە لێم دەدەن هەست بەمردن دەکەم))

منالێکی ٩ ساڵان لەهەولێر

((کەمردیت ناژێیتەوە، بەڵام مردن هەر ئەمە نیە بەڵکو تەریقکردنەوەو شکانەوەش مردنێکە بۆ خۆی))

کچێکی ١٠ ساڵان لەسلێمانی

## پێشەکی

دیاردەی خۆکوژی گرفتێکی پەرەسەندووی کارەسات ئامێزە لەکۆمەڵگای ئەمرۆدا. لەگەڵ ئەوەشدا کەهیچ جۆرە ئامارێکی فەرمی لەئارادا نیە بەلام رۆژانە میدیاکان باس لەچەندین حاڵەتی خۆکوژی دەکەن. خۆکوژی دیاردەیەکی جیهانیەو لەهەموو سات و کاتێکدا هەر هەبووە. خۆکوژی لە



١٧٠٠ کاندا گوناهێکی گەورە بووە. بەلام ١٨٠٠ کاندا بەتاوان دانراوە. کەچی لە ١٩٠٠ کانەوە تاوەکو ئێستا بەجۆرە نەخۆشیەکی دەروونی دەزانرێت. هۆکاری ئەم نەخۆشیە زۆرن؛ هەر لەکولتۆرەوە بۆ ئاین و بۆ هۆکاری کۆمەلایەتی و مێژویی تا دەگاتە ئەو هۆکارانەی پەیوەندییان بەکەسایەتی مرۆڤەوە هەیە.

ئەوەی من لەم کتێبەدا باسی دەکەم تەنها هۆکاری ئەو خۆکوژییانەیە کەمناڵان پیادەی دەکەن. بەم پێیە ئەم کتێبە تەنها وەلامی یەك پرسیار دەداتەوە ئەویش: هۆکارەکانی خۆکوژی مناڵان چین؟

کاتێك دەستم دایە نووسینی ئەم کتێبە ئامانجێکی روونم لەبەردەستدا بوو ئەویش راوەستان بوو لەسەر خۆکوژی ئەو مناڵە کوردانەی کەرۆژانە لەناو قوتابخانەکانی باشوری کوردستانداو خێزانەکاندا خۆیان دەکوژن بەبێ ئەوەی کەسێك لەم گرفتە بکۆڵێتەوە. کەواتە ئەوەی من پێویستم پێ هەبوو بەرادەی یەکەم بینینی ئەو مناڵانە بوو کەهەوڵی خۆکوژییان دابوو. بەرادەی دووەمیش بینینی کەسوکاری ئەو مناڵانە بوو کەخۆیان کوشتبوو. بەدەر لەمەش پێویستم بەئامارێکی فەرمی هەبوو بۆ ئەوەی گەورەیی ئەم کارەساتە شرۆڤە بکەم.

لەخاڵی سێیەمەوە دەستم پێکردو سەردانی زۆر نەخۆشخانەو فەرمانگەو شوێني دیکەم کردو کەسانی زۆریشم بیني، بەڵام سەرئەنجامەکان وەکو یەك وابوون و یەك پەیامیان هەبوو ئەویش ئەوەبوو کەبۆ من زۆر چاکترە واز لەو کارە بێنم. بەتایبەت لەشاری سلێمانی هێندە ماندوو بووم بریارمدا واز لەنووسیني ئەم کتێبە بهێنم چونکە نەك یارمەتی نەدرام بەڵکو ڕێگرییەکی زۆریشیان بۆ دروست کردم. لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو کەلەنەخۆشخانەی ئیمێرجینسی سلێمانی بەهیچ شێوەیەك رازی نەدەبوون هیچ جۆرە ئامارێکم بدەنێ چوونکە بەرای ئەو کارمەندەی قسەم لەگەڵ کرد قەدەغەبوو. بەڵام سەیرەکە لەوەدا بوو کارمەندێکی ئەو نەخۆشخانەیە لەرۆژنامەی هاوڵاتیدا بەشێك لەو ئامارانەی بڵاوکردبۆوە. دواتر پەیوەندیم بەهەندێ لایەنی دیکەوە کرد کەبەرزترینیان وەزارەتی پەروەردە بوو لەهەولێر بۆ ئەوەی بتوانم ناونیشانی ئەو ماڵانە وەربگرم کەمناڵەکانیان خۆیان کوشتبوو یا هەوڵی خۆکوژییان دابوو، بەڵام لەوێش هیچ جۆرە یارمەتیەکم دەست نەکەوت.

بۆیە بەناچاری دەبوو پشت بەخۆم ببەستم و لەرێگەی میدیاکانەوە خۆم بەدوای قوتابخانەکانی هاوپەیوەند بەم گرفتەوە بگەڕێم و لەوێشەوە ئەگەر یارمەتیم بدەن ناونیشانی



ئەو ماڵانەم دەست بکەوێت. من بەدوای ئەم هەنگاوەدا نەچووم چونکە من چەند ساڵ جارێك دەگەرێمەوە بۆ کوردستان و بەو ماوە کەمەش ئەوە بەمن ناکرێت. لەلایەکی دیکەوە چەند کاك سەروەر کەریم لەهەفتەنامەی (( خوێندنی لیبراڵ)) پێی خۆش بوو یارمەتیم بدات و ئەو لەبری من ئەو دیدارانە لەگەڵ ئەو خێزانانەدا ساز بکات. بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت ئەمە کارێکی سەختەو بۆ ئەو مەیسەر نابێت. بۆیە ئەم کتێبە لەبری ئەوەی لێکۆڵینەوەیەك بێت لەسەر هەندێ حاڵەتی خۆکوژی لەلای مناڵانی کوردستان، بووە باسکردنێکی گشتی ئەو هۆکارانەی وا لەمناڵان دەکەن کەخۆیان بکوژن. لەراستیدا نیازی من وابوو سەرجەمی ئەم کتێبەی لەبەردەستاندایە ببێتە پێشەکیەك بۆ شرۆڤەکردنی ئەو حاڵەتە خۆکوژیانەی کەلەکوردستان روویان دابوو، بۆیە ناچار بووم ئەم پێشەکیە بکەمە کتێبێکی سەربەخۆ.

لەپاڵ ئەمەشدا توانیم دوو حاڵەتی خۆکوژی دوو مناڵی کورد وەربگرم و کەمێك زیاتر لەسەر هۆکاری خۆکوژییەکەیان رابوەستم چونکە لەکاتی رووداوەکاندا هەفتەنامە کوردییەکان یەك یا دوو وتاریان لەسەر نووسیبوون و لەنێو ئەوانەشدا دیداریان لەگەڵ خێزانەکانیانداو لەگەڵ بەرێوبەرایەتی پەروەردەدا کردبوو کەبۆ من سەرەتایەکی باش بوو، بەڵام بەس

نەبوو بۆ ئەوەی من لەسەر هۆکاری راستەقینەی خۆکوژی ئەوان رابوەستم. ئەوەی من کردوومەو باسی دەکەم تەنها روونکردنەوەیەکە بۆ دەسنیشانکردنی هۆکارەکانی خۆکوژی لەلای منالآن و بەهیچ شێوەیەك تاوانبارکردنی هیچ لایەنێك نیە.

بەشێك لەهۆکارەکان پەیوەندییان بەدروستکردنی کەسایەتی منالآنەوە هەیە کەلەوانەیە پەیوەندیان بەسەردەمی منالّیی ئەو منالآنەوە هەبێت. بەشێکی دیکە پەیوەندییان بەجۆری مامەڵەی خێزانەکان و پەروەردەکردنی منالآنەوە هەیە لەناو خێزانەکاندا. هەندێ هۆکاری دیکەش پەیوەندییان بەسیستمی پەروەردەیی کوردستان و هەندێ بواری دیکەوە هەیە. هەوڵیشم داوە لەگەڵ باسکردنی ئەو هۆکارانەدا چەندین نموونەی جیا جیا بخەمەروو بەو نیازەی تیشکێك بخەمە سەر بیرکردنەوەی منالآن و جۆری تێروانینی ئەوان بۆ مەرگ و رووداوەکانی دیکە. هەروەها هەوڵیشم داوە گەورەکان لەو مەترسیانە ئاگادار بکەمەوە کەبەهۆیانەوە منالآن دەست دەدەنە کاری خۆکوژی.

ئەم کتێبە دەبوایە ماوەیەکی یەکجار زۆر بەر لەئێستا لەلایەن دەزگای موکریانەوە چاپ بکرایە بەلام بەهۆی گەندەلی بەرێوبەری بەشی کتێبەوە تاوەکو ئێستا دواخرا. لەکاتێکدا



نەبوونی کاغەزو نەهاتني نۆرەی کتێبەکەی دەکردە هۆکار خۆی لەماوەی یەك سالدا شەش دانە کتێبي خۆی چاپکرد.

فایەق سەعید
ستۆکهۆڵم
هاوینی **2009**
**faiekk@hotmail.com**

# خۆكوژی منالأن

خۆكوژی منالأن دیاردەیەكی بەربلاوەو هۆكارەكانیشی بەهەمان ئەندازە زۆرو بەربلاون كەمن لێرەدا هەولٚ دەدەم بەشێكیان بخەمە بەر باس و لێكۆلێنەوە. سیماكانی ئەم دیاردەیە بریتین لەدەركەوتني ترس، نیگەرانی، شپرزەیی، خەمۆكی، گۆشەگیری، پەراوێزبوون، شاردنەوەی خەم و خەونەكان، دەركەوتني شەپۆلێك لەفەنتازیای سەیرو سەمەرە لەجیهانی منالٚدا، رەشبیني، بێزارییەكی قولٚ، تێروانیني نێگەتیڤانە بۆ دیارەكان و دەوروپشت... هتد.

مەحالٚە مردن بەشێوەیەك لەشێوەكان لەلای منالٚ بووني نەبێت ئەگەرنا منالٚ هەرگیز یاری مردن و كوشتن لەگەلٚ یەكتردا نەدەكرد. وێنەكانی مردن لەمنالٚێكەوە بۆ یەكێكی دی دەگۆڕێن. شێوەی مردن یا تێگەیشتن لەفۆرمەكان و ماناكانی مەرگ پەیوەندییان بەگەشەسەندنی كۆگنەتیڤانەی **Cognative** منالأنەوە هەیە. بەشێوەیەكی دی لەگەلٚ



گەشەسەندنی مێشكی منالٚ و زیادبوونی تەمەنیدا قۆناغەكانی مردن دەگۆڕدرێن. بۆیە تێگەیشتني منالٚ بۆ مەرگ لەلای پیاژێ دەكرێ لەبەر رۆشنایی قۆناغەكانی گەشەسەندنی منالٚ شیبكرێتەوە **(Piaget,1988)**. بۆ نموونە لەقۆناغی دووەمدا (٢-٧ سالأن) منالٚ وا تێدەگات كەهەر كەسێك مرد دەتوانێت زیندوو بێتەوە. یا هەر ئاژەلٚێك مرد دەتوانێت پاش ماوەیەك زیندوو بێتەوە. هەروەها مردن بەهۆی فاكتەرێكی دەرەكییەوە دێتە كایەوە. ئەم منالأنە بۆ وێناكردنی مەرگ یا بەرجەستەكردنی مردن لەیاری و حیكایەتەكانی خۆیاندا زیاتر پشت بەفەنتازیاو خەیالٚی خۆیان دەبەستن. بەپێی تیۆرییەكەی ڤیگۆچیسكیش لەبارەی دروستكردنی فەنتازیا لەلای منالأن یادەوەرییەكان رۆلٚی سەرەكی لەدروستكردنی فەنتازیای منالأنەدا دەگێڕن **(Vygotskij,1995)**. لەفەزای منالأنەدا هەندێجار مردن بەرگی جۆراوجۆر دەپۆشێ و هەندێ جاریش لایەنی ناوەوەو دەرەوەی مردن تێكەلٚ بەیەك دەبن. لەلایەكی تریشەوە منالٚ هەندێ جار بەشێوەیەكی زۆر سەیر گوزارش لەمردن دەكات چونكە خۆی بەباشی لێی تێنەگیشتووە. بۆ نموونە منالٚێكی ٥ سالٚە كەپێشتر نەنكی مردبوو بەم شێوەیە **(Sköld&Öhlen,1985.P.81)** گوزارش لەهەولٚی خۆكوژی خۆی دەكات ((من حەپی **Magnecyl** م خوارد بۆ ئەوەی بمرم

چونکە دان ئێشەم هەبوو، هەروەها بۆ ئەوەی پێغەمبەرو داپیرەشم ببینم)).

مناڵە وردەکان زۆر جار بەبێ مەبەست دەست دەدەنە کاری خۆکوژی بەبێ ئەوەی پلانیان بۆ داڕشتبێت یا لەوە تێگەیشتبن کەچی دەکەن. مردن بۆ ئەوان لەتەمەنێکی وردا جیهانێکە ناروون و فەزایەکە تەماویە، چون ئەوان لەرەهەندەکانی مردن نەگەشتوون و ناشزانن هەر کەس دەست بداتە کاری خۆکوژی دەرئەنجامەکەی چی دەبێت. مناڵ جیاوازی لەنێوان واقیع و فەنتازیادا ناکات، بۆ نموونە کچێکی ٧ ساڵە خۆی لەپەنجەرەیەکەوە دەخاتە خوارەوە **(Sköld&Öhlen,1985.P.107)** چونکە خۆی بە ((الرجل الحدیدی)) دەزانێت.

یەکێك لەهۆکارەکان (کەمن بەتەواوی لێی دڵنیا نیم) ڕەنگە ئەوەبێت مناڵ بوونەوەرێکی ئێگۆیست یا خۆپەرستەو دەیەوێ هەموو روناکییەکان بخرێنە سەر ئەو و هەموو دەوروبەریشی تەنها بایەخ بەو بدەن. ئەم خەسڵەتەی مناڵ کەبەیەکێك لەکۆنسێپتە سەرەکیەکانی پیاژێ دەژمێردرێت کارێکی وادەکات کەمناڵ زۆر جار تەنها لەگەڵ خۆیدا بیربکاتەوەو کار بکات بەبێ ئەوەی گوێ بەوانی دیکە بدات **(Piaget,1982.P.188)**



**((The child i only concerned with him self, and ignores more or less completely the points of view of otheres))** ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی جۆرە دابڕانێك لەگەڵ جیهانی دەوروپشتدا. بۆیە دەکرێ ئەم خاڵە واتە، بێتوانایی مناڵ لەبەرجەستەکردنی کۆمۆنیکاسیۆنێکی تەواو لەگەڵ گەورەکاندا، بەشێوەیەك لەشێوەکان ببێتە هۆکارێکی ئەم دیاردەیە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە زۆرێکی وەکو سیلڤاندەرو بود و دۆناڵدسۆن پێیان وایە پیاژێ لەم مەسەلەیەدا ڕاستی شتەکانی نەپێکاوە چونکە مناڵ لەگەڵ لەدایکبوونیدا توانای جۆرە کۆمۆنیکاسیۆنێکی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا هەیە.

بەڵام لەقۆناغی سێیەمی گەشەسەندنی مناڵاندا (٧-١١) مناڵ لەوەش دەگات کەدەشێ مەرگ لەئەنجامی فاکتەرێکی ناوەکیەوە یا جەستەییەوەش بێت بۆ نموونە ڕاوەستانی دڵ، نەخۆشی ... هتد. ئەم قۆناغە بەندە بەبیرکردنەوەی کۆنکریتیانەی مناڵەوە.

پیاژێ پێی وایە مناڵ تا نەگاتە قۆناغی سێیەم (٩-١١) هیچ جۆرە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەیان لەبارەی مردنەوە نیە. لەم قۆناغەدا لەوەش دەگات کەمەرگ یەخەی هەموو کەسێك دەگرێت، بۆیە خەمی مەرگ پانتاییەك لەلای داگیر دەکات.

لەدوا قۆناغیشدا (١١- ) منالْ نەك هەر ئاسۆی زۆر شتی لەلا روون دەبێتەوە بەڵكو كار بەدەستەواژەكانیش دەكات ( بۆ نموونە بەهەشت، دۆزەخ ... هتد) كەنیشانەی پێشكەوتن و گەشەسەندنی كۆگنەتیڤانەی منالْە. هەروەها ترس لەمەرگ،مەرگی هەتاهەتایی، لەناو سیستمی گەشەسەندووی ئەم منالانەدا گەشە دەكات.

بەتێروانینی پیاژێ منالْ بۆ یەكەمین جار لەتەمەنی ١٢-١٥ساڵیدا دەبنە خاوەنی تێگەیشتنێكی راستەقینەو پتەو لەبارەی مردنەوە.

شتێكی روونە كەمنالْی یەكساڵە ناتوانێت لەمردن بەشێوە واقیعیەكەی تێبگات، بەلام بەبۆچوونی بۆلبي كاتێك ئەم منالْە لەسالەكانی سەرەتای ژیانیدا لەیەكێك لەدایبابەكانی جیادەبێتەوەو ئەم جیابوونەوەیەش بالْ بەسەر ژیانیدا دەكێشێت، منالْ ئەم جیابوونەوەیە یا دووركەوتنەوەیە لەدایبابەكانی بەشێوەیەك لەشێوەكانی مردن لەقەلْەم دەدات یا بەشێوەیەكی دیكە رەنگە ئەمە یەكەم تێگەیشتني منالْ بێت لەبارەی مردنەوە (**Bowlby,1969**). هەركات ئەم جیابوونەوەیەش ماوەیەكی دوورودرێژی خایاند ئەوە منالْ واتێدەگات كەدایبابەكەی مردووە بەبێ ئەوە لەمردن وەكو



كۆنسێپتێك تێبگات چونكە منالْ بۆلبي گووتەنەی ((بنەما سەقامگیر)) ەكەی لەدەست دەدات..

بەبۆچوونی پرۆفیسۆر **Britta Alin Åkerman** منالْ هەر لەسێ ساڵییەوە لەبەر هەندێ هۆی نادیار خۆیان دەكوژن. بەلام لەتەمەنی پێنج شەش ساڵیدا دەتوانن بەشێوەیەكی كۆنكریتیتر بیر لەخۆكوژی بكەنەوە (**Aftonbladet/2004**). لێرەدا دەبێ ئەوەش یاداشت بكەم كەمنالْی ورد (تا ٨-٩ سالی) ناتوانن پلان بۆ خۆكوشتن بۆ خۆیان دابرێژێن، بەڵكو زوربەی جارەكان بەشێوەیەكی هەڕەمەكی ئەو كارە ئەنجام دەدەن. بەشێوەیەكی دی ئەو منالْە وردانە تێڕوانینێكی ناواقیعیانەیان بۆ خۆكوژی هەیە، واتە حەز دەكەن خۆیان بكوژن و پاش ماوەیەك زیندوو ببنەوە. لێرەوە دەگەینە ئەو سەرئەنجامەی كەئەوان لەكاریگەرییەكانی مەرگ تێناگەن بەلام وەكو ئامرازێك بۆ گەشتن بەشتێكی دیاریكراو بەكاری دێنن. هەندێ جار منالْی سێ ساڵە لەرێگەی خواردنی حەپێكی زۆرەوە یا غاز بەردانەوە ... هتد كۆتایی بەژیانی خۆی دێنێ، بەلام ئەمە بەو مانایە نیە ئەم منالانە پلانیان بۆ ئەو كارە دارِشتووە بەڵكو بەئەگەری زۆر چاویان لەیەكێكی تر كردووە یا لەفلیمێكدا ئەوەیان بینیوە یا دایباب و براو خوشكە گەورەكانی خۆیان باسی شتێكی وایان بۆ كردوون. هەموو منالْێكی نۆ سالە خۆی

لەناو قەیرانێکدا دەبینێتەوە کەلەبواری پەروەردەییدا "قەیرانی نۆساڵە" ی پێی دەڵێن. گرفتەکانی مناڵ لەم تەمەنەدا بەبەراورد لەگەڵ رابردوودا رووی لەزیاد بوونە. پاش تێپەڕبوونی ئەم قۆناغەش وردە وردە مناڵ توانای بەسەر پلان دارشتنی کاری خۆکوژی زیاتر دەبێ. بۆیە نۆساڵەکان پێویستیان بەئامۆژگاری و پەروەردەیەکی میهرەبانتر هەیە.

## بۆچوونەکانی ناجی

دەرووناسی مەجەری **Maria Nagy** یەکێك بووە لەوانەی زۆر لەسەرتاوە بەدوای خۆکوژیدا چووە. بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەی لەگەڵ ٣٧٨ مناڵی ٣ تا ١٠ ساڵەدا کردووە بۆ ئەوەی لەوە تێبگات ئەو مناڵانە چ جۆرە بۆچوون و بیرکردنەوەیەکیان سەبارەت بەمردن هەیە. ئەم مناڵانە کەنیوەیان کچ بوون لەچەندین خێزانی جودای سەر بەئاینی جوداو ژینگەی سۆسیۆ- ئیکۆنۆمی جیاوازەوە هاتبوون. ماریا ناجی ئەم مناڵانە بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکرد **(Tamm,2003.P.133-135)**.



قۆناغی یەکەم: (٣-٥ ساڵ ) یەکێکی مردوو بەلای ئەمانەوە ئەو کەسە بوو کەخەوی لێکەوتبوو یا لەجووڵە کەوتبوو. مردن بەلای ئەمانەوە شتێکی هەتاهەتایی نەبوو. واتە هەر کەسێك بمردایە دەیتوانی پاش ماوەیەك زیندوو ببێتەوە. من پێم وایە ئەمە شتێکی ئاساییە کەمناڵ لەم تەمەنەدا مردنی مرۆڤ بەمردنی ئاژەڵ و باڵندەکان ببەستێتەوە. زۆر جار مناڵ یاری بەمێشولە یا هەنگێکی مردووەوە دەکات کەپاش ماوەیەکی کەم زیندوو دەبێتەوەو دەفڕێت. لەیارییەکانی خۆشماندا ئێمە بۆ ئەوەی بەمناڵی پیشان بدەین کەئێمە مردووین ئیدی چاوی خۆمان لێك دەنێین و جووڵە لەخۆمان دەبڕین. بەڵام پاش ماوەیەك خۆمان زیندوو دەکەینەوە. بەرای من ئەم جۆرە یاری و رەفتارانەی ئێمە لەگەڵ مناڵدا جۆرە تێروانینێك لەبارەی مردنەوە لەلای مناڵ جێگیر دەکات کەپوختەکەی ئەوەیە مرۆڤ یا ئاژەڵی مردوو دەکرێ پاش ماوەیەك زیندوو ببنەوە.

ناجی خۆی ئەوەی بینیوە کەچۆن لەنێو ئەم گروپەدا ترسێکی زۆر بەرامبەر بەمردن هەیە. هەروەها مردن وەکو دیاردەیەکی نێگەتیڤ دەبینرێت. مردووەکان نایانەوێ بمرن و دیانەوێ لەتابوتەکانیان بێنە دەرەوە. ئەم جۆرە بۆچوون و دیاردانە وا لەمناڵ دەکات کەمردن رەتبکاتەوەو نەیەوێت بمرێ. یا بەشێوەیەکی دی وابیر بکاتەوە کەلەمردن بگەڕێتەوە یا مرۆڤی

مردوو بۆی هەیە دوای مردن زیندوو بێتەوەو لەشێوەی چنۆکەدا بگەڕێتەوە. ئەمە وا لەمناڵ دەکات ترس بەرامبەر بەچنۆکە پەیدا بکاتو ئەم جۆرە ترسەش لەنێو ئەم تەمەنەدا ئاساییەو تا تەمەنی هەرزەکاریش لەوانەیە بروات.

ناجی لێرەدا دان بەدیاردەیەکی پارادۆکساڵدا دەنێت؛ واتە لەپاڵ ترس لەمردن دڵنیایی و سەقامگیریش هەیە. بەشێوەیەکی دی ئەگەر مردوو زیندوو بێتەوە ئەوە کارێکی باشە چونکە سەقامگیری بۆ ژیانی مناڵ دەگێڕێتەوە.

قۆناغی دووەم: (٥- ١٠ ساڵ) لەم قۆناغەدا مناڵ مردن بەشتێکی هەتا هەتایی دەزانێت. واتە ئەوەی مرد ئیدی ناتوانێت زیندوو بێتەوە. ئەم تێروانینە لەگەڵ گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی مناڵدا یەکدەگرێتەوە. ئەمەش بەو مانایە دێتەوە کەمناڵ لەم تەمەنەدا هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی عەقلانی و مەنتیقی بیر بکاتەوە. ئەو کەسەی روحی خەڵك دەکێشێت پیاوێکی جل رەشە. لەشەودا دەردەکەوێت. سەرو کەللەی جومجومە ئاسایەو کەسێکە کەنابینرێت. ناجی پێی وایە کەللەسەری مردوو لەزۆر وێنەو تابلۆی سەدەکانی ناوەراستدا هەبووە. بۆ نموونە سەمای مەرگ لەنێو هونەری کلیسادا لە ١٣٠٠- کاندا وەکو تێمایەکی تایبەت باو بووە. مەرگ شوێني تایبەتی لەنێو زۆر حیکایەتی میللیدا هەیەو



کەسایەتیەکی فیلمی (( حەوتەمین گەشتی دەریایی )) ی ئینگمار بێرگمانیشە. بەخشیني کەسایەتیەك یا دەمامکێکی مرۆڤانە بەمەرگ. واتە دەرکەوتني مەرگ لەشێوەی مرۆڤێکدا. هەر لەکۆنەوە هەبووەو شێوازێك بووە بۆ گرێدانی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ مەرگدا.

مناڵ لەم تەمەنەدا مەرگ وەکو هێزێکی دەرەکی دەبینێت. مەرگ مرۆڤێکە کەچارەنووسی خەڵکی لەدەستە. بەشێوەیەکی لەشێوەکان مناڵ وادەزانێ دەتوانێت کاریگەری بەسەر چارەنووسی خۆیەوە هەبێت. مناڵ وای دەبینێت ئەگەر تۆزێك وریا بێت دەتوانێت مەرگ هەڵبخەڵەتێنێت. بۆ نموونە لەکاتی مردن بەهۆی سەیارە لێدانەوە.

قۆناغی سێیەم : (نز ٩ ساڵی بەرەو سەرەوە) مناڵ لەم قۆناغەدا لەوە تێدەگات کەمەرەگ شتێکی شەخسیەو بەرۆکی هەموو کەسێك دەگرێت. هەر کەسێك ژیا دەشبێ بمرێت و کەس لەدەست مردن رزگاری نابێت. بۆیە خەمی مەرگ بەشێوەیەکی لەشێوەکان رووبەرووی هەموو مناڵێك دەبێتەوە. بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەو خەمەدا ئەو مناڵانەی ناجی کاری لەگەڵیاندا کرد دەستیان کرد بەبەکارهێنانی هەندێ ئاماژە کەباسیان لەژیانی پاش مەرگ (ئەو دونیا) دەکرد .زۆر لەمناڵەکان بروایان بەوە هەبوو ئاسمانێك لەوێ هەیەو روحی

هەموو مردووەکانی تێدا کۆدەبێتەوە. لەبەر ئەوەی ئەم منالانە دەزانن کەخۆشیان رووبەرووی مەرگ دەبنەوە بۆیە بۆ زیاتر دڵنیایی لێرەوە لەبیرۆکەی بەهەشت نزیك بوونەوە. منالّ لەم قۆناغەدا فێری ئەوەش دەبێت کەدەکرێ مەرگ وەکو دیاردەیەك لەدەرەوەی ئیرادەی مرۆڤدا بێت و مرۆڤیش لەبەرامبەریاندا هیچی پێنەکرێت. بۆ نموونە ئەو جۆرە مردنانەی لەئەنجامی توندوتیژی، نەخۆشی، رووداوی هاتووچۆوە روو دەدەن. بەلام دەشکرێ لەدەستی مرۆڤ خۆی دابێت. بەهەمان شێوە دەکرێ مەرگ لەرێگەی نەخۆشییەوە بێت و دەشکرێ لەرێگەی شتی دیکەوە بێت.

بەرای مارە تام **Tamm** ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوە بەنرخەی ناجی لەدوای جەنگی دووەمەوە سازکراوە بەلام تاوەکو ئەمرۆش جێگەی متمانەیەو زۆر لەتوێژەرەکان ئاماژەی بۆ دەکەن. جیاوازی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەلّ لێکۆڵینەوە تازەکانی ئەمرۆدا زیاتر خۆی لەوردەکارییەکانی مەرگ و ترسی منالّ لە ((عیزرائیل)) دا خۆی دەبینێتەوە. **(Tamm,2003.P.135)**.



# خۆکوژی لەلای دورکهایم

دیاردەی خۆکوژی دیاردەیەکی بەربلاوەو لەسەرتاپای جیهاندا هەیە. بەلام هۆکارو هەندێك لەسیماکانی خۆکوژی پەیوەندییان بەتەمەن و کۆمەڵگاو رەگەزو ... هتد هەیە. ئێمیل دورکهایم یەکەمین کەس بووە کەلەسالی (١٨٩٧) دا لەکتێبێکی بەنرخدا بەناوی خۆکوژی **(Durkheim,1993)** توانیویەتی بەشێوەیەکی قولّ و بەرفراوان باسی لەخۆکوژی بکات. ئەو توانیویەتی کۆمەڵێ داتای زۆر باشی لەمەر خۆکوژی لەسەر ولاتە هەمەجۆرەکانی ئەوروپا دەست بکەوێت و لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە بکات. دورکهایم زۆر بەوردی لەکێشە جۆراوجۆرەکانی هاوپەیوەند بەم دیاردەیە وردبۆتەوە، بۆ نموونە لەتەوەری خۆکوژی نێوان ئاینە جیاوازەکاندا ئەوەی شرۆڤە کردووە کەبۆ بۆ لەنێوان پرۆتستانەکاندا خۆکوژی زیاترە وەك لەنێو کاتۆلیکەکاندا؟ بۆ لەنێو جولەکەکاندا زۆر کەمە؟... هتد.

بەبۆچوونی دورکهایم پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خۆکوژی و کۆمەڵگادا هەیە. ئالێرەدا دورکهایم هۆکارەکانی خۆکوژی لەخودی کۆمەڵگادا (نەك تاکەکەس) بەرجەستە دەکات. بەشێوەیەکی دیکە تاچەند تاکەکان دەتوانن لەناو کۆمەڵگادا خۆیان بگونجێنن و پێوەرەکانی ئەو کۆمەڵگایە قبوڵ بکەن یا نا، ئەمەیان رۆڵێکی گرینگ لەپرسی خۆکوژیدا دەبینێت. بەرای دورکهایم لەپشت هەموو خۆکوژییەکەوە فاکتەرێکی شەخسی هەیە، بەڵام ئەو فاکتەرە لەناو کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتیدا فۆرم دەگرێت.

دورکهایم لەکتێبەکەیدا خۆکوژی کردووە بەسێ جۆری سەرەکیەوە، بەڵام لەپەراوێزێکدا بەشێوەیەکی لاوەکی باس لەجۆری چوارەمیش دەکات کەبریتیە کە (**Fatalism**) واتە جەبری، واتە مرۆڤ ناتوانێت لەدەست قەدەر رزگاری بێت :

یەکەم: خۆکوژی خۆویستانە (**Egoistic**) ئەم جۆرە خۆکوژیانە لەناو کۆمەڵگایەکدا روو دەدەن کەتاك زۆر لەخودی کۆمەڵگاکە بەهێزترەو نۆرمەکانی ئەو کۆمەڵگایە کاریگەرییەکی ئەوتۆی بەسەر تاکەکانەوە نیە. ئەو کەسانەی سەربەم گروپەن کەسانێکن خاوەنی هیچ جۆرە تۆڕێکی پەیوەندی نین و لەکۆمەڵ دابراون. بەشێوەیەکی دی خۆیان سەر بەگروپێکی تایبەت نازانن یا خۆیان لەناو گروپێکدا نابیننەوە.



بۆیە لەبنەڕەتدا پابەند نابن بەو نۆرم و پێوەرانەوە کەئەو گروپە یا کۆمەڵەیە داینا‌وە. بەشێوەیەکی دی ئەم کەسانە وەکو تاکەکەس خۆیان دەبیننەوەو ئەمەش کاری راکردن لەدەست بەهاو گرفتە هەمەجۆرەکان ئاسانتر دەکاتەوە. ئەم تاکانە خۆیان بەپەراوێزخراوو بێهاوکار دەزانن و خۆیان بەنۆرمی هیچ جۆرە گروپێکی تریشەوە نابەستنەوە. بەواتایەکی دیکە ئەم تاکانە بەپێویستی نازانن خۆیان بەپرنسیپی مۆراڵ و بەها کۆمەڵایەتیەکانی ئەو گروپانەوە ببەستنەوە. بەشێوەیەکی دیکە ((من)) ی تاك خۆی لەدەست ((من)) ی کۆ یا کۆلەکتیڤ رزگار کردووەو بەپێچەوانەی جۆری دووەمەوە کار دەکات، بۆیە ئەم تاکانە لەلایان روونە کەهیچ گروپێك دەسەڵاتی بەسەریانەوە نیەو خۆیان بڕیاری خۆیان دەدەن.

ئەم جۆرە مرۆڤانە لەئەنجامی ئەم حاڵەتەدا توشی نیگەرانی و پەرێشانی بێزاری و خەمۆکی دەبن کەدواجار دەبنە هۆی خۆکوژی. ئەم جۆرە خۆکوژیە لەنێو مناڵانیشدا زۆرە.

دووەم: خۆکوژی ناخۆویستانە یا مرۆڤدۆستی(**Altruistic**) ئەم جۆرە خۆکوژییە لەناو کۆمەڵگایەکدا روو دەدات کەتاك بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو سەر بۆ کۆمەڵێك نۆرم یا مەسەلەی فیکری دیاریکراو دادەنەوێنێ. پێچەوانەی جۆری یەکەمە ئەو کەسانەی کەخۆیان دەکوژن خاوەنی

پەیوەندییەکی زۆر بەربڵاون و هەمیشە خۆیان سەر بەگروپێکی دیاریکراو دەزانن. ئەم کەسانە باش دەزانن پێناسەی خۆیان بکەن و ئامانجەکانی خۆشیان بەباشی روون دەکەنەوە. بەڵام ئەو شتانەی وا لەم گرۆپە دەکەن کەخۆیان بکوژن مەسەلەی خۆبەختکردنە لەپێناوی بیرێك، ئایدیایەك یا مەسەلەیەکی تردا کەبەلای ئەوانە گرینگە.

تاکەکانی ئەم گروپە رێگای ئازادبوون و داپچرانیان لەگروپەکەی خۆیان نیەو بەکۆمەڵێ رەهەندو بەهاو مۆراڵەوە بەستراونەتەوە کەبریتیە لەبەهاو خەسڵەتی ئەو گروپە. بەشێوەیەکی دیکە تاك لێرەدا مولکی گروپە نەك خۆی. هەروەها ئەرکی سەرشانێتی کەخۆی لەهەندێ جێگادا لەپێناوی گروپەکەیدا فیدا بکات. بۆ نموونە ئەو سەربازە ئێرانیانەی لەشەڕی نێوان عیراق و ئێراندا بەکۆمەڵ خۆیان بەمینەکاندا دەتەقاندەوە ، یا ئەو گروپە ئیسلامیە پەڕگیرانەی ئەمڕۆ خۆیان لەعیراق، کوردستان، وڵاتە عەرەبیەکانی دیکە ... هتد دەتەقێننەوە دەکەونە خانەی ئەم جۆرە خۆکوژیەوە.

دورکهایم خۆکوژەکانی ئەم گروپە دەکات بەسێ بەشەوە؛

گروپی یەکەم بریتیە لەکەسانێك کەبەئارەزووی خۆیان خۆیان دەکوژن و هیچ کەسێك لەگروپەکە زۆریان لێناکات ئەو کارە بکەن.



گروپی دووەم ئەو کەسانە دەگرێتەوە کەخۆکوژی وەکو ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانیان تەماشا دەکەن.

هۆکاری خۆکوژی گروپی سێیەم خۆی لەناو کۆمەڵێ بەهاو نەریتی ئاینیدا دەبینێتەوە.

سێیەم: **Anomisk** ئەو کەسانەی سەر بەم گروپەن خاوەنی تۆڕێکی پەیوەندی زۆر بەربڵاون و تارادەیەك پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ دەوروپشتەکەیاندا هەیە. بەڵام بەهۆی رووداوێکەوە کاری خۆکوژی ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە لەدەستدانی بەرژەوەندیەکی تایبەت، دەسەڵاتێك، تێکچوونی باری ئابوری ..... هتد. بۆیە چیتر هەست ناکەن سەر بەگروپێکن و چیتر ئامانجێکی هاوبەش و ئارامیەکی هاوبەش بەدی ناکەن. بەشێوەیەکی تر دورکهایم دەیەوێ بڵێ لەدەستدانی بەشێك لەو سیستمە نۆرماتیڤەی کەهەیانە دەبێتە هۆکارێك بۆ خۆکوژی. لێرەدا دورکهایم ئاماژە بەو خۆکوژیانە دەکات کەلەئەنجامی کارەسات و شکستە ئابورییەکانەوە روویانداوە، بۆ نموونە شکستی بۆرسەکانی ڤیەنا لەساڵی ١٨٧٣ و پاریس لەساڵی ١٨٨٢.

# پەیوەندی کەسە نزیکەکان

ئەگەرچی تیۆری پەیوەندی کەسە نزیکەکان ( **Object Relation Theory**) لەهەناوی تیۆری دەرونشیکارییەوە لەدایك بوو پشتی بەتیۆرییەکانی فرۆید و ئێریکسۆن بەستووە بەڵام جیاوازییەکی زۆریشی لەگەڵ تیۆری دەرونشیکاریدا هەیەو بەتایبەت لەگەڵ بۆچوونەکانی فروێدا. دانەرانی ئەم تیۆرییە پێیان وایە مرۆڤ نەعەودالی (چێژ) ەو نە غەریزەش کۆنترۆڵی دەکات. بەڵام مرۆڤ هەمیشە بەدوای ئەو پەیوەندییانەدا دەگەرێت کەپێداویستیەکانی بۆ دابین دەکات. ئەم تیۆرییە مرۆڤ بەبوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەزانێت نەك بایەلۆژی. **Object** شت یا مرۆڤ دەگەیەنێت. بەڵام تیۆری دەرونشیکاری زۆر زوو ئەوەی روونکردەوە کەمەبەست لەئۆبژێکت پەیوەندییەکی خۆشەویستیە. بەشێوەیەکی دی ئۆبژێکت ئەو کەسە نزیکانەیە کەلەروانگەی دەروونناسیەوە بۆ منالی کۆرپە گرینگن و بەهۆی پەیوەندییەکانیانەوە لەمناڵەوە نزیکن ( **Jerlang,2006 & Hwang, 2004** ). منال



پێویستیەکی زۆر گەورەی بەو پەیوەندییانە هەیەو ئەگەر ئەو پەیوەندییانە باش بێت دەبێتە هۆی ئەوەی منال بروایەکی تۆکمەی(**Self-confidence**) بەخۆی هەبێت و ئەگەر خراپیش بێت دەبێتە هۆی ئەوەی بروایەکی لاواز یا زۆر لاوازی بەخۆی هەبێت. زۆر پسپۆر پێیان وایە سێ ساڵی یەکەمی منال بەردی بناغەی دروستبوونی بڕوایە لەنێوان منال و دایبابیدا. ئەم بروایە دواتر رەنگدانەوەی بەسەر تەواوی ژیانی منالەوە هەیە.

خاڵی گرینگ بەلای منالی کۆرپەوە ئەوەیە کەئەو بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو کەسانە بدۆزێتەوە کەپێداویستیەکانی بۆ دابین دەکات. ئەم کەسانەش تەنها لەرێگەی پەیوەندییەکانەوە پەیدا دەبن(**Fahrman,1991.**). ئەم تیۆرییە قورسایی خۆی دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی منال و دایك. چونکە بەدەر لەوەی منال نۆ مانگ لەناو سگی دایکیدا دەژێت . زوربەی منالەکانیش تەواوی ژیانی منالییان لەگەڵ دایکیاندا بەسەر دەبەن. ئەگەر بێت و باوك لەمنالیەوە ئەو رۆڵەی دایك ببینێت ئەوە هەمان ئەو فاکتەرانەی باس لەدایك دەکات باوکیش دەگرێتەوە.

بەپێی ئەم تیۆرییە ئەگەرچی دوو مرۆڤ (کەدەکرێ دایك و منال بێت) لەگەڵ یەکیشدا بن بەڵام دەکرێ دووریشبن لەیەك

و هەست بەتەنیایی بکەن. بەڵام ئەم دوو مرۆڤە لەرووی مێنتاڵەوە هەرگیز هەست بەتەنیایی ناکەن. هاری گانتریپ **Guntrip** بەم جۆرە پەیوەندییە دەڵێ ( **Ego Relatedness**).

ئەگەرچی نزیکبوونەوەی منالّی کۆرپەو دایك بۆ گەشەسەندنی کەسایەتی منالّ یەکجار گرینگە. بەلاّم دەروناسی منالّ دۆنالّد وینکۆت **Winnicott** پێی وایە ئەم جۆرە تەنیاییەش لەلایەکی دیکەوە بۆ گەشەسەندنی منالّ گرینگەو لەهەمان کاتیشدا وینکۆت ئەمە وەکو ئاکارێکی باشی دایك دادەنێت (**Fahrman,1991.P.16**). بەشێوەیەکی دیکە کاتێ کەمنالّ گەورەتر دەبێت پێویستی بەوە دەبێت لەدایکی دوور بکەوێتەوە بۆ ئەوەی لەوە تێبگات کەهەموو کاتێك ناکرێ دایك لەبن دەستیدا ئامادە بێت. ئەم کارەش وا لەمنالّ دەکات بەشێوەیەکی باشتر لەدەوروبەرەکەی تێبگات.

نزیکی دایك لەمنالّەوە بەتایبەت لەساڵەکانی سەرەتای ژیانی منالّیدا دەبێتە هۆی ئەوەی لەلایەك پێداویستیەکانی منالّ دابین بکرێن و لەلایەکی تریشەوە بنەماکانی (من)ێکی بەهێز دروست ببێت. دایکێکی باش دەبێتە هۆی ئەوەی بنەمای پەیوەندییەکی باش لەناو ئەو منالّەدا چەکەرە بکات. بەپێچەوانەشەوە دایکێکی خراپ دەبێتە هۆی ئەوەی بنەمای



پەیوەندییەکی خراپ چەکەرە بکات. بەلاّم بنەما باشەکان بەشێوەیەکی ئاسانتر لەخراپەکان جێگیر دەبن. بۆیە کاتێك ئەو (من) ە لاواز بوو نەیتوانی حەزەکانی (مني بالاّ) بێنێتە دی منالّ هەست بەلاوازی، نیگەرانی، نائارامی ... هتد دەکات. بەلاّم هەر کات ئەو (من)ە بەهێز بوو توانی حەزەکانی (مني بالاّ) بهێنێتە دی ئەو کاتە منالّ هەست بەسەربەرزی دەکات.

بەپێ بنەماکانی ئەم تیۆرییە زۆر گرینگە کەمنالّ بروایەکی تەواوی بەدایکی یا باوکی (یا ئەو کەسەی زۆر لێوەی نزیکە) هەبێت. ئەم بروایەش لەرێگەی ئەوەوە دێتە دی کەئەو ئۆبژێکتە (دایك یا باوك) هەمیشە دەبێ نزیك. گوێ رایەڵ ، ئامادە، رووخۆش... بێت و حەزەکانی ئەو منالّە تێر بکات. دەروناسەکان پێیان وایە (**Fahrman,1991.P.25**) لەکاتی پەروەردەکردنی منالّدا گەورەکان زۆرجار لەرێگەی لاشعورەوە بیر لەوە دەکەنەوە ئایا کاتێ خۆی کەئەوان کۆرپە بوون چۆن مامەڵە کراون، چۆن حەزەکانیان تێرکراوە، چۆن گوێیان لێگیراوە ... هتد. بۆیە دەشێ دایکێك یا باوکێك بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ منالّەکەیدا بکات کەبەمنالّی لەگەڵ خۆیدا کراوە. رەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە کەمنالّێکی کۆرپەی چەند مانگە چۆن هەست بەو مامەڵەیە یا بەرووخۆشی یا گرژی دایکی دەکات؟ بۆ وەلاّمی ئەم پرسیارە

پێم باشە بگەڕێمەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی ستێرن کەیەکێکە لەناوادارترین ئەو زانا ئەمریکاییانەی تاقیکردنەوەکانی خۆی لەسەر مناڵ کۆرپە بەسەرکەوتوویی ئەنجامداوە.

## ستێرن و گەشەسەندنی مناڵ

دانیال ستێرن **Daniel Stern** باوکی پێنج مناڵ و گەورە پرۆڤیسۆری زانکۆکانی کۆرنێل (نیویۆرك) و جنێڤ یەکێکە لەو گەورە دەروونناسانەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بۆ گەشەسەندنی مناڵی کۆرپە تەرخان کردووە. ستێرن هەوڵی ئەوەی داوە بزانێت مناڵ چەند رۆژ دوای لەدایك بوونیەوە هەست بەم یا ئەو شتە دەکات. بەهۆی تیۆرییەکانی ئەمەوە مناڵ لەرۆژەکانی سەرەتاوە بەبوونەوەرێکی پێگەیو دەناسرێت و توانای تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو ئیشارەو سیمبۆلانەی هەیە کەرووبەرووی دەکرێنەوە. گرینگی ستێرن لێرەدا بۆ ئەم باسەی ئێمە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە هەر هەڵسوکەوتێکی خراپی ئەوانەی لەدەوروبەری مناڵی کۆرپەدا دەژین دەبێتە هۆی لاوازکردنی (من) ی مناڵ کەدواتر پرۆسەی گەشەسەندنی ئەو مناڵە تێکدەدات.



زۆرجار ئێمە بەرامبەر بەمناڵ هەندێ کار دەکەین بەو پێیەی ئەو مناڵە کۆرپەیەو دەرك بەو شتانە ناکات. بۆیە لێرەدا دوو تاقیکردنەوەی ستێرن دەخەمەروو **(Stern,1991)** کەپێچەوانەی ئەو بۆچوونە دەخەنەڕوو.

ستێرن بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت کەمناڵی کۆرپە بۆنی شیری دایکی خۆی دەناسێتەوە یا نا؛ هەستا بەدانانی دوو سوخمە (مەمکەوانە) لەهەردوولای چەند کۆرپەیەکەوە کەتەمەنیان تەنها سێ رۆژ بوو. ئەم کۆرپانە لەناو بێشکەو لانکەکانی خۆیاندا لەسەر پشت دانرابوون. یەکێك لەو سوخمانە سوخمەی دایکی راستەقینەی ئەو مناڵە بوو. بەلام ئەوی دیکەیان سوخمەی ژنێکی دیکە بوو. پاش ماوەیەك ستێرن سەرنجی ئەوەیدا هەموو یەکێك لەو مناڵانە روو لەو لایە دەکەن کەسوخمەی دایکەکانیانی لێدانراوە. ستێرن چەندین جار شوێنی سوخمەکانی گۆری و ئەم دیوو ئەودیوی پێکردن بەلام سەرئەنجامەکان هەریەك بوون؛ واتە کۆرپەکان روویان لەو لایە نەدەکرد کەسوخمەی ژنێکی غەریبی لێدانرابوو بەڵکو روویان لەو لایە دەکرد کەسوخمەی دایکی راستەقینەی خۆیانی لێدانرابوو. دەبێ چ شتێك وا لەمناڵێکی سێ رۆژە بکات کەبۆنی دایکی خۆی لەهەزارەها ژنی دیکە جیابکاتەوە؟

لەتاقیکردنەوەیەکی دیکەدا ستێرن باسی ئەوە دەکات چۆن منالّی کۆرپە توانای ئەوەی هەیە زانیارییەکان لەحاسەیەکەوە (**modalitate**) بۆ یەکێکی دی بگوێزێتەوە. بۆ نموونە لەبینینەوە بۆ تامکردن، یا لەگوێگرتن بۆ بینین ... هتد. ئەم حاڵەتە ستێرن پێ دەڵێ (**amodal perceptions**). مەبەست لەپرۆسەی**Perception** ئەوەیە کاتێك مرۆڤ لەرێگەی هەر پێنج هەستەکەیەوە زانیاری جۆراوجۆر وەردەگرێت و لەرێگەی ئۆرگانەکانی ئەو هەستانەوە ئەو زانیاریانە دەگۆردرێت بۆ جۆرە سیگناڵێك (اشارە) کەرەوانەی مێشك دەکرێت و لەوێدا وەردەگێردرێتە فۆرمێکی دیکەو رەوانەی دەرەوەی مێشك دەکرێت.

لەرێگەی تاقیکردنەوەیەکی دیکەوە ستێرن مەمەو شووشەیەکی دایە منالێکی چاوبەستراوە بۆ ئەوەی بیمژێت. مەمە پلاستیکیەکە لەشێوەی گۆی مەمکی ژندا دروستکرابوو. بەڵام پاش ئەوەی چاوبەستەکەیان لەسەر چاوی کۆرپەکە لابرد دوو مەمەو شووشەیان دایە دەستی؛ کۆنەکەو یەکێکی دیکەش کەهەمان فۆرم و چەشن بوو. پاش کەمێك تێرامان منالەکە کۆنەکەی خۆی هەڵبژاردەوە. ستێرن پێمان دەڵێ ئەو کۆرپەیە ئەگەرچی مەمەو شووشەکەی نەدیبوو بەڵام ناسیەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو ئەو کۆرپەیە توانی



ئەو هەست و زانیاریانەی لەرێگەی مژینەوە (تامکردن) وەریگرتبوو دواتر بیگوێزێتەوە بۆ حاسەی بینین.

لەتیۆرییەکانی ستێرندا کۆمەڵێ دەستکەوتی زۆر نایاب دەبینین کەوامان لێدەکات بڵێین منال زۆر لەوەش بەهەستترە کەئێمە بۆی دەچین؛ بۆ نموونە منال دەتوانێت لەدوو رۆژییەوە لاسایی گەورە بکاتەوە. هەروەها منالی کۆرپە دەتوانێ جولانەوەی دەمولێوو دەنگ بەیەکەوە ببەستێتەوە. بۆیە ئەو منالانە زیاتر پێیان خۆشە تەماشای ئەو دەمە بکەن کەقسە دەکات نەك ئەو دەمولێوەی تەنها دەچولێتەوەو دەنگەکان لەلایەکی دیکەوە دەردەچن. بەشێوەیەکی دی ئەوان پێیان خۆشە شێوەی جولانەوەی دەم لەگەڵ ئەو دەنگەی دەردەچێت هارمۆنی بێت.

گەورەکان زۆرجار جار لەمنالان تێناگەن و لەوە ناگەن بۆ منالێکی دیاریکراو ئەم یا ئەو رەفتارە دەکات. لیندال لەم بوارەدا نموونەیەکی زۆر سەیر لەبارەی دوو منالی کۆرپەی دایەنگاوە دەگێڕێتەوە کەهێشتا فێری قسەکردن نەبوون. دایەنەکە هانا هەڵدەگرێت و دەخاتە سەر مێزێك بۆ ئەوەی دەرپێکەی (حەفازەکەی) بگۆڕێت. هانا دەست بۆ ئەولای مێزەکەوە درێژ دەکات. دایەنەکە لەمە تێناگات و هاناش زیاتر بەهۆڵەوە دێت و دووبارە دەست بۆ ئەو لایە درێژ دەکاتەوەو زۆر بەحەماسەوە

دەڵێ (( دا، دا )). دایەنەکە هەندێ دەستڕی قنگ پاککردنەوە هەڵدەگرێ و لەسەر مێزەکە دایدەنێت. هانا دەسڕێك هەڵدەگرێ و ئەوانی دیکە دەگەڕێنێتە دواوە. هەتا ئێستاش دایەنەکە لەمەبەستی هانا تێناگات بۆیە هەموو دەستڕەکان جارێکی دیکە هەڵدەگرێتەوەو لای خۆیەوە دایدەنێت. هاناش دووبارە دەستڕێك هەڵدەگرێتەوەو بەسەر قنگی خۆیا دێنێت وەك بڵێی خۆی پاك دەکاتەوە. دایەنەکە دەستڕەکە لەهانا دەسەنێتەوەو لەولاوە دایدونێت بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت. دایەنەکە دەرپێیەکی پاك لەپێی هانا دەکات. هاناش زۆر بەسەیرەوە تەماشای دەکات و دووبارە دەڵێ ((دا، دا)). هانا بۆ جاری سێیەم دەستڕێك هەڵدەگرێ و ئەمجارەیان بەسەر دەرپێکەیدا دێنێت وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی دەیەوێت خۆی پاك بکاتەوە. تاوەکو ئێستاش دایەنەکە لەهانا تێناگات. لەکۆتاییدا هانا دەستڕەکەی دەستی بۆ منداڵێکی کۆرپەی دیکە درێژ دەکات کەخۆی پیس کردووە(**Lindahl,1998.P.9**). دەبێ چی شتێك وا لەهانایەکی کۆرپەی بێزمان بکات کەبیەوێ سەرنجی دایەنەکەی بەلای کۆرپەیەکی دیکەدا رابکێشێت بۆ ئەوەی پاکی بکاتەوە؟

ئەمانە هەموو وامان لێدەکەن بڵێین هەر مامەڵەکردنێکی نەشیاوی منداڵی کۆرپە دوور نیە رەنگدانەوەی لەسەر



کەسایەتی ئەو منداڵە بەشێوەیەك بێت کەلەگەورەییدا نیگەرانی بکات و توشی نەخۆشی دەروونی جۆراوجۆری بکات

## فاکتەری ئاین

ئاین یەکێکە لەبنەما سەرەکیەکانی ستروکتوری هەر کۆمەڵگایەك. ئەم بنەمایە بەتایبەت لەرۆژهەڵاتدا تاوەکو ئێستاش رۆڵێکی یەکجار گەورە دەبینێت لەدارِشتني پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، یاساکان، یاسا بنەڕەتیەکان، تێروانیەکانی خەڵك بۆ ژیان، بۆ مەرگ ... هتد

ئەوەی پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەبێت تێروانیني تاکەکانی کۆمەڵگایە بۆ مەرگ. لەکۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا مەرگ شتێکی پیرۆزە چونکە مرۆڤ دەگەرێتەوە بۆ لای خواو دوای رۆژی حیساب ئیدی مرۆڤ لەبەهەشتێکی هەتاییدا دەژێت. لەلایەکی دیکەشەوە مرۆڤ ژیانی ئەو بەهەشتەی لەژیانی سەر زەوی پێ بەنرخترە، بۆیە هەمیشە لەناو کۆڕو کۆبوونەوەکاندا باس لە بێبەهایی ئەم ژیانە دەکات.

منداڵ لەدوای گەورەکانەوە هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات ببێتە خاوەنی هەمان تێروانین و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ

چیدی ئەم ژیانەی بەلاوە هێندە بەئەرزش نەبێت. ترسناکی ئەم بیروبۆچوونە لەوەدایە هەرکات منالٚ خۆی لەکەشوهەوایەکی ناتەندروستدا بینیەوە، بۆ نموونە توشی بێزاری و خەمۆکی هات، توشی گرفتی بەزۆر بەشودان هات، توشی گرفتی ئاشکرابوونی پەیوەندییەکی خۆشەویستی هات، توشی گرفتێك هات لەقوتابخانە .... هتد ئیدی ئەو بیروبۆچوونانە ڕێگە بۆ کاری خۆکوژی خۆش دەکەن. بەدەر لەمەش کاتێك گەورەکان بەو خۆشیە باس لەبەهەشت دەکەن و باسی بێزاری خۆیان لەم ژیانە دەکەن، حەزێك لەناو منالٚدا دروست دەبێت بۆ ئەوەی هەرچی زووتر بەو بەهەشتە شاد بێت یا بیرێك لەلای سەر هەلٚدەدا کەپێی دەلٚێن بیری خۆکوژی، چونکە کاری خۆکوژی بەدەر لەوەی منالٚ دەگەیەنێتە بەهەشت لەو گرفتەش کەخۆی هەیەتی رزگاری دەکات.

ئەم بیری خۆکوژیە کەدواتر پەیامەکان و دواتریش هەولٚەکانی خۆکوژی بەدوادا دێت، لەسەر دوو پایە رادەوەستێت؛ یەکەمیان ئەو هەست و سۆزەیە کەخودی منالٚ بەرامبەر بەدونیای پۆزەتیڤانەی پاش مەرگ هەیانەو دووەمیشیان ئەو تورەیی و بێزارییەیە کەئەوان بەرامبەر بەژیانی نێگەتیڤانەی سەر زەوی هەیانە.



منالٚ لەکاتی گرفت و نەخۆشیە دەروونیەکاندا، لەکاتی شپرزەیی و خەمۆکیدا، لەکاتی تەنگ پێهەلٚچنینی مالٚەوەدا زۆر بەئاسانی هەستی دەربازبوون لەگرفتەکان تیایدا بەرەو ئەوەی دەبات بیرێك لەم بێزارییەو لەو بەهەشتەش بکاتەوە کەمرۆڤ پاش مەرگ پێی دەگات. کاریگەری کولتور بەسەر گرفتی خۆکوژی منالاٚنەوە تەوەرێکی بەربلاٚوەو لەسەر زیاتر لەئاستێك کاری تێدا دەکرێت.

لەلێکۆلٚینەوەیەکدا **Wenesta & wass**،بەراوردی ئەوەیان کردووە کەچۆن منالاٚنی ئەمریکایی و سویدی بیر لەمەرگ دەکەنەوە. ئەم دوو نووسەرە لەئەنجامی لێکۆلٚینەوەکەیاندا گەشتوونەتە ئەو رایە کەبیرکردنەوەکانی هەردوولا بەپێ کولتووەرەکانیان جودا بوون.

بۆ نموونە منالٚە ئەمریکایەکان مەرگیان لەبەرگێکی توندوتیژ ئامێزدا وێنا کردبوو بەو پێیە کۆمەلٚگای ئەمریکایی پرە لەتوندوتیژی و توندوتیژی بەشێکی باش لەبەرنامەی مێدیاکانی ئەوان پێکدێنێت. بەلاٚم منالٚە سویدییەکان بۆ گوزارشکردن لەبیرکردنەوەکانی خۆیان وێنە کلیسا، خاچ، گۆڕستان، تابوتیان کێشابوو(**Tamm,2003.P.140**) چونکە خودی کۆمەلٚگای سویدی کۆمەلٚگایەکی ئارام و تەلەفزیۆنەکانیشیان بەئاراستەیەکی پێچەوانەدا کاردەکەن.

بەهەمان شێوە دەبێ بیرکردنەوەی منالّی کورد لەئاست مەرگدا وەك گەلێکی موسوڵمان جیاوازی لەگەڵ تێروانینی منالاّنی سەر بەئاینەکانی دیکەدا هەبێت. چونکە ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی رۆژانە ئەوە بیری منالّی کورد دەخاتەوە کەمردوو زیندوو دەبێتەوە. بەهەشت و دۆزەخ هەن. خوا بڕیار دەدات ... هتد. بۆیە زۆر قورسە منالّێکی وردی کورد بڵێ مردوو زیندوو نابێتەوە. هەندێك لەو منالاّنەی هەولّی خۆکوژی دەدەن پێیان وایە مرۆڤ دوای مردن زیندوو دەبێتەوە. بۆیە سەلماندنی پێچەوانەی ئەم گریمانەیە لەلای ئەو منالاّنەی خاوەنی بیری خۆکوژین رۆڵێکی گرینگ دەگێڕێ. واتە فاکتەری ئاین یەکێکە لەو فاکتەرە زیندووانەی کاریگەری بەسەر بیرکردنەوەی منالّەوە هەیە.

هەر لەم بوارەدا **Anthony & Bhana** لێکۆڵینەوەیەکیان لەساڵی لەم بوارەدا ساز کردووە بۆ ئەوەی جیاوازی لەنێوان بیرکردنەوەی هەندێ کچی ئەفریقایی ئیسلام و هەندێ کچی نا ئیسلامدا بکەن. ئەوان گەشتوونەتە ئەو رایەی کەگاریگەری ئاین بەسەر کچە ئیسلامەکانەوە لەمەر بیرکردنەوە لەئاستی مەرگدا زۆر بووە **(Tamm,2000,P.40)**. بۆ نموونە منالّە ئیسلامەکان پێیان وابووە مردن کۆتایی دونیا نیەو دەکرێ کەسی مردوو زیندوو بێتەوە بەلاّم پاش ئەوەی



لەتاقیکردنەوەیەك دەردەچێت کە فریشتەکان بەرێوەی دەبەن. هەروەها ئەم دوو نووسەرە ئاماژە بەو نەریت و ریتوال و سێرمۆنیانەش دەکەن کەلەکاتی ناشتني مردووەکاندا بەرێوە دەچێت. بەشێوەیەکی دی لەکاتی تەلقیندا مردوو ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەلاّمی ئەو پرسیارانەی بداتەوە کەفریشتەکان لەو دونیا لێیدەکەن. سەرجەم ئەمانە ئاماژەیەکن بۆ کاریگەری گەورەی ئاین بەسەر کۆمەڵگاو بیرکردنەوەی منالاّنەوە.

## فرۆیدو کەسایەتی منالّ

بەپێی هەموو ئەو تیۆرییە کلاسیکیەکانەی باس لەدەرونشیکاری دەکەن مرۆڤ کەسایەتی تەواوی خۆی بەهەموو بەشەکانەوە لەدەوروبەری پێنج ساڵیدا دروست دەکات. زۆر کەس هەبووە کەباس لەکەسایەتی مرۆڤ بکات بەلاّم فروێد بەمۆدێلێك بۆ شیکردنەوەی کەسایەتی مرۆڤ پێش هەموویان کەوت و ئەو مۆدێلەی ئەو بەدرێژایی مێژو رۆڵی لەبواری لێکۆڵینەوەکاندا بینیوە **(Freud,1986)**. من لێرەدا بەنیازی ئەوە نیم بەدورودرێژی بچمە ناو ئەم مۆدێلەوە. بەلّکو

ئەوەندە باسی لێدەكەم كەهەندێ شتی پێویست بۆ باسەكەم دابین بكات.

مرۆڤ بەپێ مۆدێلەكەی فرۆید لەسێ بەشی سەرەكی پێكهاتووە: من، ئەو، منی باڵا.

ئەو **(ID)** بریتیە لەلاشعوری مرۆڤ و هەموو وزە چەپێنراوەكانی وەكو سێكس، توندوتیژی ... هتد تێدا كۆبۆتەوە. (ئەو) تاقە بەشێكە لەكەسایەتی مرۆڤ كەلەگەڵ لەدایكبوونی مرۆڤدا لەدایك دەبێت. ئەم بەشە بەپێی پرنسیپێك كەفرۆید پێی دەڵێ **(Libido)** كار دەكات **(Jerlang,2006.P.39-43)**. شتێكی ئاشكراشە كەئەم بەشە بەشێوەیەكی مەنتیقی و عەقڵانی كار ناكات و پەیوەندی بەو غەریزانەوە هەیە مرۆڤ لەگەڵ لەدایكبوونیدا لەگەڵ خۆی هێناویەتی. (ئەو) بەشێوەیەكی تەواو سەرجەمی ژیانی منالی كۆرپە كۆنترۆڵ دەكات (دەكرێ هەندێ مرۆڤی گەورەش) چونكە مناڵی كۆرپە دەیەوێ هەموو پێداویستیەكانی خۆی دەستبەجێ دابین بكرێن. بۆ نموونە كاتێك كەمناڵ برسی دەبێت دەبێ ئەم پێداویستیە رەنگدانەوەی خۆی لەسەر باری دەرونی و جەستەیی مناڵ دەبێ و یەكسەر دەس بەگریان دەكات. بۆیە بەمەبەستی تێركردنی ئەو ئارەزووە دەبێ دەسبەجێ خواردنی بۆ ئامادە بكرێت چونكە



مناڵ ناتوانێ لەشتێك تێبگات كەناوی چاوەروانیە یا ناتوانێت تێركردنی پێداویستی و ئارەزووەكانی خۆی بۆ ماوەیەكی دواتر دوابخات.

منی باڵا **(Super ego)** بەشی هەرە گەورەی ئامرازو پرنسیپەكانی (منی باڵا) دەكەوێتە لاشعوری مرۆڤەوە. ئەم بەشە لەلایەن نۆرم و پێوەرەكانی كۆمەڵگاوە كۆنترۆڵ دەكرێت. بەم شێوەیە ئەو سەرخانەی لەناو كۆمەڵگادا دروست دەبێت كاریگەرییەكی راستەوخۆی بەسەر (منی باڵا) دا هەیە. هەر لەم روانگەیەشەوە جۆری پەروەردەكردنی مناڵ و ئەو ژینگەیەی مناڵی تێدا پەروەردە دەبێت دەتوانێ بەشدارییەكی گەورە لەفۆرمۆڵەكردنی (منی باڵا) دا ببینێت. مناڵ لەم قۆناغەدا دەكەوێتە ژێر كاریگەری رێنماییەكانی دایبابیەوەو هەوڵی ئەوە دەدات بەهیچ شێوەیەك لەخۆشەویستی ئەوان بێبەش نەبێت. دایباب و بەتایبەتی هەندێ پێوەری ئەوان لەگەڵ نۆرمەكانی كۆمەڵگادا دەبنە هۆی ئەوەی لەقۆناغێكدا جۆرە ئایدیایەكی نموونەیی لەلای مناڵ دروست بكەن كەفرۆید پێی دەڵێ (منی نموونەیی) **Ego- ideal**. بەشێوەیەكی دی (منی نموونەیی) لەناو نۆرمەكانی كۆمەڵگادا لەدایك دەبێت.

لەراستیدا (منی باڵا) وەكو ویژدانێكی ناوەوەی مرۆڤی كار دەكات. ئەم ویژدانەش هەندێجار دەبێتە هۆی ئەوەی مناڵ

هەست بەپەشیمانی بکات و توشی نائارامی و خەمۆکی بێت. بەشێوەیەکی دی (منی بالاّ) بەرپرسێکی سەرەکیە لەوەی مرۆڤ چ جۆرە بڕوایەکی بەخۆی هەبێت. لە (ئەو) دا کەمناڵ برسی دەبێت بەپێی پرنسیپی چێژ دەبێ ئەو پێداویستیەی یەکسەر بۆ دابین بکرێت ئەگەرنا دەگری. بەلاّم لە (من) دا منالّ دەتوانی چاوەڕێ بکات چونکە پرنسیپی ریالیستی **Reality Principle** بەسەریدا زاڵە. لەم بەشەدا (منی بالاّ) هەر بەچاوەڕوانی کردنەوە ناوەستێت بەڵکو بیر لەوەش دەکاتەوە لەروی هەندێ پرنسیپی ئێتیکی (**Ethic Principle**) و مۆراڵەوە ئەوە لێکداتەوە کەچ ڕێگەیەك بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستیە باشە (**Jerlang,2006.P.39-43**).

من (**Ego**) لەلەلای هەر مرۆڤێك سەخترین و کاریگەرترین رۆڵی هەیە. دەتوانین ئەوە بلێین کە (ئەو ) و (منی بالاّ) هەر یەك بەلایەکدا مرۆڤ رادەکێشن بەلاّم (من) رۆڵی ناوبژیوان لەنێوان ئەو دووەدا دەگێڕێ. بەشێوەیەکی دی (من) لەنێوان غەریزەو ئارەزوەکانی مرۆڤداو فشاری نۆرمەکانی کۆمەڵگا گیری خواردووەو دەبێ بریارێکی عەقلانی بدات چونکە نمایندەکی عەقلی مرۆڤ دەکات. لەلای (من) پرنسیپی ریالیستی جێگەی پرنسیپی چێژ دەگرێتەوە. بۆیە کاتێ کەمناڵ کەبرسی دەبێ و دەگری (منی پایین ) و لەقۆناغێکی دواتردا (من) لەبری گریان



فێری ئەوە دەبێت کەبەووشە گوزارش لەپێداویستی و داواکاریەکانی بکات و فێری چاوەڕوانی دەبێت و ئەوەش فێر دەبێت کەناکرێ هەموو پێداویستیەکان دەسبەجێ دابین بکرێن.

کەواتە (من) زیاتر لەئەرکێکی لەبەردمدایە بۆنموونە: راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان مەرجەکانی واقیع و داخوازییەکانی (منی پایین)، دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان واقیع و فەنتازیا، پاراستنی مرۆڤ لەهەموو جۆرە هەرەشەیەکی ناوەکی و دەرەکی، دابینکردنی داخوازییەکان و تێرکردنی پێداویستی و غەریزەکانی مرۆڤ، هەروەها چارەسەرکردنی گرفتەکانی دیکەی مرۆڤ بەشێوەیەکی واقیعبینانەو عەقلانیانە( **Hwang & Nilsson, 2004.P.37**).

بۆیە (من) یکی بەهێز مانای بریارێکی عەقلانیترو هاوسەنگییەکی دروستر دەگەیەنێت. بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نیە ئەم بریارە هەمیشە عەقلانی و دادپەروەرانەیە چونکە هەندێجار نۆرمەکانی کۆمەڵگا بەسەر ئارەزووەکاندا سەردەکەون بەلاّم هەندێجار بەپێچەوانەیەوە دەبێت. بەلاّم هۆکارو کاریگەری ئەم بریارەی (من) لەواقیعی رۆژانەی منالاّن و هەرزەکاراندا چیە؟

کەواتە (مني بالا) رۆڵێکی گرینگ لەسانسۆرکردنی ئەو شتانەدا دەگێرێ کەدەبێ لە (مني پاين) دا بمێننەوە. (مني بالا) بەدرێژایی قۆناغەکانی گەشەسەندنی منالْ و لەبەر رۆشنایی نۆرمەکانی کۆمەڵگادا دێتە بەرهەم. (مني بالا) ی منالی کورد لەبنەڕەتدا لەکەدارە ، چونکە منالی ئێمە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەنۆرمێکی نێگەتیڤ و خراپ پەروەردە دەکرێن و دوا جاریش ئەو نۆرمانە بریتین لەنەریتێکی دواکەوتووی ناهاوچەرخی ئاوێتەکراو بەکولتورێکی پڕ لەتوندەتیژی. لەم نۆرمانەدا هیچ هاوسەنگییەك لەنێوان مرۆڤەکانی ناو کۆمەڵگادا نابینینەوە و هیچ پێوەرێك باشیش بۆ ئازادی تاکەکەس و دواتریش بۆ پەروەردەکردنی کەسایەتی منالْ نادۆزینەوە.

لەپێناوی دروستکردنی کەسایەتیەکی سەقامگیردا کەبتوانێت گرفتەکان لەرێگەی هاوسەنگیەوە مەهار بکات منالْ پێویستی بەوە هەیە کەخاوەنی (من) ێکی زۆر بەهێز بێت. (من) ێکی بەهێز گوزارش لەوە دەکات کەئەندامەکانی لەش و بیرکردنەوەی منالْ بەهۆی گەشەسەندنەوە بەوەزیفەکانی خۆیان هەڵدەستن (Sköld & Öhlén,P.103). هەندێجار خۆکوژی تاقە ئەڵتەرناتیڤێکە بۆ هەموو ئەوانەی (من) ێکی لاوازیان هەیە.



کاتێك ماڵەوە یا قوتابخانە لەبەرامبەر منالْدا فشارێکی دەرونی پیادە دەکەن کەسایەتی منالْ لەکەدارو بریندار دەکەن. لەبەر ئەوەش کەمنالْ ناتوانێ خۆی کۆنترۆڵ بکات بۆیە دڵرەقی و توندوتیژی گەورەکان لەهەڵسوکەوتەکانیاندا رەنگ دەداتەوە. بۆ ئەوەی منالەکانمان بتوانن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن دەبێ ماڵ و قوتابخانەش یارمەتیان بدەن بۆ ئەوەی خاوەنی "من" ێکی بەهێزبن. بەلام لەزوربەی ماڵەکان و قوتابخانەکانیشدا کار بۆ تێکشکانی ئەو "من"ە دەکرێ کەپێوستە بەهێز بێت. رەنگە یەکێك لەو پرسیارانە ئەوەبن چۆن و چ شتێك ئەو "من" ە بەهێز یا لاواز دەکات؟

یەکێك لەو شتانەی کەلەم بوارەدا گرینگە هاندانی پۆزەتیڤانەیە کە بۆ منالْ و گەورەش یەکجار گرینگە. هەرکات ئێمە پشتیوانی لەیەکێك بکەین و هانی بدەین بەم کارە ئێمە دەبینە هۆی بەهێزترکردنی ئەو "من"ە. بەلام جیاوازیی نێوان هاندانی گەورەکان و منالەکان ئەوەیە دەبێ لەهاندانی منالەکاندا تۆزێك میهرەبانترو سازشکارانەتربین. بەشێوەیەکی دی ئەگەر منالْ کارێکی بچوکیشی کرد دیسانەوە دەبێ پشتیوانی بکەین بۆ ئەوەی کارێکی گەورەتر بکات، ئیدی ئەو کارە باشە هەر چیەك بێت. چونکە من وای بۆ دەچم ئەگەر ماڵەوەو قوتابخانە (یا گەورەکان بەشێوەیەکی

گشتی) ئەم کارە نەکەن ئەوە دەبنە هۆکارێك بۆ لاوازکردنی "من" ی منالْ (کەرۆڵی هاوسەنگی دەگێڕێ) و بەشێوەیەکی تر دەبنە هۆی دروستکردنی شتێکی ترسناك لەلای منالْ ئەویش هەستی بێئومێدی و شەرمەزاریە.

هەندێ جار ماڵەوە لەبری ئەوەی یارمەتیدەرێك بن بۆ کارئاسانی و پشتیوانیکردنی منالەکانیان، بەپێچەوانەوە دەبنە بارگرانی و هۆکاری فشار بۆیان. لێرەدا گرینگە ئاماژە بەوە بکەین کەمناڵن هەندێ جار گرفتەکان زۆر بەقورسی وەردەگرن و لەوانەیە گرفتێکی زۆر بچوك لەلایان ببێتە گەورەترین گرفت و هەر کاتێکیش لەدۆزینەوەی چارەسەرێکدا شکستیان هێنا پەنا دەبەنە بەر رێگاچارەیەکی زۆر ترسناك کەدوور نیە خۆکوژی بێت.

کچێکی ١١ سالە بەهۆی دایکیەوە لەقوتابخانەدا توشی چەندەها گرفتی دەروونی ببوو. ئەو منالە هیچی نەدەدرکاندو جگە لەخۆشەویستی بۆ دایکی هیچ گلەیی و گازندەیەکی نەبوو، بەلام من مەبەستم بوو کەمێك زیاتر لەگرفتی ئەو منالە تێبگەم. پاش چەندین جار گفتوگۆکردن لەگەڵ دایکیدا گەشتمە ئەو سەرئەنجامەی کەگرفتی ئەو دایکە ئەوەبوو هەر شتێکی بچوك لەناو قوتابخانەدا رووبدایە دەبوو لەرێگەی منالەکەیەوە بیزانیبایەو ئیدی ئەو دەیکرد بەگرفتێکی گەورە



بۆ منالەکەی. بۆ نموونە هەر شتێکی بچوك رووبدایە ئەو دایکە هەزارویەك ئەگەر و پرسیاری دەخستە بەردەم ئەو منالەو بۆشی دیاری دەکرد چی بکات یا نەیکات. بەهۆی کردارەکانی دایکیەوە پەیوەندییەکانی ئەم کچە بەهاوپۆلەکانیەوە تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو، چونکە ئەو کچە بەقسەی دایکی دەکرد و سکالای لەدەست هاورێکانی دەکردو مامۆستاکانیش لەبەر ئەمە ناچار بوون لەخوێندکارەکانی دیکە توڕەبن و ...هتد. ئەم کارانە بووە هۆی تێکچوونی پەیوەندی ئەو کچە لەگەڵ هاوپۆلەکانیدا. ئەم کارەش تارادەیەك ئاسایی بوو چونکە بەهۆی سکالاکانی ئەوەوە هاوپۆلەکانی هەندێ جار توشی قسە دەبوون.

من پێم وایە ئەو دایکە بۆ منالەکەی خۆی ببووە مایەی گرفتێکی گەورە. لەم حالەتەدا هەردووکیان رۆڵەکەی خۆیان گۆریبۆوە، منالەکە ببووە دایکێکی بێدەنگ و دایکەکەش ببووە منالێکی خراپ. ئەو منالە هەر لەئێستاوە خەمێکی گەورەی لێبارکرابوو کە نەکاری ئەو بوو نەتواناى هەڵگرتنیشی هەبوو. بۆیە ئاسۆیەکی گەشم لەبەردەمدا نەدەبيني و بەڕێرەوێکدا دەڕۆشت کەلەدڵەوە پێمخۆش نەبوو پێیدا بڕوات. بەردەوامی ئەم حالەتە بووە هۆی لاوازی کەسایەتی ئەو منالە کەنەیدەتوانی بەتەنیا هیچ شتێك بەئەنجام بگەیەنێت.

هەمیشە هەستی بەوە دەکرد یەکێك چاودێری دەکات و ڕێنمایی دەکات. بەشێوەیەکی دیکە (من) ی ئەو منالە توانای ئەوەی نەبوو ڕۆڵی هاوسەنگی لەنێوان (منی بالا) و (منی پاین) دا بگێڕێ.

لەلایەکی دیکەوە هەرچەندە هاندان و پشتیوانیکردنی مناڵ کەم بێت، کەسایەتی مناڵ لاوازتر دەبێت، بڕوای بەخۆی کەمتر دەبێت، هەستی بێئومێدی و شەرمەزاری بەهێزتر دەبێت و ئەگەری ئەوەش هەیە ئەم بێئومێدیە باڵ بەسەر ژیانی مناڵدا بکێشێت و دواجاریش سیماکانی خۆکوژی زیاتر گەشە بکەن. هەر کاتێکیش ئەمە لەژیانی مناڵدا بەرجەستە بوو ئەوە فاکتەرێکی مەترسیناکتر لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کەمناڵ بەرامبەر بەخۆی هەست بەناڕەزایی دەکات. قوڵبوونەوەی ئەم کەشە دەرونیەش فاکتەرێکی لەوەش ترسناکتر دێنتە ژیانی منالەوە ئەویش رق لەخۆبوونە. با تۆزێك لەو هەستی بێئومێدی و شەرمەزاریە ورد ببینەوە

چ مالەوەو چ قوتابخانەش بەشێوەیەکی زۆر پەنا دەبەنە بەر شێوازە جۆراوجۆرەکانی هەراسانکردن کەلەئەنجامدا بۆ من یەك شت دەگەیەنن ئەویش لاوازکردنی منالە کەلەوانەیە منال بگەیەننە ئەم گرفتەی خوارەوە.



گەورەکان زۆر جار مناڵ توشی شەرمەزاری و بێئومێدی دەکەن. بۆ نموونە کاتێك مناڵ کارێك بەباشی (لەڕوانگەی گەورەکانەوە) ئەنجام نادەن. لەبری ئەوەی پێی بلێین ((زۆر باشە. بەلام دەکرێ جاری داهاتوو ئاوا بکەیت بۆ ئەوەی هەنگاوێکی تر بچیتە پێشەوە)) بۆ ئەوەی کەسایەتی بەهێزتر بکەین. کەچی بەپێچەوانەوە پێی دەڵێن ((ئەمە زۆر خراپە. باش نیە. ئەمە هیچ نیە. فلانەکەس وا باشی کردووە. فلانە هاوڕێت دوو ئەوەندەی کردووە. خەتەکەت ناشیرینە. مامۆستا ئێستا پێت دەڵێ ئەمە زۆر ناشیرینە .... هتد)). ئەم کارە چ لەماڵەوەو چ لەناو قوتابخانەشدا ڕوودەدەن. ئەم کارانە ئەگەرچی زۆر سادەشن بەلام دەبنە هۆی شکانەوەیەکی ناڕاستەوخۆی مناڵ و فشارێك بۆ سەریان دروست دەکات کەدواجار ئێمە لەلابردنی یا کەمکردنەوەیدا چ وەکو خێزان و چ وەکو قوتابخانەش بەئەگەری زۆر هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕین و هەوڵیشی بۆ نادەین. بەڵکو ئەو کارە بۆخۆدی منالن بەجێ دێلین کەلەدواییدا ئەوان توانای ئەوەیان نابێت بەرگەی بگرن. لەئەنجامی کەڵەکەبوونی چەندین حاڵەتی جۆراوجۆرەوە مناڵ دەگاتە ئەوەی خۆی لەناو کەش و هەوایەکی ئەوتۆدا ببینێتەوە کە نەلەخۆی ڕازییەو نە خۆشی لەلا پەسەندە.

ئەم گرفتانەی مناڵ تا بلێی لەڕوانگەی خودی مناڵەوە ( نەك ئێمە) گەورەن. بۆیە مناڵ دواتر هەستی شەرمەزاری و کەمتەرخەمی لەلا دروست دەبێ چونکە ئەوەی نەکردووە کەماڵەوە، مامۆستا یا دەوروپشتەکەی ویستویانە. بەپێی بۆچوونی خودی مناڵن دەوروپشت یا بەشێوەیەکی سەرەکی ماڵەوەو قوتابخانە وەکو مۆدێلێکی ژیان وان بۆ ئەوان و ڕۆڵێکی گەورە لەژیانی ئەواندا دەگێڕن.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەروونی و پەروەردەییانە لەکۆمەڵگای ئێمەدا مناڵ لەزوربەی حاڵەتەکاندا تەنها پشت بەخۆی دەبەستێ. خۆشی لەحاڵەتێك دایە بڕوابوونی بەخۆی (**Self- Confidence**) کزبووە لەبەر ئەوە توشی حاڵەتی ناڕازیبوون و ناپەسەندبوونی خۆی بووە. بۆیە لەبەردەوامیدا رقی لەخۆی دەبێتەوەو (**Self-contempt**) بەرامبەر بەزۆر رووداو شەرم دایدەگرێت. مناڵ بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم گرفتە بکات و دڵی گەورەکان رازی بکات و لەهەمان کاتیشدا بەرگری لەخۆی بکات پەنا بۆ زۆر شتی نادروست دەبات وەکو درۆ، دزی، پینەکردنی شتەکان ... هتد.

هەنگاوی دروست ئەوەیە مناڵ دان بەهەڵەکانی خۆیدا بنێت یا ئەگەر کارێکی نەکردووە بەڕوونی دانی پێدا بنێ کەنەیکردووە. بەڵام مناڵەکانی ئێمە لەبری ئەمە پاساو بۆ هەموو شتەکان



دێننەوەو هەموو خەتاکانی خۆشیان دەخەنە ملی کەسانی ترو میکانیزمی بەرگریکردن (**Defence Mechanism**) لەلایان گەشە دەستێنێ. بۆ نموونە بۆ پاساو هێنانەوەی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی قوتابخانە بەمامۆستا دەڵێ: ((میوانمان هەبوو، لەمیوانی بووین، لەگەڵ دایکم لەنەخۆشخانە بووین، لەگەڵ باوکم بۆ بازاڕ چووم ... هتد)). یا بەماڵەوە دەڵێ: ((مامۆستا غەدری لێکردم، مامۆستا نەیهێشت، مامۆستا تەنها لەمن توڕە بوو بەڵام خەتای منیش نەبوو ... هتد)). من پێم وایە گەورەکان لەم مەسەلەیەدا یەکەمین گوناهبارن چونکە ئەوان پاڵ بەمناڵانەوە دەنێن کەدرۆ بکەن و پاساوی درۆزنانە بهێننەوە.

هەر کات ئەم رق لەخۆبوونە بگاتە رادەیەکی سەخت دوور نیە مناڵ بۆ دەربازبوون لەم دڵەڕاوکێیە خۆی بکوژێت. ئێمە هەستی پێناکەین بەڵام خودی مناڵ لەبەردەوامبوونی ئەو حاڵەتە بێزار دەبێت و پەنا بۆ چارەسەری (خۆکوشتن) دەبات کەنازانێت ئاکامەکەی بەو شێوەیەیە کەئێمە دەیزانین یا لەباشترین حاڵەتدا نازانێت ئاکامەکەی چۆن دەکەوێتەوە. من پێم وایە ئەگەر مناڵەکان کەسایەتیەکی بەهێزیان هەبوایەو ئێمە فێری بوێری و راستگۆیمان بکردنایە. ئەوە لەکاتی گرفتەکانی خۆیاندا بوێری ئەوەیان تێدا دەبوو بەبێ ترس باسی

ئەو گرفتانەیان بۆ بکردینایەو بەشی هەرە زۆری ئەوانیش بەئەگەری زۆر خۆیان نەدەکوشت.

بەڵام بۆماڵەوەو قوتابخانە منالٚ دەشکێننەوەو لێیان دەدەن ئەوە چەندین هۆکاری هەیە کەیەکێکیان نارٍەحەتی منالٚە. بۆ منالٚ نارٍەحەتە ئەویش چەندین هۆکاری هەیە کەلەم وتارەدا جێگەیان نابێتەوە (**Nilzon,1999.P.90**).

مەبەستی من لێرەدا نەئەوەیە هەموو ئەو حالٚەتی خۆکوژییانەی ناو قوتابخانەکان بۆ ئەم هۆکارە کورت بکەمەوەو نەمەبەستیشم ئەوەیە کەس تاوانبار بکەم، بەڵام دەلێم ئەمە یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کەپالٚ بەمنالٚنەوە دەنێت کاری خۆکوژی بکەن. بەڵام راستکردنەوەی ئەم هەنگاوە لەئەستۆی کێدایە، ماڵەوە، قوتابخانە یا کۆی سیستمی پەروەردەیی و کۆمەلآیەتی کوردستان ؟

## پێکەوەنانی کەسایەتی منالٚ

نووسەرە جوداکان لەم بوارەدا باس لەقۆناغی جیاواز جیاواز دەکەن. هەندێك گرینگیەکی زیاد دەدەن بەقۆناغی ٤ مانگی تا



٣ سالٚی و پێیان وایە ئەم قۆناغە دەبێ زۆر بەوریاییەوە مامەلٚەی لەگەلٚدا بکرێ. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی کەپێیان وایە منالٚ بەر لەیەك دوو سالٚ هەست بەزۆر شت ناکات، زۆر نووسەرو دەروناس باس لەوە دەکەن کەمنالٚ لەتەمەنی چەند مانگیەوە هەست بەزۆر شت دەکات کەئێمەی گەورە پێمان سەیرە چۆنکە منالٚ لەو تەمەنەدا هەست بەو شتانە دەکات.**Marita Lindahl** لەکتێبێکدا سەبارەت بەتایبەتمەندێتیەکانی منالٚی کۆرپە گەشتێکی بەرفراوانی بەنێو ژمارەیەکی زۆری لەو لێکۆلٚینە تازانەدا کردووە کەباس لەم مەسەلەیە دەکەن. هەندێ نموونەی ئەو کتێبە باس لەوە دەکەن کەمنالٚی چوار مانگەش توانایەکی زۆر باشی بۆ پەیداکردنی جۆرە کۆمۆنیکاسیۆنێك لەگەلٚ گەورەکاندا هەیە. بەهەمان شێوە کۆرپەکان توانای ئەوەیان هەیە گەورەکان لەوشتانە ئاگادار بکەنەوە کەبەخراپی دەزانن یا نارٍەحەتیان دەکات (**Lindahl,1998**)

قۆناغێکی گرینگی دیکە قۆناغی ٩ سالٚیە کەلە لێکۆلٚینەوەکاندا بەقەیرانی نۆ سالی ناو دەبرێ. لەمەش بترازێ قۆناغی هەرزەکارییە کەتا بلێی بۆ خودی منالٚەکان قۆناعێکی هەستیارو بۆ دایبابەکانیش قۆناغێکە پرٍ لەگرفت. چونکە لەم قۆناغەدا منالٚ بەشێوەیەکی جودا لەگەورەکان خەریکی

دروستکردنی کەسایەتی خۆیەتی. بەڵام گەورەکان ناتوانن ئەو هێڵە گشتیە قبوڵ بکەن و لەکۆمەڵگای ئێمەشدا هیچ جۆرە تێگەشتنێك لەبارەی ئەو هەرزەکارانەوە نیە. ئەم گرفتە لەزوریەی ماڵەکاندا دەبێتە مایەی قەیرانێکی گەورە بۆ هەرزەکاران.

لەم کاتەدا هەندێ لەدایبابەکان لەبێئاگاییەوە لەدژی مناڵەکانیان کاردەکەن. توێژەرەکان پێیان وایە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم خەسلەتە لەداهاتووشدا لەناخی مناڵەکاندا بمێنێ و لەشێوەی بەربەستێکی دەروونی یا رێگرێکدا بەرجەستە ببێ کەلەناخەوە رێگە لەدروستبوونی کەسایەتیەکی سەربەخۆی مناڵن بگرێ **(Sköld & Öhlen,1985.P.100)** شکانەوەی مناڵ هۆکارێکی تری راستەوخۆیە بۆ خۆکوژی. چونکە لەکاتی شکانەوەو تەریقبوونەوەدا کەدوو خەسڵەتی ماڵ و قوتابخانەکانی ئێمەن و برپرەی سیستمی پەروەردەیی ئێمەیە. مناڵ بەقەیرانێکی دەرونی تا بلێی سەختدا تێپەڕ دەبێت. خێزانی کوردستانی تەنانەت هەست بەو قەیرانەش ناکەن. بۆیە زۆر جاریش واز لەمناڵەکە ناهێنن بەڵکو لەرێگەی هەندێ قسەو ئاکارەوە بارودۆخی مناڵەکە خراپتر دەکەن. کچێکی ١٣ ساڵە بەم جۆرە



گوزارش لەمەینەتیەکانی خۆی دەکات **( Köld &] Öhlen, 1985. P.91 )**:

(( من دەمەوێ بمرم. دایکم دەڵێ من هیچ نازانم و مێشکم کای تێدایەو لەداهاتووشدا شو بەپیاوێکی گەمژە دەکەم. دایکم پارەکانی خۆمم لێدەستێنێ لەبەر ئەوەی مێشکم کای تیایە. ئەو هیچ متمانەیەکی بەمن نیە.... ))

وشەی لەم بابەتانە یەکجار زۆرن لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا. بۆ نموونە بەمناڵ دەڵێن بێ ئەقڵ، کەر، حەیوان، کەللەپوچ، مێشکت بەتاڵە، تا بمری فێری هیچ نابیت، ... هتد. مەترسیە گەورەکەش لەوەدایە ئەگەر مناڵێك بڵێ خۆم دەکوژم بڕوای پێناکرێ و بەهیچ شێوەیەك قسەکانی بەهەند وەرناگیرێت.

گرفتی سەختی بەشی هەرە زۆری لاوەکان لەم قۆناغەدا دەست پێدەکات. ئەمە ئەگەر لەمناڵیەوە چرۆی نەکردبێت. روخانی کەسایەتی مناڵ هۆکارێکی راستەو خۆیە بۆ کاری خۆکوژی. چونکە ئەم روخانە دەبێتە هۆی ترس و نیگەرانی و پەرێشانی و ..... هتد کەسەرجەمیان پێویستیان بەچارەسەر هەیەو ئەو چارەسەرانەش نەلەسیستمی پەروەردەیی و نە لەسیستمی پزیشکی ئێمەدا چارەسەریان بۆ نادۆزرێتەوە. بۆ ئەوەی مناڵەکان لەبەشێکی ئەم گرفتانە رزگاریان ببێت دەست بەخۆکوژی دەکەن.

# خێزان

کاتێ منداڵێك خۆی دەکوژێ بەبێ شك گوناهی خۆی تێدا نیە. لێرەدا دەکرێ قوتابخانەو ماڵەوە وەکو یەك گوناهبارین و دەشکرێ تەنها لایەنێکیان گوناهبارین. بەڵام دەشکرێ کەسیان گوناهبار نەبن. منداڵ زۆر جار لەبەر چەندین هۆ لەژێر فشارێکی دەروونی سەختدا قەرار دەگرێ. ئەم فشارە زۆر جار ماڵەوە دروستی دەکەن بەبێ ئەوەی سەرنجی سیماکانی ئەو فشارە بدەن و زۆر جاریش لەبێئاگاییەوە ئەم کارە ئەنجام دەدەن. هەمووومان لەژێر سایەی سیستمێکی رۆژهەڵاتی دواکەوتووی توندوتیژدا پەروەردە بووین کەتا نەکەوینە بارودۆخێکی پێچەوانەوە ناتوانین هەست بەمەترسیەکانی بکەین. زۆر لێکۆڵینەوە ئەوەیان سەلماندووە کەمنداڵ لەلاساییکردنەوەی کردارو رەوشتە نێگەتیڤەکانی گەورەکاندا زیرەکی دەنوێنێ یا



بەلایەنی کەمەوە هەمان ئەو ریاکسۆنانە دووبارە دەکاتەوە کەگەورەکان لەبەرامبەر کردارێکی دیاریکراودا دەینوێنن. چۆن منداڵ ئەم کارە لەبێئاگاییەوە دەکات، خێزانیش بەهەمان شێوە فشارەکانی خۆی لەسەر منداڵ زۆر جار لەبێئاگاییەوە زیاد دەکات. لێرەدا دەبێ قوتابخانە سنوری ئەرکە کلاسیکیەکانی خۆی تێپەڕێنێ و هونەرێکی نوێ لەناو ماڵەکاندا بنوێنێ. بەشێوەیەکی دی دەبێ خێزان لەخەتەری ئەو فشارە دەروونیانە وریا بکاتەوە. بەڵام لێرەدا لەوانەیە یەکێك بەوە بەرپەرچمان بداتەوە کەخودی قوتابخانەو تەنانەت زانکۆکانیش بەشدارن لەبەرهەمێنانی ئەو فشارو توندوتیژیەدا ئیدی چۆن قوتابخانە دەتوانێ ئەو پەیامە بەماڵەکان رابگەیەنێت؟.

لێرەدا ناچارین راستی ئەو جۆرە بۆچوونانە بسەلمێنین چونکە قوتابخانە دەبێ رۆڵی یەکجار گرینگتر ببینێ و مامۆستاکان دەبێ شێوەکارێکی دیکە بکەن و بەشێوازێکی دیکە چارەسەری گرفتەکان بکەن. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە مامۆستا چی بکات ئەگەر لەسایەی سیستمێکی پەروەردەیی زۆر دواکەوتوودا بخوێنێت و کار بکات و ئەو سیستمەش توانای نەبێت کەرەسەکانی کارکردن بۆ مامۆستا دابین بکات. بەشێوەیەکی دی مامۆستا کۆمەڵێ زانستی کۆنی پێدەخوێندرێت و فرێ دەدرێتە ناو قوتابخانەوە کەجیهانێکە پڕ

لەداهێنان و بەهەشتێکە پڕ لەگرفت کەخودی گەورەکان ئاڵۆزی دەکەن.

هۆکارەکانی خۆکوژی مناڵان تەنها خۆیان لەهۆکارە دەرونیە راستوخۆکاندا نابیننەوە. بەڵکو کۆمەڵێ هۆکاری تریش دەگرێتەوە کەسەرئەنجامەکانیان هۆکاری دەرونی دەخەنەوە. لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بۆ یەکێك لەهۆکارە هەرە زەقەکان بکەین کەخۆی لەبەکارهێنانی توندوتیژی و هەراسانکردنی خوێندکارەکاندا دەبینێتەوە. بەکارهێنانی توندوتیژی چ لەناو قوتابخانەکان و چ لەناو ماڵەکانیشدا. چ ئەو زەبرو زەنگەی لەلایەن قوتابخانەکانەوە پیادە دەکرێ چ ئەوەش کەخوێندکارەکان بەرامبەر بەیەکتر پیادەی دەکەن. هەر هەموویان هۆکارێکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆن بۆ کاری خۆکوژی.

کاتێك مناڵان توشی گرفتێك دەبن. جا ئەو گرفتە نەخوێندن بێت. یا پیسی و پۆخڵی. یا شەرکردن و بزێوی بێت. ئەوە بەشی هەرە زۆری قوتابخانەو ماڵەکان پەنا دەبەنە بەر هەراسانکردن. ئەمڕۆ چەندین شێوازی پەروەردەیی نوێ هەن بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لەو گرفتانە (بەشەکەی تریشیان لەبنەرەتدا گرفت نین بەڵام قوتابخانەکانی ئێمە کردویانە بەگرفت بۆ خۆیان) بەڵام لەبەر ئەوەی وەزارەتی پەروەردەو زانکۆکان دەستیان بەو



شێوازە نوێیانە رانەگەیشتووەو نەیانتوانیوە بیخەنە بەر دەستی مامۆستاکان. بۆیە سەرجەمی قوتابخانەکان لەپیادەکردنی زبروزەنگدا وەکو شێوازێکی چارەسەرکردن درێغیان نەکردووە. دایبابەکانیش بەهەمان شێوە هەمان شێواز بۆ پەروەردەکردنی مناڵەکانیان بەکاردێنن. لەوانەیە هەندێ کەس رەخنەی ئەوەمان لێبگرن کەئێمە لێرەدا بەهەمان چاو تەماشای ماڵ و قوتابخانە دەکەین. بەڵام من ناچارم بەم شێوەیە باسیان بکەم چونکە هەندێ جار بەشێك لەماڵەکان (بەتایبەت ئەوانەی خاوەنی ئاستێکی رۆشنبیری بەرزن) بەشێوەیەکی زۆر پەروەردەییانەتر لەقوتابخانە مناڵەکانی خۆیان پەروەردە دەکەن.

کاتێك کەمناڵ رووبەروی لێدان دەبێتەوە ئەوە باش دەزانێت کەناتوانێت بەرهەڵستی مامۆستاکەی یا دایبابەکەی بکات. بۆیە ناچار هەموو خەمەکانی دەباتە ناخەوەو تەنانەت بەشێکی کەم یا زۆری ئەو مناڵانە ناتوانن ئەو خەمانە بۆ کەسانی دیکەش بیدرکێنن چونکە کەسێك شك نابەن بەتەنگیانەوە بێت. راستە دایبابەکان ناسەر ئێسقان مناڵەکانی خۆیان خۆش دەوێت. بەڵام ئەگەر لەروانگەی کاریگەرییە پەروەردەییەکانەوە تەماشای ئەو خۆشەویستیە بکەین ئەوە خۆشەویستیەکی زۆر بێکەڵکە و دەتوانم بڵێم

نەك منداڵەكانی خۆیان خۆش ناوێت بەڵكو رقیشیان لێیانە. كاتێك منداڵێك خەمەكان دەباتە ناخەوە گرێیەك لەناخیدا دروست دەبێت چارەسەرەكەی بەوە دەبێت دەسەڵاتێك لەو مەیدانەدا بۆ خۆی دروست بكات. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو منداڵە هەرگیز ناتوانێت لەناو كۆمەڵگای ئێمەدا ئەو جۆرە دەسەڵاتە بەرجەستە بكات بۆیە خەمەكانی گەورە دەبن و لەخاڵێكدا منداڵ شپرزە دەبێ و وای لێدێت لەساتەوەختێكدا خۆكوشتن بەرێگاچارەیەك و چارەسەرێكی باش بزانێت. ئەم گرفتە لەناو ماڵەكانیشدا بەهەمان شێوە هەیە بۆیە هەندێ منداڵ لەبەرامبەر هەڕەشەی دایبابەكانیاندا ((پێویست ناكات تۆ بمكوژیت، من خۆم ئەو كارە دەكەم))

بیركردنەوەو ئاستی رۆشنبیری خێزان رۆڵێكی یەكجار گەورە دەگێڕن.بۆ نموونە دایبابەكان چۆن دەڕواننە قوتابخانە، فێربوون، دیاردە كۆمەڵایەتیەكان، مرۆڤایەتی، منداڵان، ڕێزگرتنی هاوتەریب، تۆلێرانس ... هتد. بەهەمان شێوەش بێئومێدی و بۆچوونە نێگەتیڤەكانی دیوی ناوەوەی خێزان كار لەتێڕوانینەكانی دەرەوەی خێزان دەكەن. بەشێوەیەكی دی كاریگەری خۆیان لەسەر جۆری مامەڵەكردنی رۆژانەی خێزان لەبەرامبەر كەس و رووداوو دیاردە هەمەجۆرەكان بەجێدێڵن. وەك دەرئەنجامی ئەم حاڵەتە خێزانی كوردستانی زۆر بەدەگمەن مامەڵەیەكی ئەرێنی



لەگەڵ سیماكانی خۆكوژی منداڵاندا دەكات. تاوەكو ئێستاش خێزانی كوردستانی بەشێوەیەكی زۆر نێگەتیڤانە تەماشای هەندێ گرفتی منداڵان دەكاو بەشێوەیەكی زۆر خراپیش چارەسەریان دەكات. ئەگەر منداڵێك خۆی لەقوتابخانە بدزێتەوە، نەیەوێ تێكەڵ بەمنداڵی دیكە ببێ، گۆشەگیر بێت، خەمبار بێت، بەهیچ شێوەیەك نەیەوێت باسی قوتابخانە بكات، بەجلی قوراوییەوە بگەڕێتە ماڵەوە ... هتد. سەرجەمی ئەم حاڵەتانە بەشێوەیەكی زۆر خراپ لەلایەن ماڵ و دەزگاكانی دەوڵەتیشەوە چارەسەر دەكرێن.

## تێڕوانینەكانی خودی منداڵ

هەركاتێك چاوەڕوانی منداڵ لەگەورەكان هەرەسی هێنا، بەڕای لازارۆس منداڵ توشی ترس و نیگەرانی دەبێ. بەڵام تاچەند منداڵ بەرگەی ئەو ترس و نیگەرانیانە دەگرێ؟

لەبەر رۆشنایی هەندێ لێكۆڵینەوە كەكۆن نین ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەتێڕوانینە پۆزەتیڤەكانی خودی منداڵانەوە هەیە. بەشێوەیەكی دی ئەگەر منداڵ بەرامبەر

بەگەورەکان خاوەنی تێروانینێکی پۆزەتیڤ بوو ئەوە بەو ئاسانیە ناڕوخێ و بیر لەخۆکوژی ناکاتەوەو ناتوانێت پلان بۆ کارێکی واش دابڕێژێت. بەتێروانین لەواقیعی ئێمە بەشی هەرە زۆری منالانی کورد ئەگەر لەقۆناغی منالّیشدا بەرامبەر بەگەورەکان خاوەنی تێروانینێکی پۆزەتیڤ بووبن ، ئەوە بەهۆی ئەو شێوازە پەروەردەییە نالەبارەوە کەگەورەکان لەمالّ و قوتابخانەکاندا پیادەی دەکەن منالّ چاوەروانی و تێروانینەکانی خۆی بەرامبەر بەگەورەکان دەگۆڕێت.

+ ئایا باوك، دایك، براو خۆشکە گەورەکانی خۆتان خۆش دەوێ؟ ئەمە پرسیارێك بوو لەدیدارێکدا ئاراستەی کۆمەڵێ خوێندکاری سەرەتاییم کرد. وەلامی زوربەیان بەڵێ بوو. بەلام بەوردبوونەوە لەگەڵیاندا زوربەیان بەرامبەر بەوان (بەدەر لەفاکتەرە بایەلۆژیەکە) خاوەنی تێروانینێکی پۆزەتیڤ نەبوون. بەش بەحالّی خۆم هۆکارێکی سەرەکی ئەم حالّەتە بۆ هەڵسوکەوتی نامۆدێرنی مالّەوە دەگەڕێنمەوە. بەلام پێویستیشە ئەوە یاداشت بکەم کەمنالان پێویستیان بەوە نیە بەهەمان قۆناغ و هەمان نائومێدی و ناخۆشیدا تێپەر بن کەباوك و دایك و مامۆستاکانیان پێیدا تێپەربوون.

بەشی هەرە زۆری خێزانەکان منالّەکانی خۆیان تا سەر ئێسقان خۆش دەوێ، بەلام لەلایەکی ترەوە ئەوان بەشێوەیەکی



ئەکتیڤ منالّەکانی خۆیان دەخەنە ناو قەیرانی دەرونی گەورەوەو بنەماکانی ئازاردانی دەرونی و هەندێجار تەنانەت خۆکوژیشیان بۆ دەڕخسێنن. بەهۆی ئەو پەروەردەیەوە منالّ جار دوای جار پەیامی خۆکوژی رەوانەی دەوروبەرەکەی دەکات و هەندێ جاریش پەردە لەسەر هەوڵەکانی خۆکوژی خۆی لادەبات. ئەوەی قوتابخانەو سیستمی پەروەردەییش دەیکات تەنها خێراترکردنەوەی پرۆسەی خۆکوژێکەیە. ئەم هەڵسوکەوتانەی مالّەوە لەوانەیە بەشێوەیەکی بێئاگایی ئەنجام بدرێن بەلام قوتابخانە هەرگیز نابێ لەو مەسەلەیە بێئاگابێت کەدەیکات.

ئەنجامی هەندێ لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن لەکاتی قوڵبوونەوەی گرفتەکاندا منالان پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن چونکە هەست دەکەن خۆکوژی رێگاچارەیەکی باشە بۆ ئەو گرفتانە. هەندێ جاریش منالّ لەترسی رووبەرووبوونەوەی کەسێك یا حالّەتێکدا دەست بەخۆکوژی دەکەن. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەین کەبیرکردنەوەکانی منالّ زۆر سنوردارن، بۆ نموونە هەرکات مالّەوە بەمنالّ بلێن (( ئەگەر بگەرێیتە مالّەوە دەتکوژین چونکە .... کردووە)) ئەوە هەندێکیان ئەم هەرەشەیە بەراست دەزانن و بۆ رزگار بوون لەو هەڕەشەیە لەوانەیە خۆیان بکوژن.

## بیبەهاکردنی شکۆمەندیی منالاٚن

هۆکارێکی دیکەی خۆکوژی کاتێك قەرار دەگرێ کەگەورەکان سنوری کەرامەتی منالّەکان دەبەزێنن. بەشێك لەو منالاٚنەی خۆیان دەکوژن بەهۆی شکانەوەیان لەبەرامبەر هاوڕێکانیان ئەو کارە دەکەن. بۆیە هیچ پێم سەیر نیە کاتێك گەورەیەك بەشێوەیەکی سیستماتیك و جار لەدوای جار منالّێ لەبەردەم کەسانی دیکەدا هەراسان دەکات و کەرامەتی بریندار دەکات پەنا بۆ خۆکوژی ببات. ئەم حالّەتە هەندێ جار تێکەل بەترساندن و تۆقاندنی منالاٚن دەبێت کەدەبنە هۆی رەخساندنی هەلێکی گەورەتر بۆ خۆکوژی. ئالێرەوە دەمەوێ بلێم زۆرێك لەحالّەتەکان بەئاسانی چارەسەر دەکرێن ئەگەر بێت و گەورەکان تێروانینیان بۆ هەندێ شت بگۆڕن بۆ نموونە تاقیکردنەوەکان. کاتێك (ژ) لەچەند وانەیەك دەکەوێت



قوتابخانە بڕیاری ئەوە دەدات کەکارتەکەی نەداتە خۆی بەلّکو مالّەوەیان دەبێ لەقوتابخانە وەریبگرن. ئەم بانگکردنی مالّەوەیە بۆخۆی لەسەر چەندین ئاست گرفتی دەرونی گەورە بۆ ئەم منالە یا هەر منالّێکی تر دروست دەکات، چونکە لەلایەکەوە منالّ لەبەردەم هاوڕێکانیدا بەشێوەیەکی بێسنور دەشکێتەوەو تەریق دەبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو منالّە خۆی بۆ سزا ئامادە دەکات بەلاّم ئێمە نازانین چ سزایەك لەمالّەوە چاوەڕوانی ئەم منالّە دەکات. گرفتەکە بەشێوەیەکی گشتی خۆی لەتێڕوانینی قوتابخانەکاندا دەبینێتەوە کەچۆن تەماشای تاقیکردنەوەکان دەکەن. من نازانم مامۆستاکان بڕوا دەکەن یا نا بەلاّم تاوەکو ئێستا چەندین خوێندکار بەشێوەیەکی زۆر ترسناك ئامێز باسی فۆبیای تاقیکرنەوەکانیان بۆکردووم. من دواتر دەگەڕێمەوە سەر گرفتی (ژ) و بەدووروریژتر لەسەری رادەوەستم.

من پێم وایە ئەگەر قوتابخانە لەجۆری بیرکردنەوەی خوێندکارەکانی خۆی گەشتباو لەرووی پەروەدەشەوە زانستی تەواوی لەبەردەستدا هەبوایە ئەو کارەی هەرگیز نەدەکرد. چونکە لەکاتی هەر شکانەوەیەدا منالّ گرفتەکان زۆر بەجیدی و بەگەورە وەردەگرێ و دوور نیە دەست بداتە کارێك کەبەدلّی ئێمە نەبێت. هەروەها دەمەوێ ئەوەش یاداشت بکەم

کەلەکاتێکدا خوێندکار تەریق دەکرێتەوە یا لەبەر چاوی هاورێکانیدا جار دوای جار دەشکێنرێتەوەو ئازاری دەروونی و فیزیکی دەدرێت گرفتەکانی ناوەوەی ئەو خوێندکارانە پەرەدەستێنێ و لەکاتی سەغلەتبوونێکی تەواودا دەگاتە خۆکوشتن یا هەوڵدان بۆ خۆکوشتن یا بیرکردنەوە بۆ گەشتن بەو حاڵەتە. کەسیش لەئێمە ناتوانێ نکولی لەوە بکات کەقوتابخانە بەشێوەیەکی زۆر سیستماتیك هەراسانکردن پیادە دەکات.

## نهێنیەکان

لەم بوارەدا قوتابخانەکانی کچان زۆر لەقوتابخانەکانی کوڕان خراپترن و بەشێکی زۆری مامۆستا ژنەکان زۆر ناشیرینتر لەپیاوەکان مامەڵە لەگەڵ خوێندکارەکاندا دەکەن. مامۆستاکان ئەوەیان بەخوێندکارەکانی خۆیان پیشان نەداوە کەئەوان بەتەنگیانەوە دێن و لەگرفتەکانیان تێدەگەن و یارمەتیان دەدەن. خوێندکار هەر چۆنێك بێت لەکۆتاییدا هەر مناڵە یا هەرزەکارەو گرفتی زۆری هەیە (وەکو خۆشەویستی، هەرزەکاری، عادەتی مانگانە، گرفتەکانی خێزان ... هتد)



کەپێویستیان بەچارەسەر هەیە. چەندین کچ ئەوەیان پێ راگەیاندووم کەمامۆستاکانیان بەشێوەیەکی سەرسامئاوەر هەراسانیان دەکەن. بەشێك لەو مامۆستا ژنانە بەخوێنکارەکانیان گوتووە "قەحپە. ئێوە بۆ کوڕ خۆتان جوان دەکەن. بۆیە جلی کورت لەبەر دەکەن تا کوڕان بخەنە سەر خۆتان. دەڵەقۆڕ .... هتد". دەبێ ئەوەش بڵێین کەماڵەوەش لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە جنێوانەدا درێغی ناکەن. ئەم نهێنیانە کەلەقسەی سەدەکانی ناوەڕاست دەچن. ئەگەر دەجار بەهەر کیژێکی بڵێنەوە دوور نیە خۆی بکوژێ. بۆیە من هیچ خۆسوتانی ئەو دوو کچە هەوڵێرییەم پێ سەیر نیە کەنامەی خۆشەویستیان لەلایەن قوتابخانەوە دەگیرێ و هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرێ کەنامەکانیان بدرێتە ماڵەوەیان (بەمەرجێ هەوالی مێدیاکان راستبن). لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبەر چاوبێت ئەم کارانە لەزوربەی خێزانەکاندا رووبەڕووی سزای یەکجار گەورە دەبنەوەو دووریش نیە ئەو سزایە کوشتني ئەو کچانە بێت. سالانە نەك هەر لەکوردستان، بەلکو لەسەرجەمی رۆژهەلات سەدان ئافرەت و کچ لەسەر چەند مەسەلەیەکی ئاوا دەکوژرێن. لەوەش بترازێ پیاوانی رۆژهەلات ئەم کولتورە ناشیرینەیان گواستۆتەوە بۆ رۆژئاواو هەر لەماوەی ئەم چەند سالەی دواییەدا چەندین کچیان لەبەر

هەمان هۆكار كوشتووە. بەشی كوردیش لەگوێزانەوەی ئەم كولتورەدا كەم نەبووە.

لێرەدا كچان رووبەڕووی حاڵەتێك دەبنەوە كەخۆیان توانای چارەسەركردنیان نیەو لەبەر رۆشنایی حاڵەتەكانی هاوشێوەی تری ناو خێزانی خۆیان یا كۆمەڵگادا ئەوە دەزانن كەچارەنووسیان دەگاتە كوشتن. بۆیە لەو ساتەدا كەئەوان لەژێر فشارێكی دەروونی یەكجار گەورەدان بڕیاری خۆكوژی دەدەن كەخۆیان بەڕاستی دەزانن. بەڵام رەنگە ئەگەر ئەوان جارێكی دی زیندوو ببنەوە لەو بڕیارە پەشیمان ببنەوە. لەم حاڵەتەدا خێزان رۆڵێكی گەورە لەمەرگی ئەو منالانەدا دەبینێت كەتا ئێستا خۆیان كوشتووە چونكە خێزان سەرچاوەی بزواندنی ئەو ترسەیە، بەڵام قوتابخانە بەو مامەڵەو كردارانەی كەدەیكات بەشدارییەكی راستەوخۆ لەخێراتركردنەوەی مەرگی ئەواندا دەكات چونكە ئەگەر قوتابخانە بەو شێوەیە مامەڵەی خوێندكاران نەكات بەئەگەری زۆر ئەو خوێندكارانە ناكەونە نێو ئەو قەیرانە دەرونیەوە. بەشێك لەم منالانە رەنگە فریای ئەوەش نەكەون پەیامی مەرگ رەوانەی دەوروپشتەكەی خۆیان بكەن، بەڵكو باز بەسەر ئەو قۆناغەدا دەدەن و یەكسەر خۆیان لەناو دەبەن.



لەروانگەی دەرووناسیەوە زۆر جار منالّ یا هەرزەكار بۆ ئەوەی لەدەست حاڵەتێك فیرار بكات و خۆی رزگار بكات ( چونكە چیتر توانای رووبەڕووبوونەوەی نیە) پەنا دەباتە هەر رێگایەك كەلەو گرفتەی دوور بكاتەوە.

بەپێ بۆچوونی لێكۆڵینەوەیەكی **Herbert Hendin** هەركات مرۆڤ توانی بەئاسانی باسی تورەبوونەكانی خۆی بۆ كەسانی دیكە بكات ئەوە مەترسی خۆكوژی كەمتر دەبێت (نموونەی نەرویج). بەپێچەوانەشەوە هەر كات مرۆڤ توانی تورەبوونەكانی خۆی كۆنترۆل بكات واتە ئاشكرای نەكات یا بەشێوەیەكی دی بیانباتە ناخەوە ئەوە مەترسی خۆكوژی زیاتر دەبێت (نموونەی دانیمارك). هەندێك لەو لێكۆڵینەوانەی لەو دوو وڵاتە ساز كراوون بەروونی ئەو دوو هۆكارە دەخەنەروو ( **Sköld & Öhlen,1985.P.51,96**).

بەتێروانین لەم بۆچوونەی هێندان كوڕان لەكۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا بەشێوەیەكی گشتی پانتاییەكی زۆر گەورەتریان بۆ بەتاڵكردنەوەی خەم و تورەییەكانی خۆیان هەیە، بەڵام كچان هەمان پانتاییان بۆ نەرەخساوەو ناتوانن لەدەوروبەرەكەی خۆیان تورەبن و خۆیان بەتاڵ بكەنەوە. بۆیە هەرچی خەم و نهێنی تابوكراویان هەیە دەیبەنە ناخەوەو ئەم حاڵەتەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی خۆكوژی لەنێو ژنان و كچاندا. بەداخەوە

ئێمە هیچ جۆرە ئامارێکی کوردستانی فەرمیمان لەبەردەستدا نیە تا ئەم شتە بسەلمێنین. بەڵام من پێم وایە ئەگەر ژنان و کچان کەمتریش خۆکوژی بکەن ئەوە لەبەر هۆکاری کولتوری رۆژهەڵاتی و کۆمەڵایەتیە. چونکە کچان زۆر جار لەبەر ئەوەی حەیای خێزانەکەیان نەچێت. بەدرێژایی مێژوو ئەو جورئەتیان پەیدا نەکردوە کەخۆیان بکوژن. لێرەدا جۆرە گۆڕینەوەیەك لەنێوان خۆکوژی و پاراستنی شەرەفی باوك و براکاندا هەیە.

هەر کات مناڵ هەست بەوە بکات کەئەو هۆکاری مردنی کەسێك بووە بەتایبەت ئەو کەسە زۆر نزیك بێت (وەکو ئەندامەکانی خێزان) ئەوکات گێژاوێك لەناخیدا دەکەوێتە گەڕو هەمیشە بۆ هێمنکردنەوەی ئەو گێژاوە هەوڵ دەدات. ژمارەی ئەو خێزانانەش کەم نین کەلەکاتی گرفتێکی لەم بابەتەدا دەکەونە سەرزەنشتکردن و خەتابارکردنی مناڵەکانیان. مناڵ لەم کاتانەدا دەست دەداتە خۆکوژی بۆ ئەوەی خۆی لەو گرفتە رزگار بکات (ئەوانەی لەدەوروپشتی ئەم مناڵانەن زۆر جار گوێبیستی پەیامەکانی خۆکوژی دەبن) چونکە هەستکردن بەگوناە یا تاوان هەستێکی زۆر تەمومژاوی و ناخۆشە. بۆیە مناڵ بەبەردەوامی هەوڵی ئەوە دەدات خۆی لەو هەستە رزگار بکات. هەندێك لەو پەیامانە دەکرێ ئەمانەبن: (( ئەوە من خۆم دەکوژم و رزگارم دەبێ)) ، (( خۆم بکوژم باشترە ئیتر کەس



تاوانبارم ناکات)) ، یا (( خۆکوشتنم لەم وەزعە چاکترە ئیتر ئەوەندە توشی دڵەراوکێ نایەم)) ..... هتد. بۆیە باشترین خزمەتێك کەبەمناڵەکانمانی بگەیەنین ئەوەیە نەیەڵین ئەوان هەست بەتاوانێکی وابکەن. تەنانەت ئەگەر خەتای ئەوانیش بوو زۆر پێویستە ئەوەیان بۆ روونبکەینەوە کەخەتای ئەوانی تێدا نەبووە.

هۆکارێکی دیکە لەو کاتانەدا دێتە ئاراوە کەمناڵ هەست بەوە بکات هۆکاری ئەو شکستە یا دۆڕاندنی ئەو پارەیە ... هتد ئەو بووە. یا بەهۆی ئەوەوە ماڵەوە ئەو هەموو زەرەرو زیانەیان کردووە ... هتد. یا ئەوەتا هەندێ جار مناڵ راستەوخۆ بەبرایەك یا خوشکێك یا باوك و دایکی دەڵێ ((یاخوا بمرن)) و بەرێکەوت یەکێك لەوانە دەمرێ. ئیدی مناڵ شەورۆژ خۆی تاوانبار دەکات و ئەم هەستەش لێی دوور ناکەوێتەوە. هەندێك لەو مناڵانە لەو جۆرە حاڵەتانەدا دەڵێن (( ئیتر من بۆ بژیم. من دەزانم ئەمە خەتای من بوو))

دوورکردنەوەی مناڵ لەو بازنەیەو رێگەگرتن لەچەکەرەکردنی ئەو هەستە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لەکارەساتی خۆکوژی و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی رزگاربوونی مناڵ لەقەیرانێکی چاوەروانکراو. هەرکات مناڵ هەست بەتاوان بکات ئەوە دەیەوێ بەشێوەیەکی لەشێوەکان سزای خۆی بدات. رەنگە ئۆدیب

لێرەدا نموونەیەکی باش بێت بۆ ئاماژەپێکردن. پاش ئەوەی ئۆدیب بۆی روون دەبێتەوە کەباوکی کوشتووەو لەگەڵ دایکیدا رایبواردوە .... هتد. چاوەکانی خۆی کوێر دەکات و وەکو سزایەك توشی چەندین گرفتی گەورە دێت.

لەلایەکی دیکەوە لەکاتی هەندێ رووداوی دیکەدا مناڵ هیچ جۆرە خەتایەکی نەکردووە بەڵام لەئەنجامی ئەو بارودۆخەی تێی کەوتووە ئەو هەستە بۆ خۆی وێنا دەکات و هەمیشە وادەزانێت خەتای ئەوە. (ه) مێرد مناڵێکی کوردی دەست گۆجە کەچەندین جار هەوڵی خۆکوژی داوە تەنها لەبەر ئەوەی دەستەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی گەشەیان نەسەندووەو بۆتە هۆی ئەوەی منالانی دیکە گاڵتەی پێبکەن. ئەم مناڵە ئەوەی خواش کردبووی ئەو بەخەتای خۆی دەزانی.

(م) مناڵێکی دیکەی کوردە لەکەرکووك کەچەندین جار هەوڵی خۆکوژی داوە لەبەر ئەوەی کورتە بالا بووە. ئەم کورتە بالاییە بۆتە هۆی توانج گرتن و گاڵتە پێکردنی منالانی گەڕەك. بەدەر لەمانەش زۆر جار لەتەمەنی مناڵیدا دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر یەکێك کەبەدرێژایی تەمەن دەبێتە هۆی غەم و بارگرانی بۆ ئەو مناڵە. بۆ خۆشمان دەزانین ئەم جۆرە شتانە چەند زوو لەکۆمەڵگای ئێمەدا بلاّدەبنەوە. لێرەدا رۆڵی گەورەکان زۆر گرینگەو دەبێ قەناعەت بەمنالان بکەن



کەئەوان هیچ خەتایەکیان نەکردووە یا ئەو دەست گۆجیە یا هەر شتێکی دیکە شتی ئاسایین. بۆ ئەوەی ئەمانە تەنها وەکو قسە نەمێننەوە زۆر گرینگە گەورەکان هەوڵ بۆ ئەوە بدەن ئەو مناڵە لەبوارێکدا زۆر سەرکەوتوو بێت. بۆ نموونە مۆسیقا، شانۆ، یا هەر شتێکی دیکە.

## دیوی ناوەوەی مەرگ

هۆکارێکی دیکەی خۆکوژی ئەوەیە کەزۆر جار گەورەکان لەماڵەوە لەکاتی بێتاقەتی و گرفتی دەروونی خۆیاندا مەرگ یا خۆکوژی وەکو خاڵێکی پۆزەتیڤ پێناسە دەکەن. لێرەدا دەبێ لەوە وریابینەوە هەر کاتێك مناڵ ئامادە بوو بەهیچ شێوەیەك نابێ ئەو پێناسەیە لەئارادا هەبێ؛ چونکە کاتێك باوکێك دەلێ ((ئەگەر من بمردمایە بۆخۆم رزگارم دەبوو)) یا ((خۆزگەم بەفلانە کەس خۆی کوشت ئازاد بوو)) یا ((رۆژێك لەرۆژان منیش خۆم دەکوشم و ئیتر سەربەز دەژیم و ئیسراحەت دەکەم)) ئەوە مردن وەکو دەستکەوتێکی گەورە لەلایەن مناڵەوە لەقەڵەم دەدرێت. لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ هەندێ مناڵدا ئەوان زۆر

بەڕوونی و سەربەرزییەوە باسیان لەو حاڵەتە کردووە. بۆیە ئەگەر یەکێك لەم مناڵانە لەحاڵەتێکی دەرونی سەختدا قەرار بگرێ دوور نیە پەنا بۆ خۆکوژی ببات بەبێ ئەوەی لەئەنجامەکانی ئەو کار دڵنیا بێت. بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مناڵ لەلای پیاژێت مناڵ لەهەر قۆناغێکدا لەڕوویەکی دیاریکراوی وشەکان دەگات. بەشێوەیەکی تر مناڵ لەهەندێ قۆناغدا دەرك بەدیوی ناوەوەی وشەکان ناکات و تەنها لەدیوی دەرەوەیان دەگات. بۆیە تێگەیشتنی دیوی ناوەوەی مەرگ لەلای ئەو مناڵانەی هێشتا نەگەشتوونەتە قۆناغی چوارەم یا بەلایەنی کەمەوە قۆناغی سێیەمیان تێنەپەڕاندووە (بەپێی قۆناغی گەشەسەندنەکانی مناڵ لەلای پیاژێت) کارێکی سەختە. بۆیە ئەو مناڵانەی لەبەر ئەم هۆکارە کۆتایی بەژیانی خۆیان دێنن مانای وانیە ئەوان لەمەرگ گەیشتوون بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان رەنگە هەر نەشزانن مەرگ یانی چی. قسەو ئاخاوتنەکانی ئەو مناڵانەی هەوڵی خۆکوژیان داوەو سەرکەوتوو نەبوون ئەم راستیە بەروونی دەردەخەن کەئەوان کاتێك دەستیان داوەتە خۆکوژی بەشێوەیەکی تەواو سەیرو ناواقیعی لەمەرگ گەشتوون. من هەوڵ دەدەم لەشوێنی جیاواز جیاوازدا ئاماژە بەچەند نموونەیەك لەم تێگەیشتنانە بکەم.



بەلای مناڵەوە مەرگ هەمیشە شتێکی خراپ نیە. بەڵکو روویەکی جوانیشی هەیە. من کاتێك پرسیاری مەرگم لەدوو مناڵی پۆلی سێی و دووی سەرەتایی کرد ئەوان بەشێوەیەکی تاڕادەیەك پۆزەتیڤانە بۆیان پێناسەکردم. ئەوان پێیان وابوو راستە مرۆڤ چیتر لەماڵی خۆیدا ناژێت بەڵام "لەو دنیادا لەخۆشیدا دەژێت. ئەو دنیا پڕە لەیاری جوان، میوە، بووکەشووشە، پارە، ..... هتد".

هەر لەم بوارەدا بەرز راگرتن و پیاهەڵدان بەگیانی "شەهید"دا ئەو پێناسە پۆزەتیڤانەیەی مەرگ لەلای مناڵان بەهێزتر دەکات و لەڕوانگەی سایکۆ- پەروەردەییەوە مناڵ بەئاقارێکی خراپدا دەبات. ئەو مناڵانەی لەبارودۆخێکی دەروونی زۆر خراپدا دەژین بیر لەوەش دەکەنەوە کەمەرگ و خۆبەختکردنی یەکێك مایەی سەربەرزیە بۆ ئەو کەسەو لەکۆتاییشدا مەرگ شتێکی پۆزەتیڤە. ئێمە دەبێ پێچەوانەی ئەم حاڵەتە بۆ مناڵان بسەلمێنین کەمردن شتێکی نێگەتیڤە. بۆیە زۆر گرینگە حاڵەتەکان، وشەکان، باسکردنی شەهید، هێما پیرۆزەکان و دەشتەواژەکان بەشێویەکی زۆر تایبەت بۆ مناڵان شیبکەینەوە.

هەر لەم بوارەدا باسکردنی هەندێ حاڵەت لەبەردەم مناڵی بچوکدا کەگومانی خۆکوژیشیان لێناکرێت هەڵەیەکی

گەورەیە. ئەم منالّەی خوارەوە لەباوکیەوە فێری ئەوەبووە کەمرۆڤ چۆن خۆی دەکوژێت.

منالّێکی سێ سالاّن لەگەلّ خوشکە بچکۆلەکەیدا لەژورێکی پڕ لەگازدا بەبێهۆشی دۆزرانەوە. ئەم منالّە کەخۆی گازەکەی بەردابۆوە دواتر لەنەخۆشخانە توانرا لەمردن رزگار بکرێت. ئەم منالّە دوای ئەم روداوە ئەوەی ئاشکرا کرد کەخۆی ویستویەتی هەردوکیان بکوژێت چونکە دایکیان چۆتە دەرەوەو ئەمانی لەمالّەوە بەتەنیا بەجێهێشتبوو. ئەم منالّە وردە لەهەمان رۆژدا باوکی باسی پیاوێکی بۆ کردبوو کەبەگاز خۆی کوشبوو(**Sundbärg,1984**).

## جیابوونەوەی ژن و مێرد

هۆکارێکی دیکەی خۆکوژی راستەوخۆ پەیوەندی بەگرفتەکانی ناو خێزانەوە هەیە. لێرەدا دەمەوێ ئەگەر بەشێوەیەکی کورتیش بێت کەمێك لەسەر دیاردەی جیابوونەوە یا تەلاق بوەستم.



لەم بوارەدا کۆمەلگا رۆژهەلاتیەکانی بەبەراورد لەگەلّ کۆمەلگا رۆژئاواییەکاندا درۆزن ترو ناپاکترن لەگەلّ یەکترداو هەمیشە هەولّی شاردنەوەی راستیەکان دەدەن. هەموو ژن و مێردێکی رۆژئاوایی لەبەر زۆر هۆکار ئەگەر بەیەکەوە نەگونجان جیادەبنەوە. ئەم جیابوونەوەیەش وادەکات گرفتەکان سەرئاو بکەون. بەلاّم لەرۆژهەلاتدا کەس دان بەبوونی گرفتی ناو خێزانی خۆیدا نانێت و لەبەر زۆر هۆکاریش ژنان ناتوانن جیاببنەوەو هەتا دەمێنن لەگەلّ مێردەکانیاندا بەنائارامی دەژین. زۆرێك هەن کەپێیان وایە رادەی جیابوونەوە لەناو ئێمەی رۆژهەلاتیدا زۆر زۆر کەمترە وەك لە ناو خێزانە رۆژئاواییەکاندا. رێژەی جیابوونەوە لەناو سویدییەکاندا(وەك نموونە) نزیکەی **50%** یە. بەلاّم بەپێی ئامارەکان زۆرێك لەو رۆژهەلاتیانەی دەگەنە سوید پاش ماوەیەك ئەوانیش جیادەبنەوە. لەم بوارەدا رێژەی جیابوونەوە لەناو خێزانە شیلیەکان و ئێرانیەکانی سویدا (لەنەوەتەکاندا) لەرێژەی جیابوونەوەی خودی خێزانە سویدییەکان زیاتر بوو.

لێرەوە دەمەوێ باس لەکاریگەرییەکانی جیابوونەوەو گرفتەکانی خێزان بکەم. چ لەکاتی جیابوونەوەو چ لەکاتی پێکەوەژیانیشدا منالاّن (لەو خێزانانەی خاوەن گرفتی زۆرن) ئازارێکی سەخت دەکێشن. بەپێی زۆرێك لەسەرچاوەکان منالاّن مەرج نیە باسی ئەو خەمەی خۆیان بۆ کەس بکەن.

لەکاتی جیانەبوونەوەدا گرفتەکانی ناو خێزان تا دێت پەرە دەسێنێت و هەندێ فاکتەری نوێی وەکو لێدان، هاوارو قیژەقیژ، پرچ راکێشان، جنێودانی ناشیرین، خوێناویکردنی یەکترو ... هتد دێنە ئاراوە. زۆربەی ئەم شتانەش لەنێوان دوو کەسدا روودەدەن کەمناڵ هەردووکیانی زۆر خۆش دەوێت و بەنموونەی بەرزیان دەزانێت. دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتانە کاریگەرییەکی گەورە لەسەر مناڵ بەدوو دیودا بەجێدێڵێ؛ دیوی دەرەوەی بریتیە لەوەی مناڵ زووتر تورە دەبێ، کەمتر لەگەڵ مناڵەکانی تردا دەسازێت، لەکاتی شەردا زووتر پەنا دەباتە بەلێدان، زیاتر گۆشەگیر دەبێ ... هتد. دیوی ناوەوەی کاریگەرییەکانیش بریتیە لەدروستکردنی فشارێکی دەرونی سەخت لەسەر مناڵ کەتوشی بێزاری و نائومێدی دەکات و دیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کەئێمە لەگەڵ هۆکارەکانی پێشوتردا باسمانکرد.

هاوکات مناڵ دەگاتە ئەو رایەی کەسی نموونەیی لەلای ئەو بوونی نیە. تەنانەت ئەو کەسانەی ئەویش بەنموونەییان دەزانێت لەساتەوەختێکدا دەبنە دوو مرۆڤی دڕندەو ناشیرین. خاڵێکی خراپی پێکەوە ژیانی ئەم خێزانانە ئەوەیە کەگرفتەکانی ناو خێزان تادێت لەبرەودا دەبن و کاریگەرییەکی خراپیان بەسەر مناڵەوە دەبێ. بەڵام خالێکی باشی جیانەبوونەوەش ئەوەیە کەمناڵ ئەگەرچی چیتر لەپەنای دایك و باوکیدا نیە بەڵام



چیتر لەناو گرفت و قیژەو هاواری خێزانیشدا ناژیت و کەمێك پشو دەدات.

مناڵ دوای جیابوونەوە چیتر ئەو گرفتانە نابینێ بەڵام دووری لەیەکێکیان (دایك یا باوك) دووبارە بۆ مناڵەکە دەبێتەوە بەگرفت. لەلایەکی ترەوە لەکاتی جیابوونەوەدا وارێك دەکەوێ کەدایك یا باوك لەبەر هەر هۆیەك بێت ناتوانن زوو زوو مناڵەکانی خۆیان ببینن. ئەمەش حاڵەتێکی نائومێدی لەلای هەنێ مناڵ دروست دەکات چونکە مناڵ وادەزانێت چیتر ئەو کەسە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەهۆلی ئەوەوە نایەن. ئەم حاڵەتە بۆیە خراپە چونکە مناڵ خۆی بەنزیکی ئەوان دەزانێت و هەمیشە لەوانەوە چاوەروانی سۆزێکی تایبەت دەکات.

زوربەی ژن و مێردەکان لەدوای جیابوونەوەوە هەوڵ دەدەن تابتوانن زیان بەیەکتر بگەیەنن. لەبەر ئەوەش چیتر ئەوان بەیەکەوە ناژین بۆیە هەوڵ دەدەن لەرێگەی مناڵەکانیانەوە ئەو زیانە بەیەکتر بگەیەنن. بۆ نموونە هەر یەکێکیان هەوڵ دەدات مناڵەکان لەوی دی دوور بخاتەوە.

لەم کاتەدا دایبابەکان یا کۆنە هاوسەرەکان تەنها بیر لەوە دەکەنەوە چۆن و بەچ شێوەیەك زیان بەیەکتر بگەیەنن بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەو زیانەی ئەوان بەکۆنە هاوسەرەکەیانی دەگەیەنن چ زیانێکی کوشندە بەمناڵەکانی

خۆیان دەگەیەنێت. دەسنیشانکردنی کەناڵەکانی ئەو زیان پێگەیاندنە بۆ کۆنە هاوسەرەکان زۆر گرینگە. بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەو کۆنە هاوسەرانە چیدیکە لەگەڵ یەکتردا ناژین بۆیە هەموو رەفتارە ناشیرین و کینەکانیان لەرێگەی مناڵەکانیانەوە بەوی دیکە دەگەیەنن چونکە وادەزانن مناڵان لەو تەمەندا هەست بەزۆر شت ناکەن. زۆر جار ئەم جۆرە رەفتارانە کاریگەرییەکی پێچەوانەی دەبێت. بۆ نموونە ئەگەر دایکەکە (یا باوکەکە) مەبەستی بێت مناڵەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت ئەوە هەوڵ دەدات بەهەر شێوەیەك بووبێت وێنەی باوك لەلای مناڵەکان ناشیرین بکات. یەکێك لەشێوازەکانی ئەو ناشیرینکردنە ئەوەیە لەبەر چاوی مناڵەکان قسەی ناشیرین بەباوکەکە بڵێ و لەلای خەڵك بەخراپی باسی باوکەکە بکات. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم ئەم کارە یەکێکە لەو کارە هەرە دیارانەی کەمناڵ پێی بێتاقەت دەبێت. مناڵ دایك و باوکی بەیەك ئەندازە خۆش دەوێت و پێی خۆش نیە کەس بەخراپە باسیان بکات. بۆیە زۆر جار ئەو مناڵە لەبری ئەوەی لەدایکی نزیك بێتەوە رقی لەدایکی دەبێت و رێزی ناگرێت و بەگوێی ناکات ... هتد.

زۆر لێکۆڵینەوەی نوێ و بەتایبەت ئەوانەی دانیال ستێرن ئەوەی ساخکردۆتەوە کەمناڵ لەگەڵ لەدایکبوونیدا هەست



بەزۆر شت دەکات. بۆیە مناڵ بەسەختی لەو کێشمەکێشەی نێوان دایبابەکاندا دەناڵێنێت و هەندێجار توشی شۆك و تێکشکانی روحی دێت. هەندێجار کەبەمەبەستی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر گوێم لەرازی ئەو مناڵانە دەبێت کەدایبابەکانیان جیابوونەتەوە بەتەواوی هەست بەئازارەکانیان دەکەم و ئەوان لەهەر جۆرە رەفتارێکی ناشیرینی دایبابەکانیان کەئاراستەی یەکتری دەکەن بەسەختی هەست بەئازار دەکەن لەکاتێکدا کەدایبابەکانیان بەو جۆرە هەستی پێناکەن. لەروانگەی دەروووناسیەوە دەنگێك لەناخی هەموو ئەو مناڵانەدا هەیە کەبەم شێوەیە گوزارش لەخۆی دەکات (( من هەردووکیانم بەبێ سنوور خۆش دەوێ. دایك و بابم باشترین مرۆڤی ئەم سەرزەویەن. تەانەت ئەگەر پیاوکوژیشبن لەلای من هەردوکیان زۆر جوانن. بۆیە هەرکەس بەخراپی باسیان بکات من زۆر بێتاقەت دەبم))

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی روونتر قسە بکەین لەخوارەوە گرفتێك دەخەمەروو بەمەبەستی ئەوەی هەندێك لەگرفتی مناڵان و هەڵەی دایبابەکان بخەمەروو

مناڵێکی هەشت نۆ ساڵانم بینی کەدایبابەکەی ماوەیەکی کەم بوو لەیەك جیابوونەوە. ئەوان لەبەر گرفت و سەرئێشەی خۆیان نەدەپەرژانە سەر مناڵەکەیان. ئەم مناڵە بێتاقەت و بێزار

هەنـدێ کـاری بـێمانای دەکـرد کەدەرئـەنجام دەبـووە هـۆی بـێتاقەتکردن و تـورەکردنی دایبابەکـەی. لەئـەنجامی هەنـدێ پرسیاری وردترەوە توانیم هەندێك لەسەرە دەزووەکان لەیەکدی جـودا بکەمـەوە کەلـێرەدا لەگـەڵ سـەرنجەکانی خـۆم دەیانخەمەروو.

لەسەرەتادا ئەم منالە وەکو هەر منالێکی دیکە نەیدەویست ئەم جیابوونەوەیە لەلای هاورێکانی باس بکات. بەلام دەنگـۆی ئەم جۆرە هەوالانە وەکو با بەهەموو لایەکدا بلاودەبووەوە. لێرەدا دەبێ دوو خاڵ یاداشت بکەم؛ یەکەم ئەوەیە هەموو منالێك بەتایبەت لەسەرەتادا هەوڵی ئەوە دەدات کەهەواڵی جیابوونەوە بشارێتەوە. دووەم ئەوەیە منال توانای شاردنەوەی ئەو خەمە گەورەیەی نیە، چونکە لەلایەك خەمی جودابوونەوەو ژیانی ئالۆزی خۆی و لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی بلاونەکردنەوەی ئەو هەواڵە بۆ منال کارێکی تا بڵێی قورسە. بۆیە دایبابەکان نەك هەر دەبێ داوای شاردنەوەی خەبەرێکی لەم بابەتە لەمنالەکانیان نەکەن، بەڵکو دەبێ بۆشیان روونبکەنەوە کەزۆر ئاساییە ئەوان خەبەرێکی وا بەهاورێکانیان بڵێن. هەرکات منال هەواڵێکی وای لەلای چەند کەسێك درکاند ئەوەکاتە خەمێك لەکۆڵ ئەو منالە دەبێتە کەلەبنەرەتدا باری قورس کردووە.



گرفتێکی دیکەی ئەم منالە ئەوەبوو کەدوای جیابوونەوە دایکی پێی خۆش نەبوو منالەکەی بەهیچ شێوەیەك کەسوکاری کۆنە مێردەکەی (باوکی منالەکە) ببینێت. گرفتی لەوەش گەورەتر ئەوەبوو دایکی ئەوەی پێراگەیاندبوو کەبۆی نیە تەنانەت یاریش لەگەڵ منالی کەسوکاری ئەودا بکات.

ئەوەی بەلای منەوە گرینگە ئەوەیە منالێکی هەشت سالان بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت لەو بارودۆخە زۆر سەختەدا ئەم هەموو هاوکێشەیە بەیەکەوە ببەستێتەوە: جیابوونەوەی دایبابی، دەنگە دەنگی دوای جیابوونەوە، بایکۆتکردنی کەسوکارو تەنانەت منالی کەسوکاری باوکی (یا دایکی).

زۆر بەئاشکرا لەقسەکانی ئەو منالەوە هەستم بەبێتاقەتیەکی زۆر دەکرد. ئەو دەیووت:

(( ئاخر من فلان و فلانم خۆش دەوێ و حەز دەکەم یاریان لەگەڵ بکەم. ئێ من جارانیش هەر یارێم لەگەڵدا دەکرد ن، بۆ ئێستا بۆم نیە.... هتد))

شتێکی دیکەش کەزۆر ئەو منالەی بێتاقەت کردبوو ئەو قسە ناشیرینانە بوو کەدایکی لێرەو لەوێ بەبەرچاوی منالەکەیەوە بەمێردە کۆنەکەی دەووت. منالەکەی زۆر بەرروونی دەیووت:

((من زۆرم پێناخۆشە کەیەکێك قسە بەباوکم بڵێ )).

سەرجەمی ئەم جۆرە منالانە وەکو هەر منالێکی دیکە دایبابەکانی خۆیان خۆش دەوێت و هەرگیز ئەوەیان پێخۆش نیە هیچ کەسێك قسەیەکی ناشایستە بەهەردووکیان بلێت. بمانەوێ یا نا منالٚ لەم هاوکێشە ئالۆزەدا لایەنی سێیەمە. بەلام زۆر گرینگە دایبابەکان هەولی ئەوە بدەن بەزووترین کات منالٚ لەو هاوکێشەیە بکەنە دەرەوە. بەشێوەیەکی دی واباشترە کەس هەولی ئەوە نەدات منالٚ بەلای خۆیدا رابکێشێت و بەخراپە باسی کۆنە هاوسەرەکەی لەلا بکات. ئەم کارانە جگە لەئازاردانێکی روحی منالٚ هیچی دیکە ناگەیەنێت. دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت جیابوونەوەی دایباب لەبەر هەندێ هۆکاری دیارو نادیار یەکێکە لەهۆکارەکانی خۆکوژی منالٚ. بەحوکمی کارو بەشداریکردن لەهەندێ پرۆژەی تایبەتداو سەرەنجدانی دەرئەنجامی هەندێ لەلێکۆلینەوەکان ئەوەم بۆ روونبۆتەوە کەهۆکارێك ئەوەیە هەندێ منالٚ لەکاتی جیابوونەوەدا واهەست دەکەن کەئەوان هۆکاری ئەو جیابوونەوەیەن. بەتایبەت هەندێ دایك یا باوك خەتاکان دەخەنە ملی منالٚ و دەلێن خەتای تۆ بوو باوکت (یا دایکت) بەجێمانی هێشت. یا ئەگەر تۆ ئەو قسەیەت بۆ نەگێرایەتەوە ئەو وای نەدەکرد ... هتد.



منالٚ بۆیە لەم حالەتانەدا بیرلەخۆکوژی دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لەو خەمە گەورەیە رزگار بکات. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە منالٚ لەدەرەوەو بەتایبەت لەبەرامبەر هاورێکانی خۆیدا هەست بەشەرمەزارییەکی زۆر گەورە دەکات و هەندێ جار بیر لەوە دەکاتەوە خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی چیتر لەبەرامبەر ئەو حالەتانەدا قەرار نەگرێت. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە هەندێ منالٚ بەرگەی ئەو دەنگەدەنگ و شەڕو هەرایەی نێوان باوك و دایك ناگرن. تێگەیشتن لەو هۆکارانە هێندە قورس نین چونکە گەورەکان لەبەرامبەر ئەم جۆرە گرفتانەدا چۆك دادەدەن و هەرەس دەهێنن ئەدی منالٚ چۆن تەحەمولی ئەو هەموو ئازارە بکات.

دایبابەکان دەبێ هەموو جۆرە کارئاسانیەك بۆ منالەکانیان بکەن بۆ ئەوەی دوای جیابوونەوەش منالەکانیان بۆیان هەبێت وەکو جاران هەموو شتێك بکەن و لەگەلٚ هەموو یەکێکدا یاری بکەن و قسە بکەن کەخۆیان پێیان خۆشە. هەموو ئەمانە لەپێناوی ئەوەیە کەمنالەکان ئەو قۆناغە سەختە بەزووترین کات تێپەرێنن. منالەکان بەئەندازەی دایبابەکان گرفتیان هەیە کەسیش یارمەتیان نادات. دەبێ لەئاستی ئەم جۆرە گرفتانەدا دایبابەکان تەنها بیر لەبەرژەوەندی منالەکانیان بکەنەوەو بەس. ئەو گرفتانەی کەخۆیان لەگەلٚ هاوسەرە

کۆنەکانیان هەیانە ئەوە گرفتی خۆیانە نەك گرفتی مناڵەکانیان.

تاقیکردنەوەکانی کێنێت دۆگ **Kenneth Doge** لەنیوەی دووەمی هەشتاکاندا ئەوەیان سەلماند کەپەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان بەکارهێنانی توندوتیژی و جیابوونەوەی مناڵان لەدایبابەکانیان هەیە. بوونی دەنگە دەنگ لەماڵەوەدا دەبێتە هۆی ئەوەی مناڵەکانیش توڕەبن زوو هەڵچن. چونکە زۆر ئەستەمە لەماڵێکی پڕ ئاژاوەدا مناڵ هێمنی خۆی بپارێزێ. کچێکی ١٥ ساڵە بەم شێوەیە ( **Sköld & Öhlen,1985.P.60**) گوزارش لەبارودۆخی خۆی دەکات

(( من زۆر زوو هەڵدەچم. لەماڵەوە هەمیشە شەڕو هەرایە. شەڕ لەسەر منیش دەکەن. من هەوڵ دەدەم رووخۆش بم بەڵام ناتوانم. من بەسەر خۆمدا داخراوم. جارێك بیرم لەوە کردۆتەوە کەخۆم بکوژم))

راستە لێرەدا هەوڵی خۆکوژی لەئارادا نیە بەڵام سیماکانی خۆکوژی زۆر بەروونی دیارن و سەرباری ئەمەش ئەم مناڵە زۆر بەئاشکرا پەیامێکی خۆکوژیمان ئاراستە دەکات کەبیرکردنەوە لەم کارە بەرێوەیە. ئایا گەورەکان لەبەرامبەر ئەم پەیامەدا چییان کردووە؟



دەرئەنجامێکی دیکەی ئەو شەڕو ئاژاوانە ئەوەیە کەسەرجەمی دایبابەکان خەریکی خۆیان دەبن و هەمیشە لەنیگەرانیەکی بەردەوامدا دەژین. بۆیە تاقەتی ئەوەیان نابێت وەڵامی پرسیارە هەستیارەکانی مناڵەکانیان بدەنەوە. وەکو تریش هەندێك لەکاتی ئاساییشدا تاقەتی ئەوەیان نیە وەڵامی ئەو پرسیارە هەستیارانە بدەنەوە کەمناڵەکان پێویستیان پێی هەیە. نەك ئەمە بەڵکو کار دەگاتە ئەوەی تاقەتی ئەوەشیان نابێت لەمناڵەکانیان بپرسنەوە یا لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن. هەندێجار مناڵ لەوانەیە دەس بەدزیکردن یا هەرکارێکی ناوێڵی دیکە بکات کەلەکاتی ئاساییدا مناڵ توشی لێپرسینەوە دەکات. بەڵام لەم حاڵەتانەدا دایباب لەبەر ئاژاوەکانی خۆیان تاقەتی ئەوەیان نیە یا بەگرینگی نازانن یا جیابوونەتەوەو ناتوانن ئەو لێپرسینەوەیە ئەنجام بدەن. لێرەدا دەبێ ئاماژەش بۆ زرینگی مناڵ بکەم کەهەوڵ دەدات سود لەو بارودۆخە ببینێت و زۆر شت لەنێوان دایك و باوکیدا وون بکات.

# بێسۆزکردنی مناڵ

هۆکارێکی دیکەی خۆکوژی منالاْن کەدوور و نزیك پەیوەندی بەو هۆکارەی سەرەوە هەیە ئەویش بەڕەلاکردنی مناڵ و بێبەشکردنیەتی لەسۆزو خۆشەویستی باوك و دایك. بەشێوەیەکی دیکە مەبەستم لەوەیە هەندێ مناڵ بەتەواوی لەلایەن دایبابەکانیانەوە پشتگوێ دەخرێن و ئاوڕیان لێنادرێتەوە. ئەو منالاْنە بەشێوەیەکی گشتی هەست بەسۆزو خۆشەویستی کەس ناکەن و هەمیشە بەدوای شتێکدا دەگەڕێن کەلێیان ونبووە. بەپێی لێکۆلینەوەکانی دان ئۆلڤیۆس (Olweus,1999.P.52) کەلەسەر ئاستی جیهانی لەبواری هەراسانکردنی منالاْندا کار دەکات، زوربەی ئەو منالاْنەی بەگرفتی توندوتیژییەوە تێوەگلاون ئەوانەن کەلەسۆزی خۆشەویستی دایبابەکانیان بێبەشکراون و هیچ جۆرە سنورێکیش بۆ رەفتارو کردارەکانیان دانەنراوە. هەر کاتێك مناڵ هەست بەو بێسۆزی و فەرامۆشکردنە بکات چیدی شتەکان بەلایەوە گرینگ نابن. هەندێ مناڵ ( Sköld & Öhlen,1985.P.89.) بەم شێوەیە گوزارش لەمە دەکەن



(( هیچ سودێکی نیە. من بەکەڵکی هیچ نایەم)) یا ((بەهەر حال هیچ کەسێك بەتەنگی منەوە نایەت))

لەم بارودۆخەدا مناڵ بێ دوودڵی هەندێ رەوشتی خراپ دەنوێنێ چونکە واهەست دەکات لەم دنیایەدا کەس بەتەنگی ئەوەوە نایەت و بوونی ئەو، گوزەرانی ئەو، باش یا خراپبوونی ئەو ئەوەندە گرینگ نیە. هەروەها کچێکی ١٥ ساڵە ( Sköld & Öhlen,1985.P.87) بەم شێوە باسی خۆی دەکات

(( زۆر جار بیرم لەوە کردۆتەوە کەخۆم بکوژم، بەلاّم هەرگیز جورئەتم نەکردووە. بەلاّم ئەگەر یەکێك بەم زووانە یارمەتیم نەدات ئەوە لەوانەیە خۆم بکوژم. من پێم خۆشە ئەوە بزانم کەئایا دایك و باوکم منیان خۆش دەوێت یا نا. ئەوان هەرگیز شتی وایان بەمن رانەگەیاندووە )).

ئەم منالّە لێرەدا سیماکانی خۆکوژی بۆ ئاشکرا کردووین.. هەروەها زۆر بەروونی باس لەبیرکردنەوەکانی خۆی سەبارەت بەخۆکوژی دەکات و باس لەو جورئەتە دەکات کەرێگر بووە لەبەرامبەر بیرکردنەوەکانی ئەو بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەم بابەتە. بەلاّم لێرەدا هیچ هەولّێکی خۆکوژی تۆمار نەکراوە چونکە هەولّی خۆکوژی تەنها ئەو هەولاّنە دەگرێتەوە کەئەنجام دراوون. ئەوەتا بەزمانێکی پاراو پێمان دەلّێت ((لەوانەیە خۆم بکوژم)). من پێم وایە هەلّبژاردنی ووشەی

((لەوانەیە)) بۆ ئاگەدارکردنەوەی گەورەکانە کەئەو پێویستی بەیارمەتی ئەوان هەیە. زرینگی ئەم منداڵە لەوەدایە کەئەرکی گەورەکانیشی ئاسان کردۆتەوە بەوەی هۆکارەکانی بیری خۆکوژی خۆی روون کردۆتەوە. ئەم منداڵە لەپەیامەکەی خۆیدا ئاماژە بەدوو خاڵی سەرەکی دەکات: یەکەمیان ئەو خۆشەویستیەی دایك و باوکیەتی کەئەو هەستی پێناکات. بۆیە جارێکی دیکەش ئەوە دەنووسمەوە کەگرینگ نیە گەورەکان چەند دەڵێن (( ئێمە منداڵەکانی خۆمان خۆش دەوێت)) بەڵکو گرینگ ئەوەیە منداڵەکان هەست بەو خۆشەویستی و سۆزە بکەن. خاڵی دووەمیشیان بریتیە لەو پەیامە هەڕەشە ئامێزانەی ئەم منداڵە ئاراستەی دایك و باوکی دەکات بەوەی ئەگەر بێت و دایك و باوکی تەئکید لەسەر ئەو خۆشەویستی و سۆزە نەکەنەوە ئەوە بیری خۆکوژی لەلای ئەو دەچێتە قۆناغی پیادە کردنەوە.

هەندی قسەی ئەو منداڵانەی لەبارودۆخێکی لەم بابەتانەدا دەژین ئەوەیە ((کەکەس بەتەنگی منەوە نایەت ئیتر من بۆ بژیم)). لەکۆمەلگای ئێمەدا زۆر جار گوێمان لەم قسانەش دەبێت بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێکی پێبدەین چونکە قسەی منداڵەو ئێمە پێمان وایە منداڵ هێشتا لەمردن ناگات و تەنها هەر قسەیەو هیچیتر. من بڕوام بەوە هەیە منداڵ لەشەش



مانگییەوە لەزۆر شت دەگات، بەپێی هەندێك سەرچاوە منداڵ بەر لەو تەمەنەش لەزۆر شت دەگات )**Stern,2003**). بەهەمان شێوە بڕوام بەوە هەیە هەر کاتێك منداڵان بکەونە بارودۆخێکی دەرونی سەختی لەم بابەتەوە لەوانەیە دەست بەکاری خۆکوژی بکەن، بەلام مەرج نیە هەموو منداڵێك لەم بارودۆخە سەختەدا دەست بداتە کاری خۆکوژی و هەر کاتێکیش خۆی کوشت مەرج نیە لەماناو ئاکامەکانی مردن تێگەیشتبێت. بۆ نموونە **Zilboorg** باس لەمنداڵێکی کینیایی دەکات کەدەست بۆ چکلێتێك دەبا بەڵام باوکی لێی قەدغە دەکاو پێی رادەگەیەنێ کەبۆی نیە بیخوات (**Sköld & Öhlen,1985.P.87**). منداڵەکە لەداخا دەچێتە سەر دارێك و خۆی دەخاتە خوارەوەو دەمرێ.

ئەمە نموونەیەکە لەنێوان سەدەها نموونەی هاوچەشن کەزۆر بەرونی ئەوە ئاشکرا دەکەن ئەم جۆرە منداڵانە بەهیچ شێوەیەك لەمردن تێنەگەیشتوون. کاردانەوەی ئەم منداڵە زیاتر بۆ ئەوەیە کەبەجۆرێك لەجۆرەکان خۆی لەدەست ئەو حاڵەتە دەرونیە ناخۆشە رزگار بکات کەلەئەنجامی قەدەغەکردنەکەی باوکیەوە دروست بووە. دووریش نیە ویستبێتی کەتەنها بۆ ماوەیەکی کەم بمرێت بۆ ئەوەی بۆ باوکی بسەلمێنێ کەئەو بەم

بڕیاره ناڕەحەتە یا بۆ ئەوەی باوکی دڵی پێ بسوتێت و پەشیمانبێتەوە. .... هتد.

## فەرامۆشکردنی منالّ

هۆکارێکی دیکەی خۆکوژی منالاّن بریتیە لەنکولیکردن لەکەسایەتی و قورسایی ئەوان لەناو مالّ یا قوتابخانەدا. زۆر جار گوێمان لەدوعای دایکان دەبێ کەدەلێن ((خۆزگە منالّم نەبوایە)) یا (( هەر مالّێك منالّی نەبێ وەکو بەهەشت وایە)) ... هتد. ئەم جۆرە دوعایانە زیاتر لەو مالاّنەدا بەرگوێ دەکەون کەمنالّەکانیان زیاد لەپێویست نارەحەت و بزێون. بۆیە شارەزابوون لەو تیۆرییانەی باس لەهۆکارەکانی نارەحەتبوون و هاروهاجی و توندوتیژی منالاّن دەکەن کارێکە بەسودی دایبابەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە لەم بوارەدا دەکرێ ئاماژە بۆ بیروبۆچوون و تیۆرییەکانی هەریەك لەفرۆید، بۆلبي، لۆرێنس، باندورا ... هتد بکەین.



کاتێك منالّ گوێی لەم دوعایانە دەبێ بزوێنەرێکی دەرونی بەو ئاراستەیەیدا دەبات کەئەو دەبێت هیواو خۆزگەی دایك و باوکی (کەلەو دوعایانەدا بەرجەستەبووە) بەدی بهێنێ. کاتێك منالّ لەبارێکی دەرونی سەختدا قەرار دەگرێ و چەند فاکتەرێکی تەنگ پێهەلّچنینیش دەخاتە ناو بازنەیەکی داخراوەوە ئیدی ئەم حالّەتە (واتە مەرگی منالّ کەلەو دوعایانەدا هاتووە)لەپیادەکردنێکی راستەقینە نزیك دەبێتەوە. هەندێ جار وارێك دەکەوێت کەهیچ کەسێکی نوێ لەژیانی ئەم جۆرە منالاّنەدا نەیتە ئاراوە. ئەمەش منالّ لەچارەسەرە ناواقیعیەکان نزیك دەکاتەوە. بەلاّم هەندێ جار کەسێکی وا دێتە ئاراوە کەهاوسەنگیی هەموو هاوکێشەکان دەگۆڕێت. ئەم کەسە دەکرێ برایەك، خوشکێکی گەورە، دراوسێیەك، هاوڕێیەك، مامۆستایەك،دۆستێکی خێزانەکە یا هەر کەسێکی تر بێت.

هەر بابەتێك لەسەر خۆکوژی منالاّن نووسرابێت بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژە بەگرنگیدان یا فەرامۆش نەکردنی منالاّن دەدات چونکە ئەنجامی لێکۆلّینەوە کلینیکیەکان کەم تا زۆر ئەم فاکتەرە وەکو هۆکارێك بۆ خۆکوژی منالاّن دەسنیشان دەکەن. ژنێك باسی ئەوەی بۆ کردم لەمنالّی خۆیدا وەکو کچێکی تازە هەلّچوو دەیوست لەمالّەوە بەشداری گفتوگۆکان بکات و رای خۆی هەبێت و مالّەوە

راکانی بەهەند وەربگرن و فەرامۆشی نەکەن. بەڵام هەموو دەمێ گەورەکان پێیان دەوت ((گو بەرای تۆ، ئێمە پێویستمان بەرای تۆ نیەو تۆ بۆت نیە قسە بکەیت)). ئەو دەیگوت ((من تاوەکو ئێستاش ناتوانم ئەو فەرامۆشکردنە لەبیر بکەم)).

لایەنێکی دیکەی ئەم جۆرە فەرامۆشکردنە پەراوێزکردنی منداڵە. ئەم پەراوێزکردنە چ لەناو خێزانەکان چ لەناو قوتابخانەکانیشدا بەشێوەیەکی زۆر رون بەکار دەهێنرێن. هەندێ جار باوك و دایك وەکو سزایەك منداڵ پەراوێز دەکەن و پەیوەندییە جیدییەکانی خۆیان لەگ ئەودا دەبچڕێنن. ئەم حاڵەتە منداڵ دەخاتە بەردەم دوو ئەگەرەوە:

یەکەمیان ئەوەیە کەمنداڵ هەوڵ دەدات خۆی لەگەڵ ئەوە بارودۆخە تازەیە رابهێنێ. بەڵام دووبارەبوونەوەی ئەم پەراوێزکردنە بۆ چەندین جار مەترسی ئەوە دەخاتە روو کەببێتە سیمایەکی نێگەتیڤی کەسایەتی ئەو منداڵە. ئەم کەسایەتیەش دواتر زیاتر لەزیانێك نەك بەو منداڵە بەڵکو بەهەموو کۆمەڵگا دەگەیەنێت.

دووەمیان منداڵ توانای ئەوەی نیە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بەردەوام بێت، بۆیە بەمەبەستی دەربازبوون لەم بارودۆخە بەشێوەیەکی راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ بیرۆکەی خۆ کوژی لەلای سەر هەڵدەداو بیر لەئەنجامدانی ئەو کارەش دەکاتەوە..



مەبەستم لەشێوەی ناراستەوخۆ ئەوەیە هەرکات منداڵ نەیتوانی بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرێ دەست دەداتە هەندێ کاری ناشایستە کەدواتر رۆڵێکی تەواو نێگەتیڤانەی لەسەر کەسایەتی و داهاتووی ئەو دەبێت، چونکە ئەم کارە ناشایستانە بەشێوەیەکی ناپەروەردەییانە لەلایەن قوتابخانە/ماڵەوە چارەسەر دەکرێن. پیادە کردنی ئەم چارەسەرانە لەسەر منداڵ هەندێ جار گرفتەکان دوو ئەوەندەی تر قوڵتر دەکەنەوەو منداڵ توشی نەخۆشیەکی دەرونی دەکەن کەدوور نیە لەهەندێ حاڵەتدا خۆکوژی لێبکەوێتەوە.

لەبارودۆخێکی لەم بابەتەدا ئەگەر منداڵ کارەسات و رووداوی سەختی پێشوو لەیادەوریدا مابێت یا هەبێت ئەوە تەوژمی کاریگەری ئەم بارودۆخە تازەیە زۆر خێراتر دەبێتەوە. هەندێ لەو کارەساتە کۆنانەی کەشوێن پێیان لەلای منداڵ بەجێهێشتووە دەبنە هۆی لاوازکردنی ((من)) ی منداڵ و رێگە بۆ ئەوە خۆش دەکەن کەمنداڵ هەست بەوە بکات کەئەو لەوانی دیکە کەم بەهاترەو چیدی ئەوەندە گرینگ نیە کەبژێت. هەندێجار منداڵ بۆ ئەوە پەنا بۆ خۆکوژی دەبات بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەرزەکارانەی خۆی بسەلمێنێت لەکاتێکدا کەهێشتا هێڵە گشتیەکانی ژیان بەلای ئەوەوە روون نین.

چەند لاپەڕەیەك پێش ئەم دێرانە نموونەی کچێکی ١٥ ساڵەم هێنایەوە کەزۆر بەروونی هاوار دەکات ئەو پێویستی بەیارمەتی هەیەو ئەگەر کەس یارمەتی نەدات ئەوە لەوانەیە خۆی بکوژێت. فەرامۆشکردنی مناڵ جا لەبەر هەر هۆیەك بێت هەستی ئەوە لەلای مناڵ دروست دەکات کەئەو بۆتە بار بەسەر باوك و دایکیەوە. دەبێ ئەوەش یاداشت بکەم کەمناڵ بەئەندازەی گەورە هەستەکانی زۆر ناسکن و زۆر زووش هەست بەو کارە دەکات. زۆر مناڵ هەن لەبەر نارەحەتی و هاروهاچی رووبەرووی دوعاکردنی دایبابەکانیان دەبنەوە کەبەشێکیان بەم جۆرەن:

(( یاخوا بمرن و لەکۆڵم ببنەوە)) یا (( هەموو ماڵێك مردووی هەیە تەنها ئێمە نەبێت)) یا (( خوایە زۆر شوکرم ئەگەر یەکێك لەمناڵەکانی منیش بۆ لای خۆت بەریتەوە)) ... هتد.

کارێکی ئاساییە کەدایك تا زۆر بێتاقەت نەبێت دوعای وا لەجگەرگۆشەکانی خۆی ناکات. بەڵام هەر کات بەفیعلی یەکێك لەمناڵەکان بمرن ئەوە کاریگەری ئەم حاڵەتە چ بۆ مناڵەکان و چ بۆ دایبابەکەش زۆرسەخت دەبن. هەندێ جار کاریگەرییەکان تەنها دەروونیش نابن بەڵکو جەستەییش دەبن.



## سیحری قسەکردن

ئەو منالانەی هەوڵی خۆکوژی دەدەن یا بیر لەخۆکوژی دەکەنەوەو پەیامی خۆکوژی دەنێرن خۆیان لەباردودۆخێکی زۆر ناسك و تایبەتدا دەبیننەوە کەلەکۆتاییدا وا لەو کەسە دەکات نەتوانێت زۆر بەوردی وەلامی پرسیارەکانی ناخی خۆی بداتەوە. ئەو پرسیارانە هەندێ جار لەبری وەلام پێویستیان بەکردار هەیەو ئەو کردارانەش پێویستیان بەبیرکردنەوەیەکی ورد هەیە کەکەسی نەخۆش لەتوانایدا نیە. زۆرجار مناڵێك لەرێگەی پەیامی خۆکوژییەوە ئەوە بەئێمە دەگەیەنێت کەئەو لەبارودۆخێکی زۆر ناسك دایەو لەوانەیە خۆی بکوژێت. بەلام ئێمە پێی دەڵێین (( گوێی مەدەرێ)) یا (( هیچ نیە)) یا تۆ هەڵەی)) ... هتد. منالی نەخۆش زۆر جار نایەوێت بەهیچ شێوەیەك دەوروبەری چۆڵ بێت. زۆر گرینگە بۆ ئێمە لەکۆتایی دانیشتنێکی وادا جۆرە ئومێدێك بدەینە ئەو مناڵە کەئێمە بەتەنگی ئەوەوە دێین. بیر لەو دەکەینەوە. ... هتد. زۆر گرینگیشە کاتێك بۆ بینینی یەکتر دەسنیشان بکەین. واتە

هیوایەکی پێبدەین کەهەنگاوی دووەم بەرێوەیە چونکە هەر کات منالّی نەخۆش هەستی بەبێئومێدی کرد لەوانەیە خۆی بکوژێت بەلام بەپێچەوانەوە ئەگەر ئومێدی بینینی یەکێکی گرینگی هەبوو، یا هەستی بەوە کرد کەیەکێك هەیە بەتەنگیەوە دێت و دەیەوێت گوێبیستی بێت ئەوە لەوانەیە لەهەوڵەکانی خۆی پەشیمان بێتەوە. بۆیە زۆر گرینگە لەو کاتانەی منالّەکەی خۆت یا هەر منالّێکی دی پەیامی خۆکوژیت بۆ دەنێرێت (بۆ نموونە دەڵێ خۆم دەکوژم، یا خۆم بکوژم باشترە، یا من نامەوێ چیتر بژیم ... هتد) تۆ بەهیچ شێوەیەك بەجێی نەهێڵیت.

لەکاتی ئەم ئاخاوتنانەدا ئەو منالّە گرفت ئامێزانە کۆمەڵێ تەوەر دەخەنە بەرباس و ئێمەش بەهەمان شێوە تەوەرەکانی خۆمان پێش دەخەین. لێرەدا زۆر گرینگە کەئێمە لەسەرەتادا تەوەرەکانی ئەو منالانە بەهەند وەربگرین و ئەوانەی خۆمان پەراوێز بکەین. یەکێك لەو خالّە گرینگانە ئەوەیە کەئێمە دەبێ گوێگرێکی زۆر وردبین و باش بین چونکە منالّ توانایەکی زۆر باشی هەیە بۆ ئەوەی بزانێت ئێمە گوێی لێدەگرین یا نا. ئێمە دەبێ ئەو قۆناغە تێپەرێنین کەبەشەرمەوە باسی خۆکوژی بکەین. من پێم وایە بەپێچەوانەوە دەبێ ئێمە پەنجە لەسەر برینەکان دابنێین. خودی منالّیش ئەوەی پێخۆش نیە



ئێمە لەو مەسەلەیە رابکەین، بەلام چی کاتێك باس لەو گرفتە بکەین ئەویش خالّێکی دیکەیە.

خالّێکی دیکە کەئێمە لەو جۆرە منالانەدا بەدی دەکەینە ئەوەیە ئەوان هەندێ ووشە زۆر دووبارە دەکەنەوە بۆ نموونە: تاقە رێگا، تاقە چارەسەر، یەك رێگا هەیە، یەك .... هتد ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە ئەو منالانە واهەست دەکەن هەموو دەرگاکان بەروویاندا داخراون و هیچ چارەسەرێك بەدی ناکەن. بۆیە ئێمە لەکاتی ئاخاوتنەکانی خۆماندا گرینگە کەئەڵتەرناتیڤی جۆراوجۆر بخەینە بەردەستی ئەو منالانە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کەجگە لەمەرگیش چارەسەری دیکە زۆرن.

## خۆشەویستی خێزان

شتێکی نوێمان نەسەلماندوە ئەگەر بڵێین خۆشەویستی دایباب بۆ منالّ بەردی بناغەی هەموو شتێکە. هەر منالّێك ئەو خۆشەویستیەی هەبێت هیچ نەبێت بەشێك لەبنەما سەرەکیەکانی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆی دابین دەکات. خۆشەویستی بەو مانایە نا تەنها بەقسەو لەپراکتیکیشدا رۆژانە منالّ چەندین جار توشی هەراسانکردن بێت. بەڵکو

خۆشەویستی بەمانا راستەقینەکەی کەکەش و هەوایەکی ئارام، نازێکی خانەوادەیی، بەدیهێنانی پێویستیەکان، رێزگرتني کەسایەتی، دووبارە نەبوونەوەی پەراوێزکردن و فەرامۆشکردن و توندوتیژی و ... هتد.

لەبەر زۆر هۆکار خۆشەویستی دایك بۆ منالّ کاریگەرییەکی زۆر زیاتری لەخۆشەویستی باوك بۆ منالّ هەیە،. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەندێ لەدایکەکان منالّەکانیان لەبەر پێداویستیەکانی خۆیان خۆش دەوێت نەك لەبەر پێداویستەکانی خودی منالّەکان. منالّ زۆر باش دەتوانێ هەست بەمە بکات، چونکە ئەو دایکانە ناتوانن وەڵامی پرسیارە هەستیارەکانی منالاّن بدەنەوە. لەلایەکی دیکەوە منالّ لەتەمەنی کۆرپەییەوە دەتوانێ هەست بەهەندێ شت بکات و هاوسۆزی خۆی پیشان بدات. ئەم جۆرە بۆچوونانە لەگەلّ بۆچوونەکانی پیاژێدا کەلەشوێنێکی دیکەدا خستمانەروو یەك ناگرنەوە. لیندالّ لەکتێبەکەی خۆیدا (Lindahl,1998.P.16) سەرئەنجامی چەندین لێکۆڵینەوەی هەمەجۆری لەم بارەیەوە خستۆتەروو کەبەهەمان ئاراستەدا دەڕۆن. هەندێك لەوانە پێیان وایە منالّ تا چوار مانگی یەکەم ( هەندێکی دیکەش پێیان وایە تا شەش مانگی یەکەم) تەنها هاوسۆزی لەگەلّ دایکیدا هەیە.



هەندێ منالّ لەترسی ئەوەی خۆشەویستی دایکیان نەدۆڕێنن پەنا دەبەنە بەر هەندێ رەوشتی نادروست، واتە ((من)) ی راستەقینەی خۆیان دەرناخەن یا بەشێوەیەکی دی ((من)) ێکی تەزویر دروست دەبێت (Sköld & Öhlen,1985.P.76) کەلەبەهای ئەو خۆشەویستیە کەم دەکاتەوە. بۆیە شتێکی سەیر نیە کەمنالّ لەهەمان کاتدا بتوانێ هەم رق و هەم خۆشەویستیش ئاراستەی هەمان کەس بکات. کچێکی ١٧ سالّە لەبەر ئەوەی رقی لەدایکی بوو خۆی کوشت. بەڵام لەهەولّەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو. ئو کچە لەکاتی وتووێژەکاندا (Sköld & Öhlen,1985.P.110) بەدوکتۆرەکانی راگەیاندبوو

(( ئەگەر خۆم نەکوشتایە ئەوە دەبوو دایکم بکوژم))

منالاّن ئەوە زۆر باش دەزانن کەونبوونی خۆشەویستی دایك مانای ونبوونی سەرە دەزووەکان و کۆتایی ژیانی ئەوان دەگەیەنێت. بۆیە بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەو خۆشەویستیە دەکەن و هەندێ جار ژیانی خۆیان لەپێناوی ئەو خۆشەویستیە روحیەدا بەخت دەکەن. ئەنجامی بەشێك لەلێکۆڵینەوەکان ئەوە دەردەخەن کەمنالاّن هەندێك جار لەکاتی گرفت و قەیراندا لەبری ئەوەی ئازاری کەسی بەرامبەر بدەن یا بیانکوژن دەچن توندوتیژی و ئازار ئاراستەی خۆیان

دەکەن. ئەم حاڵەتە لەلای گەورەکان بەپێچەوانەوەیە، واتە گەورەکان لەبری ئەوەی توندوتیژی ئاراستەی خۆیان بکەن دەچن ئاراستەی نەیارەکانی خۆیانی دەکەن. بۆ نموونە کچێکی پشدەری (م) لەرقی ئەوەی باوکی رازی نەبووە ئەو بدا بەو کوڕەی کەخۆشی دەوێت هەڵدەستێت بەکوشتني باوکی (kurdistanonline.com/24 aug 06).

هەندێ لەمناڵانی دیکە خۆکوژی وەکو هەرەشەیەك لەبەرامبەر دایبابەکانیاندا بەکاردێنن و هەندێکی تریان وەکو سزا و وەکو فشارێك بەکاری دێنن بەمەبەستی تاقیکردنەوەی هەستی خۆشەویستی دایبابەکانیان لەبەرامبەر ئەواندا، بۆ نموونە ((ئەگەر دەتەوێ من بەزیندویی بمێنەوە ئەوە بۆم بسەلمێنە کەمنت خۆش دەوێ)) یا (( یا فلانە شتم بۆ دەکەیت یا بۆ دەکڕیت یا خۆم دەکوژم))..

هەرکات مناڵ هەست بەباوەشی گەرم و نازی دایبابی خۆی نەکات توشی خەمۆکی، شپرزەیی، گوشەگیری ... هتد دەبێت کەهەموویان هۆکاری خۆکوژین. نەك هەر ئەوەش بەڵکو جێگای سەرنجە ئەو باوك و دایکانەی لەرۆژگارێکدا خۆیان توشی خەمۆکی و نیگەرانی بوون ئەگەری زۆر هەیە بۆ ئەوەی ئەو خەمۆکی و نیگەرانیانەیان بۆ مناڵەکانیان بگوێزرێتەوە.



ئانا فرۆید یەکێکە لەو کەسانەی بڕوای بەم تێزە ( **Sköld & Öhlen,1985.P.99**) هەیەو داکۆکی لێدەکات.

بەشێوەیەکی گشتی ونبوونی ئەو خۆشەویستیە وا لەمناڵ دەکات هەست بەجوانی شتەکان نەکات و ببێتە هۆکاری گەلێ روداوو قەیرانی دەرونی. لەکاتێکدا کەهەندێك نەبوونی ئەم خۆشەویستیە بەیەکێك لەهۆکارەکانی خۆکوژی مناڵان دەزانن، **Robert Gould** بەهۆکارێکی سەرەکی و گرینکی دەزانێت. لەپاڵ ئەم بۆچوونەی گۆڵدیشدا چەندین لێکۆڵینەوەی مەیدانی و ئاخاوتني مناڵان هەن کەپشتگیری لەو رایە دەکەن (**Sköld & Öhlen,1985.P.87-88**). لەخوارەوە سێ دانەیان دەخەمەروو:

لەلێکۆڵینەوەیەکدا لەگەڵ ١٥ مناڵی بچوکتر لە ١٥ ساڵان کەپێشتر هەوڵی خۆکوژیان دابوو ئەوە دەرکەوت کەهۆکاری ئەو کارەیان بۆ سێ خاڵ دەگەڕایەوە:

یەکەم: ناسەقامگیری پەیوەندی ئەوان لەگەڵ ماڵەوەدا.

دووەم: پشتیوانینەکردنی ماڵەوە لەوان.

سێیەم: دایبابەکان جیاوازیان دەکرد لەنێوان ئەم مناڵانەو مناڵەکانی دیکەیاندا.

لەلێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا بارودۆخی ٣٨ هەرزەکار کەهەوڵی خۆکۆژیان دابوو شرۆڤە کراو لەگەڵ گروپێکی دیکەدا بەراورد

کران کەخاوەنی چەندین نەخۆشی دەروونی بوون. لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکاندا ئەوە دەرکەوت کەرێژەیەکی زیاتر لەناو ئەو ٣٨ هەرزەکارانەدا (بەبەراورد لەگەڵ گروپی دووەم) پێش تەمەنی ١٢ ساڵی یەکێك لەدایبابەکانی خۆیان لەدەست دابوو. بەشێوەیەکی دی دوورکەوتنەوەیەکی یەکجارەکی دایبابەکان لەمناڵان یا دوورکەوتنەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ببووە هۆی خۆکوژی ئەو مناڵانە. ئیدی ئەو دوورکەوتنەوەیە مردن بێت یا دووبارە هاوسەرگیری بێت ئەوە شتێکی ئەوتۆ لەم بارەیەوە ناگۆڕێت.

لەلێکۆڵینەوەیەکی دیکەشدا کە٣٤ مناڵ تێیدا بەشدا بوون. هەوڵدرا ئەو هۆکارانە دەسنیشان بکرێن کەوای لەو مناڵانە کردبوو هەوڵی خۆکوژی بدەن. سەرئەنجام لێکۆڵینەوەکە بەوە کۆتایی هات کە ٢٦ لەکۆی ٣٤ مناڵ چەند هەفتەیەك بەر لەوەی هەوڵی خۆکوژی بدەن کەسێکی نزیکی خۆیان لەدەست دابوو. ئەم لەدەست دانە دەکرێ مردنی دایبابەکان بێت یا جودابوونەوە و دوورکەوتنەوەیان بێت لەمناڵەکان.



## تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە

تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە خاوەن تەلیسمێکی سیحراوین و لەولاتی ئێمەدا خراونەتە قالبێکی زۆر پیرۆزەوە تەنانەت لەبواری پراکتیدا کەس جورئەتی ئەوە ناکات بیانخاتە ژێر پرسیارەوە یا تێڕوانینێکی جودا لەوەی تاوەکو ئێستا هەیە بخاتە ئاراوە. تاقیکردنەوەکان قسە زۆر هەڵدەگرن بەلام من تەنها ئەوەندەی پەیوەندی بەبابەتەکەمەوە هەیە باسی لێوە دەکەم.

لەناو سیستمی ئێمەدا تاقیکردنەوەکان وەکو زوربەی لایەنەکانی ژیانی ئێمە تەنها بۆ کۆنترۆڵکردنی تاکەکان دانراوە. لەبەر ئەوەی مامۆستاو بەرێوبەرەکان بەتەواوی لەم بوارەدا قوڵنەبوونەتەوە بۆیە ئەوان هەمیشە کۆنترۆڵکردنی خوێندکارانیان بەشێوە کلاسیکیەکەی بەڕێوە بردووە. من هیچ گلەییەکم لەمامۆستاکان نیە چونکە ئەوان لەزانکۆدا تەنها هەندێ زانستی کۆن دەخوێنن و فێری ئەوە دەبن چۆن خوێندکاران کۆنترۆل بکەن و بەچ شێوەیەك (لەپراکتیکدا) ئازاری فیزیکی و دەروونی ئەوان بدەن. سیستمی پەروەردەیی

ئـێمە تێڕوانینـێكی هاوچـەرخانەی بـۆ كـۆی پەرەسـەندن و گەشەكردنی منالآن نیە.

ئەگەر بڕیار وابێت ئـێمە خوێندكارەكانمان تاقیبكەینـەوەو لەوە دڵنیابین كەخاوەن ئاستی زانستی پێویستن ئەوە چەندین ڕێگەی دیكە یا شێوەی تاقیكردنەوە هەیە. هەموو مامۆستایەك زۆر بەباشی دەتوانێ ئاستی خوێندكارەكانی خۆی هەڵبسەنگێنێت بۆیە ئێمە هیچ پێویستمان بەوە نیە ئەو تەلیسمە سیحراوییە ببەخشینە تاقیكردنەوەكان. هەموو مامۆستایەك و خوێندكارێكیش دەزانن كەهەموو خوێندكاران لەتاقیكردنەوەكانی كۆتایی سال، نیوسال یا تاقیكردنەوە گشتیەكان دەترسن. من نازانم ئیتر بۆ ئێمە ئەوكارە بكەین؟ بۆ ناتوانین هیچ نەبێ تاقیكردنەوەكانی نیوسال لەقۆناغی سەرەتاییدا لابەین؟ بۆ مامۆستا ناتوانێت ئەم تاقیكردنەوەیە لەشێوەی تاقیكردنەوەیەكی ئاساییدا ئەنجام بدات و چیدی شتێك نەبێ بەناوی تاقیكردنەوەكانی نیو سال یا كۆتایی سالٚ؟ ... هتد.

بەپێی سیستمی پەروەردەیی هەندێك ولآتی ڕۆژئاوایی خوێندكاران تا شەش سالی یەكەمی قوتابخانەش (یا زیاتر) تەواو دەكەن ترسی كەوتنیان نیە. بەلآم بەشێوەیەكی گشتی لەو ولآتانەش منالآن ترسێكی تا ڕادەیەك گەورەیان لەو



تاقیكردنەوانە هەیە كەدەیكەن. لەبواری ژیانی ڕۆژانەدا چەندین خوێندكاری زیرەكم بینوە كەلەكاتی تاقیكردنەوەكاندا نەیتوانیوە ئەوەی دەیزانێت بیخاتە سەر كاغەز. بۆیە من وای دەبینم كەمكردنەوەی تاقیكردنەوەكان و شكاندنی ئەو تەلیسمە سیحراوییەی تاقیكردنەوە گشتیەكان و سەرتاسەرییەكان هەیانە منالّەكانمان لەو فۆبیایە ڕزگار دەكات.

لەم بوارەدا ئێمە خوێندكارەكانمان بەتاقیكردنەوە ترساندووە. نەك هەر ئەمە بەلكۆ ئەم ترسەمان بەهەمان ئەندازە بۆ ناو خێزانەكان گواستۆتە بۆیە سەرەك خێزانەكان هەمیشە هەڕەشەی جۆراوجۆر لەمنالّەكانیان دەكەن. بۆ نموونە؛ ئەگەر بێت و لەقوتابخانە دەرنەچن، ئەگەر بێت و بەیەكەم دەرنەچن، ئەگەر بێت و كتێبەكانیان بدڕێنن یا لێیان بنووسن. ، ئەگەر بێت و نەبنە دوكتۆر یا ئەندازیار .... هتد .

من لەگەلٚ ئەوەدام كەمالّەوە ئاگاداری ئاستی منالّەكانیان بن، بەلآم هەرگیز لەگەلٚ ئەوەدا نیم ئەو كارە بەشێوەیەك بێت كەخوێندكاری پێ بترسێندرێ. با كارتی خوێندكاران بدرێتە دەستی خۆیان و دواتر بەشێوەیەكی دیكە قسە لەگەلٚ مالّەوەیاندا بكرێت. حیجزكردنی كارتی خوێندكاران لەوەوە هاتووە كەدەبێ قوتابخانە وەكو حكومەت، حیزب، یا وەكو هەر

هێزێکی رۆژهەلاتی کلاسیك کۆنترۆڵی هەموو شتێکی وردو درشتیش بکات. لەلایەکی تریشەوە نیشانەی ئەوەیە کەقوتابخانە دەسەلاتی ئەوەی نیە لەرێگەی ئامرازە پەروەردەییەکانەوە چاودێری ئاستی زانستی خوێندکارەکانی خۆی بکات. ئەگەر قوتابخانە ترسی ئەوەی هەیە خوێندکارەکانی کارتەکەی خۆیان پیشانی ماڵەوەیان نەدەن ئەوە گرفتی ناو ماڵەکانە نەك گرفتی قوتابخانەکان. من لەو تێکەڵوپێکەڵیەی سیستمی پەروەردەیی خۆمان تێدەگەم، چونکە ئەم مەسەلەیە لەلایەك هەموو بوارەکانی تریشی گرتۆتەوەو لەلایەکی دیکەوە ئێمە شارەزای زانستی تازە نین و بەرۆحێکی رێکخراوەییەوە کار ناکەین. لەهەر وڵاتێکیشدا دەزگای مەدەنی کارا لەئارادا نەبێ ئەوە خەڵك بەشێوەیەکی هەرەمەکی جێگای ئەو دەزگایانە دەگرنەوە. بۆ نموونە لەهەر وڵاتێکدا سیستمێکی رێکوپێکی خانەنشینی نەبێت خەلك هەوڵی ئەوە دەدات ژنی زۆر بێنێت بۆ ئەوەی منداڵی زۆر بێت و لەپاشەڕۆژدا ئەو منالانە خزمەتی بکەن.

من قەناعەتێکی تەواوم بەوە هەیە کەسیستمی پەروەردەیی ئێمە بەشێوەیەکی زۆر هەڵە لەمەسەلەی دەرچوون یا دەرنەچوونی خوێندکار تێگەیشتووە. ئەم مەسەلەیە هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا زانکۆش بەشێوەیەکی هەڵە



مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و پانتاییەکی گەورەی لەناو سیستمی پەروەردەییدا گرتووە. کەوتن بەشێکی زۆر بچکۆلەیە لەکۆی پرۆسەی پەروەردەو ئەوە هەڵناگرێ خوێندکارانی پێ بترسێنین. دەبێ خوێندکار لەکۆی چەندین ساڵی خوێندندا تەماشا بکرێت نەك لەماوەی یەك یا دوو ساڵدا.

ئێمە تێڕوانینەکانمان زۆر کورت خایەنن و تا ئێستا نەمانتوانیوە لەسەر ئاستی دوور تەماشای دوارۆژی خوێندکاران بکەین. بۆ ئەوەی کارەکانمان بەرێوە بچن رێگاچارەی تر زۆرن و پێویستمان بەوە نیە خوێندکار بەکارت بترسێنین. هیچ پێویستیشمان بەوە نیە کارتەکان نەدەنینەوە تا باوك و دایکی خوێندکارەکانمان ببینین. من پێم وایە دەبێ کارتەکەی )ژ) و سەدەها خوێندکاری دیکەش کەدەرنەچوون بدرێتە دەستی خۆیان. ئێمە کەبزانین خوێندکار زۆر لەوە دەترسێت کەبەماڵەوەیان بلێت "من دەرنەچووم بۆیە کارتەکەیان نەداومەتەوە" ئیدی بۆ ئەم کارە بکەین.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە بەئاشکراکردنی نمرەی خوێندکاران لەبەر چاوی هەموو پۆلەکە مامۆستاکان گوناهێکی گەورە بەرامبەر بەخوێنکاران دەکەن. ئەوان توشی شکستی دەروونی دێن، وایان لێدێت شەرم بکەن، تەرق ببنەوە، بچن بەناخی

زەویدا، ببنە جێگەی توانج و گاڵتە پێکردنی منداڵەکانی دیکە یا بەشێوەیەکی گشتی توشی هەراسانکردن بێن.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر قوتابخانە خوێندکارەکانی خۆی بەوە نەترسێنێ کەهەر کات شتێك لەکتێبەکانیان بنووسن یا بیدڕێنن واوایان لێدەکەن (بۆ نموونە –ڤ-) ئەوکاتە هیچ منداڵێك دوچاری فۆبیای قوتابخانە نابێت. دەبێ ئەوەش بڵێم لەناو قوتابخانەکانی ئێمەدا زیاتر لەفۆبیایەك هەیەو بەدەر لەوەش لەناو کۆمەڵگادا منداڵ توشی چەندین فۆبیای دیکە دەبێتەوە. ئەوە خوێندکارێك دەرنەچوو یا کتێبەکەی دڕاند خۆ دنیا کاول نابێت ئیدی چ پێویست دەکات قوتابخانە بیانترسێنێ (ئەو دوو حاڵەتەی سەرەوە ئاماژەم پێکردن و بەمەرگی ئەو دوو منداڵە تەواو بوون من دواتر لەتەوەری پەروەندە کوردییەکاندا دەگەڕێمەوە سەریان).

بەهەر حاڵ پیادەکردنی تاقیکردنەوەکان بەم شێوەیەی کەهەیە جۆرە فۆبیایەکی دروستکردووە کەمن پێم وایە یەکێکە لەو هۆکارانەی لەپشتی خۆکوژی منداڵانەوە دەوەستێت. بەڵام بۆ وردبوونەوە لەم مەسەلەیە پێویستمان بەلێکۆڵینەوە هەیە لەسەر هۆکارەکانی ئەو منداڵانەی تاوەکو ئێستا خۆیان کوشتووە.



لەوتارێکی سمکۆ عبدالکەریمدا هاتووە کە(ه) کەتەمەنی ١٦ ساڵانەو لەیەکێك لەقوتابخانەکانی هەولێردا دەیخوێند لەرێگەی خۆسوتاندنەوە کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا. دوا قسەی ئەو خوێندکارە لەدوای خۆسوتاندنەکەیەوە ئەوە بووە کەبۆ مامۆستاکان ساقیتیان کردووە (Kurdistannet.org/2006/?). ئەم خوێندکارە بەدەر لەوەی ساڵی پاریش کەوتبوو ، ئەمسالیش لە شەش وانە کەوتبوو. لەهەمان وتاردا هاتووە کە (س) ی تەمەن ١٥ ساڵە لەپاش ئەوەی لە شەش وانە دەکەوێت بەدەمانچە خۆی دەکوژێت. بەڵام ئێمە هیچ سەرچاوەیەکی فەرمیمان لەبارەی ئەم دوو حاڵەتەوە دەست نەکەوت. من چەندین نموونەی هاوشێوەی دیکەشم لەبەردەستدایە کەلەرۆژنامەو هەفتەنامە کوردییەکاندا بڵاوکراونەتەوە. بەڵام هیچ یەکێکیان نەئاماژە بەسەرچاوەیەکی فەرمی دەکەن و نەقسەو دیدارێکی خێزانی ئەو منداڵانەشیان بڵاوکردۆتەوە. ئەمەش کارێکی وادەکات کەهیچ نووسەرێك نەتوانێت لەسەریان بنووسێت.

## پەروەندە کوردییەکان

وەك هەموو لایەك دەزانین هیچ جۆرە ئامارێکی فەرمی لەکوردستاندا لەبارەی ژمارەی ئەو منالانەوە نیە کەخۆیان کوشتووە. وەك لەپێشەکی کتێبەکەدا نووسیومە هەندێ هەوڵم بۆ دەستکەوتني ئامارێکی لەو بابەتە دا بەلام بێهودە بوون. لەلایەکی دیکەوە لێرەو لەوێ هەندێجار بنکەکانی پۆلیس و هەندێك لەخەستەخانەکان جۆرە ئامارێك دەدەنە رۆژنامەکان کەلێرەدا ناشێ من وەکو ئاماری فەرمی بەکاری بهێنم.

لەسەردانێکی نەخۆشخانەی ئیمێرجینسی سلێمانی لەناوەراستی ساڵی ٢٠٠٥ دا بەرێوبەری نەخۆشخانەکە ئەوەی پێراگەیاندم کەوا ژمارەیەکی زۆری سوتاوی دەگەنە نەخۆشخانەکە کەگوایە بەقەزاو قەدەر سوتاوون. بەلام پاش لێکۆڵینەوەو فەحسکردن دەردەکەوێت کەئەوانە حاڵەتی قەزاو قەدەر نین، بەلام لەبەر هۆکاری تایبەتی ئێمە بەدوایاندا ناچین.



بەپێ زانیارییەکی نەخۆشخانەی ئیمێرجینسی لەسلێمانی لەساڵی ٢٠٠٤ دا تەنها لەشاری سلێمانی ٣٤ حاڵەتی سوتاوی خوێندکاران (١٣-٢٠ ساڵ) تۆمار کراوە کە ٥٨% یان کچ بوون. ٦١% ی ئەو حاڵەتانە خۆکوژی بوونە (میدیا ،ژ١٨٧/٢٠٠٥). بەپێ هەمان سەرچاوە لەبەر زۆر هۆکاری کۆمەلایەتی زوربەی خێزانەکان هۆکاری راستەقینەی سوتاویەکان نالێن. بەپێی لێدوانی موفەوەزی لێکۆڵینەوەی پۆلیس لەهەمان نەخۆشخانە لەبەر ئەوەی بەشێك لەخوێندکارە سوتاوەکان تەمەنیان زۆر مناڵە بۆوە بۆیە ئەوان ناچار بوونە ئیفادەی خێزانەکانیان وەربگرن، ئەوانیش زۆرجار راستیەکان دەشارنەوە. بۆیە زۆر ئەستەمە ئامارێکی راستەقینەمان لەو بارەیەوە دەست بکەوێت.

لەئامارێکی دیکەدا کەلەنیوەی یەکەمی ٢٠٠٦ دا بلاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە کراوە لەچوار مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ داو تەنها لەپارێزگای سلێمانیدا ٢٦٦ حاڵەتی مردن و خۆکوژی هەبووە کە١٦٠ یان تەمەنیان لەنێوان ١٥- ٣٥ ساڵدا بووە. بەپێ هەمان ئامار کەلەلایەن پزیشکی دادوەریی سلێمانیەوە دەرچووە لەماوەی ١٠ رۆژدا لەمانگی ئایاری هەمان ساڵدا ١٠ کەس خۆیان کوشتووە. هەروەها لەساڵی ٢٠٠٢ دا ٨٦ حاڵەتی خۆکوژی، لەساڵی ٢٠٠٣ دا ١١٧ ، لەساڵی ٢٠٠٤ دا

١٨٣ و لەساڵی ٢٠٠٥ یشدا ١٢٥ حاڵەتی خۆکوژی لەسلێمانیدا هەبووە (خوێندنی لیبرال، ژ ٢٠٠٦/٦٩).

لەئامارێکی دیکەدا هاتووە کەلەماوەی حەوت مانگی یەکەمی ٢٠٠٦ دا ١٠٣ ژن و ٢٨ پیاو بەهۆی سوتاوییەوە مردوون . بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی سلێمانیش لەئامارێکدا ئەوەی ئاشکرا کردووە کەلەماوەی حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ دا ٢٦ کەس خۆیان کوشتووەو لەهەمان ماوەشدا لەساڵی ٢٠٠٦ دا ٣٥ کەس خۆیان کوشتووە (هەولێر پۆست، ژ ٢٠٠٦/٨٩). بەڵام لەنێو ئەمانەدا ڕێژەی مناڵان چەندە، ئەوە روون نیە.

بێگومان کۆکردنەوەی ئەم هەموو ژمارانە بەیەکەوە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کەڕێژەی خۆکوژی گەشتۆتە ئاستێکی هێندە بەرز کەهیچی لەڕێژەی هەندێك وڵاتی ڕۆژئاوایی کەمتر نیە، بەڵام نەبوونی ئامارێکی کۆکراوەی فەرمی لەکوردستاندا وامان لێدەکات نەتوانین هیچ جۆرە بەراوردێك بکەین.



## بیروبۆچوونی مناڵەکان

لەهەمان کاتدا کەخەریکی لێکۆڵینەوەیەك بووم لەسەر دیاردەی هەراسانکردنی مناڵ توانیم بەشێوەیەکی لاوەکی سێ پرسیار لە ١٠٠٠ مناڵی دانیشتووی شارەکانی کەرکووك، سلێمانی و هەولێر بکەم کەبریتی بوون لە ٦٠٠ کوڕو ٤٠٠. ئەم سێ پرسیارانە بەم شێوەیە بوون.

ئایا قەت رۆژێ لەرۆژان بیرت لەوە کردۆتەوە کەخۆت بکوژیت؟

ئەگەر ئا هۆکارەکان چی بوون؟

بەرای تۆ مردن چیەو چۆنی لێ تێدەگەیت؟

لەکۆی ئەو ١٠٠٠ مناڵە کەزوربەیان مناڵانی قۆناغی سەرەتایی بوون ٢٠% یان بیریان لەخۆکوژی کردبۆوە. بەڵام کچان بەرێژەی ٢٦%(لەکۆی ٤٠٠ کچ) و کوڕان بەرێژەی ١٦ % (لەکۆی ٦٠٠ کوڕ). من پێم وایە ئەمە رێژەیەکی زۆر بەرزەو فشاری کۆمەڵایەتی بۆ سەر کچانیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کەوای کردووە کچان بەرێژەیەکی زۆر زیاتر بیر لەخۆگوژی بکەنەوە.

هۆکاری ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بەرادەی یەکەم بریتی بوون لەو نارەحەتی و خەفەت و ئازارە دەروونی و جەستەییانەی خێزانەکان بۆ مناڵەکانی خۆیان دروست کردبوو؛ ٥% ی کوڕان و ١٢% کچانیش هەمان رایان هەبوو. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم خشتەیەدا ئەوەیە رەفتاری خراپی مامۆستاکان و گرفتەکانی ژیان دوو هۆکاری دیکە بوون بۆ ئەوەی کوڕان بیر لەخۆکوژی بکەنەوە. بەلام هیچ کچێك لەبەر ئەم دوو خاڵە بیری لەخۆکوژی نەکردبۆوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەشێك لەکچان لەبەر ئەوەی لەماڵەو شتیان بۆ نەکڕیبوون و لەتاقیکردنەوەکانی قوتابخانە دەرنەچووبوون بۆیە بیریان لەخۆکوژی کربۆوە. بەلام هیچ کوڕێك بیری لەمانە نەکردبۆوە.

| هۆکارەکانی خۆکوژی | کوڕان | | کچان | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| لێدان و خەفەتی ماڵەوە | ٣٠ | 5 | ٤٨ | 12 | ٧٨ | 7.8 |
| ناخۆشی و گرفتی ژیان | ١٨ | 3 | 0 | 0 | ١٨ | 1.8 |
| لێدان و شکانەوەی مامۆستا | ١٨ | 3 | 0 | 0 | ١٨ | 1.8 |



| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نایەوێ ئاشکرای بکات | ٦ | 1 | 0 | 0 | ٦ | 0.6 |
| بێوەلام | ٢٤ | 4 | ٣٢ | 8 | ٥٦ | 5.6 |
| شتم بۆ ناکرێن | 0 | 0 | ٨ | 2 | ٨ | 0.8 |
| کەوتن لەتاقیکردنەوەکان | 0 | 0 | ١٦ | 4 | ١٦ | 1.6 |
| کۆمەڵگا | ٩٦ | 16 | ١٠٤ | 26 | ٢٠٠ | 20 |

## هۆكارەكانی خۆكوژی منالآن

لەكاتی پرسیاركردندا رێژەیەكی (٤%) ی كوڕان و (٨%) ی كچانیش رازی نەبوون ئەو هۆكارانە ئاشكرا بكەن كەپاڵی پێوە نابوون بیر لەخۆكوژی بكەنەوە. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو بۆ من بەشێك لەو منالآنەی بیریان لەخۆكوژی كربۆوە لەپۆلی یەكەم و دووەمی سەرەتاییبوون و تەنها پێنج منالّ لەقۆناغی ناوەندی بوون. بەراستی ئەم هۆكارانە پێویستیان بەوە هەبوو زیاتر لەسەریان بوەستم، بەلآم من لەكاتێكدا ئەو پرسیارانەم كرد خەریكی باسێكی دیكە بووم قەت ئەوەم بۆ نەدەكرا زۆر لەسەر ئەم پرسە راوەستم.

لەبەرامبەر پرسیاری سێیەمدا بەشی هەرە زۆری منالّەكان مردنیان بەشێوەیەكی بایەلۆژی پێناسە كرد. بەلآم بەشێكیان كەتەمەنیان ١٠ - ١٣ سالآن بوو بەشێوەیەكی كەمێك جودا پێناسەی مردنیان كردبوو. ئەوانە پێیان وابوو كاتێك یەكێك لێیان دەدات، قسەی ناشیرنیان پێدەڵێ، ئازاریان دەدات یا لێیان توڕە دبێت ئیدی ئەوان دەمرن یا هەست بەمردن دەكەن. ئەوان



بەروونی مردنیان كردبوو بەدوو بەشەوە. مردن لەرێگەی نەخۆشیەوە كەبەفرمانی خوایەو مردن لەئەنجامی توڕەبوون و تەریقبوونەوە. ئەمانەی خوارەوە بەشێكن لەوەلآمی گروپی یەكەم:

- دابڕان لەژیان، دەرچوون لەژیان و زیندوو نەبوونەوە.
- مردن نەمانە لەژیاندا، ئیدی بەنەخۆشی یا شتی دیكە
- مردن یانی دلّ لەكار كەوتن
- لەئەنجامی بڕینی هەناسەوە
- كەسی مردوو ناگەرێتەوە بۆ ژیان
- لەیەكتر جیابوونەوە
- چاو لەیەك نان
- دابڕان لەدایك و باوك و هاوڕێ
- كەمردن بەهۆی سوتانەوە هات ئەو كەسە ئیتر زیندوو نابێتەوە
- مردن واتە روح دەچێتە ئاسمان و ناگەرێتەوە
- پێغەمبەر دەڵێ لەمردن ناخۆشتر نیە
- مردن چوونە بۆ لای خوا
- مردن چوونە بۆ بەهەشت یا دۆزەخ
- مردن زۆر ناخۆشە، من باپیرەم هەفتەیەكە مردووە. من زۆر گریام و هەستم بەتەنیایی دەكرد

- مردن ساردبوونەوەی لەشی مرۆڤە
- مردن واتە ئەجەلت دێ و دەمری

ئەمانەی خوارەوەش وەلامی گروپی دووەمە

- کەمرۆڤ پیر بوو دەمرێت. بەلام کەمامۆستاش لێم تورە دەبێت من دەمرم
- کەشتێکی ناخۆش دەبینم دەڵێم شالا بمردایەم و ئەم شتەم نەدیبایە
- کەمردیت ناژێیتەوە. بەلام مردن هەر ئەمە نیە بەڵکو کاتێ تەریقیش دەکرێیتەوەوە خەفەت دەخۆیت و دەمریت
- مردن دوو جۆری هەیە. یا لەئەنجامی تورەبوونەوە یا لەئەنجامی نەخۆشیەوە دێتە کایەوە.
- مردن ئازادیە
- مردن شتێکی عەجایەبە
- کاتێك مامۆستا لێمان تورە دەبێت ئەوە مردنە بۆ ئێمە
- کاتێك لەقوتابخانە لێت دەدەن هەست دەکەیت دەمریت. بۆ نموونە قسەی ناشیرین مردنێکە بۆ خۆی
- مردن زۆر خۆشە چونکە لەژیان بێزار بووم
- مردن دوو جۆرە؛ مردن لەخواوەو مردن لەتەریقبوونەوە
- مردن ئەوەیە کاتێك براکانم خەفەتم دەدەنێ



- ئەگەر بمرم خۆ ناتوانم بۆت بنووسم

خودی مامۆستاکان پێیان وایە قوتابخانەو سیستمی پەروەردەییش گوناهبارە لەمەسەلەی خۆکوژی منالەکان خوێندکاراندا. وەك لەخوارەوە دەبینین زیاتر لەنیوەی ئەو ٢٥٠ مامۆستایەی وەلامی ئەم پرسیارەیان دایەوە پێیان وابوو هەندێجار ئەوانە بەرپرسیارن.

| مالەوە بەرپرسیاری سەرەکین لەخۆکوژی خوێندکارەکاندا، بەلام تۆ پێت وایە لەم مەسەلەیەدا قوتابخانەش خەتابارە؟ | | |
|---|---|---|
| مامۆستا | ژمارە | ڕێژەی سەدی % |
| هەرگیز (نا) | 82 | 32,8 |
| هەندێجار | 138 | 55,2 |
| زۆرجار | 30 | 12 |

# خۆکوژییەکان

لەسەرەتای ئەم کارەدا هەوڵدانی من بۆ ئەوەبوو هەندێ حاڵەتی خۆکوژی منالٚ دەسنیشان بکەم و بەدرێژی هۆکارەکانی ئەو خۆکوژیانە شیبکەمەوە. دوای ئەو هەوڵە ناسەرکەوتوانەی خۆم ناچار بریارم دا لەسەر دوو حاڵەتی خۆکوژی دوو منالٚ رابوەستم و هەندێ بیرو سەرنجی خۆم لەسەریان بخەمەروو. سەرچاوەی ئەم نووسینەش ٢-٣ وتاری زۆر کورتن کەتایبەت بەم دوو حاڵەتە لەرۆژنامەکاندا کەسانی ناپسپۆر لەم بوارەدا بلاٚویان کردۆتەوە. لەم نووسینەدا من هیچ لایەنێك تاوانبار ناکەم، تەنها ئەوە نەبێت کەهەولٚ دەدەم لەبەر رۆشنایی ئەو وتارانەدا بەشێك لەهۆکارەکانی ئەو خۆکوژییانە روون بکەمەوە.

## حاڵەتی یەکەم

(ڤ) خوێندکارێکی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوو لەهەولێر (١٤ سالٚ). رۆژێك دەرگا لەخۆی دادەخات و ئاگر لەگیانی خۆی



بەردەدات (میدیا، ژ١٨١/٢٠٠٥). لەنێوان بەرێوبەرایەتی پەروەردەی هەولێرو خێزانی ئەم منالٚە هەرایەك لەسەر چۆنێتی رووداوەکە دروست دەبێت کەلەراستیدا وەکو فاکت هێندە لەیەکەوە دوور نین. بۆ روونکردنەوەی ئەمەش پێم باشە هەردوو سیناریۆکە بخەمەروو:

بەگوێرەی سیناریۆی مالٚەوە (ڤ) بەگریان دەچێتە مالٚەوەو دەلٚێ (( دایکە چەند جارێکە لەقوتابخانە کتێب و شتم لێدەدزن و مامۆستا (...) ش بڕوام پێناکات، لێم دەدا، لەبەر چاوی قوتابیەکان دەمشکێنێتەوەو قوتابیەکانیش هۆیهام لێدەکەن)). (ڤ) هەر دەگرێ و ژێر نابێتەوە تا دەچێتە ژوورێکەوەو دەرگا لەخۆی دادەخات و ئاگر لەگیانی خۆی بەردەدات. بەرای مالٚەوە (ڤ) بۆیە خۆی کوشتووە چونکە ئەو مامۆستایە (...) کەیاریدەدەری بەرێوبەرە لەمنالٚەکەیانی داوەو لەبەر چاوی هاوپۆلەکانیدا شکاندویەتیەوە. ئەو مامۆستایە نکولٚی لەوە دەکات کەپەنای بردبێتە بەر لێدان و لەبەر چاوی هاوپۆلەکانیدا سوکایەتی پێکردبێت (هاولاٚتی، ژ٢٠٥/٢٠٠٤). ئەو مامۆستایە دەلٚێت (( ئەم خوێندکارە لەوانەی ئینگلیزیدا کتێبەکەی لێ وون دەبێت و هاوپۆلەکەی خۆی (...)بەدزيني کتێبەکەی تومەتبار دەکات)). دواتر لەقوتابخانەکە چەند مامۆستایەك دەچن و جانتای خوێندکارەکان دەپشکنن و

سەرئەنجام کتێبەکە نادۆزنەوە. لەکۆتاییدا ئەوەیان لەلا روون دەبێتەوە کە(ڤ) کتێبەکەی خۆی لەگەڵ یەکێك لەهاورێکانیدا گۆڕیوەتەوە چونکە (ڤ) بەکوردی لەسەر کتێبەکەی خۆی نووسیوە. لەکۆتایی ئەم وتارەشدا ئەوە نووسراوە کەچەند منالێك بەهۆی ئەم رووداوەوە دانیان بەوەدا ناوە کەهاواریان لەم منالە کردووە .... هتد

پەروەردەی گشتی هەولێریش سیناریۆکەی خۆی لەراگەیاندنێکدا لەدوای نزیکەی شەش هەفتە بەم شێوەیە دەخاتە روو (هاوڵاتی، ژ ٢١١/٢٠٠٥):

((لەوانەی ئینگلیزی قوتابی ناوبراو بەمامۆستاکەی دەڵێ پەرتووکی ئینگلیزیم ونکردووە. یاریدەدەرێ بەڕێوبەریش لەگەڵ دوو مامۆستای دیکە لەپۆلەکە دەگەڕێن و کتێبەکە نادۆزنەوە، بەڵام قوتابی ناوبراو پەرتوکێکی ئینگلیزی لەلا دەبێت. مامۆستاش پێی دەڵێ ئەی ئەو پەرتوکە هی کێیە، ئەویش دەڵێ هی (...) هاورێمە..... )) کاتێك لەو هاورێیەی دەپرسن ئەو بەم شێوەیە وەڵام دەداتەوە (( ڤ- هات و ووتی کتێبي خۆتم بدەرێ و هی منیش با لەلای تۆ بێت چونکە من بەکوردی لەسەری نووسراوە نەوەك مامۆستا قبوڵ نەکات. منیش رازی نەبووم بەڵام (.ڤ) بەبێ ئاگاداری من پەرتوکی مني برد)) دوای ئەوەی یاریدەدەری بەڕێوبەر بەمە دەزانێت دەچێتە لای (...) و



راستیەکەی پێدەڵێت و بەپێی راگەیاندنەکە یاریدەدەری بەڕێوبەر (( لەسەرخۆ کتێبەکە بەسەری (ڤ) دا دەدات و پێی دەڵێ با بەیانی دایکت بێت بۆ قوتابخانە ...)).

هۆکاری سەرەکی لێرەدا کەهەموو ئەو هەرایەی ناوەتەوە بریتیە لەگۆڕینەوەی کتێبي ئینگلیزی. شکی تێدا نیە ئەگەر مامۆستاکانی ئێمە لەوە تورە نەبوونایە منالێك شتێك لەسەر کتێبەکەی بنووسێت ئەم منالەش هەولی ئەوەی نەدەدا کتێبەکەی بگۆڕێتەوە. من لەشەستەکاندا لەپۆلی یەکەمی سەرەتایی بووم و هەر منالێك شتێکی لەکتێبەکەی بنووسیبایە هەراسان دەکرا و ئیهانە دەکرا. بەداخەوە تاوەکو ئەمرۆش ئەو کارە بەهەمان رەوتدا دەروا. بەنیسبەت ئەم منالانەوە شتێکی ئاساییە ووشەیەك یا دێڕێك لەسەر کتێبەکانیان بنووسن چونکە ئێمەش کاتی خۆی هەمان کارمان دەکرد. دوایی ئەگەر لەسەر هیچ کتێبێك پێویست بەوە نەکات کەمناڵ شتی لەسەر بنووسێت ئەوە لەسەر کتێبي ئینگلیزی پێویستە شت بنووسرێت چونکە بەو شێوازی وانەووتنەوە دواکەوتووەوە کەهەمانە بۆ مناڵ زۆر سەختە بەئاسانی لەو زمانە تێبگات.

من پێم وایە بۆیە نووسین لەسەر کتێب بۆتە ئەو حەرامە گەورەیە چونکە کتێبەکان سالانی داهاتوو بەسەر

خوێندکارەکانی تردا دابەش دەکرێن. کەواتە ئەمە گرفتی وەزارەتی پەروەردەیە. ئەگەر ئەم وەزارەتە نەتوانێت ئەم گرفتە چارەسەر بکات ئەدی منالان بۆ باجەکەی بدەن. من لەگرفتی قوتابخانەکانیش تێدەگەم بەلام شێوازی دیکەی باشتر زۆرن بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە. گرفتی قوتابخانەکانی ئێمە لەوەدایە کەبەشتێکەوە گرتیان زۆر بەسەختی دەیگۆڕن. لەلایەکی دیکەوە بردنی کتێبێك لەلایەن منالێکەوە ئەوە ناگەیەنێت چەند مامۆستایەك ناو جانتای هەموو خوێندکارەکانی دیکە بپشکنن. ئەمە لەلایەك ئەرکی پۆلیسە نەك مامۆستاو لەلایەکی دیکەشەوە لەروانگەی منالەکانەوە کەسایەتیەکی نێگەتیڤانە دەبەخشێتە مامۆستاکان.

قوتابخانە پێویستی بەوەیە دەقاودەق بەپێچەوانەوە کار بکات. ئەوە زۆرداریی قوتابخانەیە کەپال بەمنالەوە دەنێت بترسێت و لەترسانا پەنا بباتە بەر دزی و دروزنی و شت شاردنەوەو ...هتد. قوتابخانە دەیەوێت کەس شت لەسەر کتێبەکان نەنووسێت و لەتاقیکردنەوەکانیشدا دەربچن. ئەگەر دەریش نەچوون دەنێرن بەدوای دایبابەکانداو هەراسان دەکرێن و .... هتد.

دواتر وەکو لەراگەیاندنەکەی پەروەردەی گشتیدا دەردەکەوێت (ڤ) جاری دیکە ئەم کارەی نەکردووە. ئەگەر ئەمە راست بێت ئەوە چ پێویست بەوە دەکات لەسەر درۆیەك منالێکی



سەرەتایی شپرزە بکەیت و بنێری بەدوای دایکیدا. قوتابخانە بۆ کاری زانستی و پەروەردەیی پێویستیەکی زۆری بەوە هەیە دایبابەکان ببینێت کەچی ئەوە ناکات بەلام لەبەر درۆکردنێك منالێکی وا شپرزە دەکات. لەلایەکی دیکەوە وەکو لەشوێنێکی دیکەدا ئاماژەم بۆ کردووە درۆکردن و دزیکردن زیاتر ئاماژەیەکن بۆ پێداویستیەکانی منال. منال تا پێویستی پێ نەبێت ئەو کارە ناکات. مەبەستی من ئەوە نیە (ڤ) کارێکی باشی کردووە بەلام لەروانگەی پەروەردەییەوە من وای دەبینم (ڤ) پێویستیەکی بەو درۆکردنە هەبووە بۆیە کردوویەتی. ئەگەر بهاتایەو مامۆستاکان ئەو منالانەیان هەراسان نەکردایە کەلەکتێبەکانیان دەنووسن هەرگیز ئەوانیش پێویستیان بەم درۆکردنە نەدەبوو. دواتر دەبێ سەرجەمی ئەوانەی لەبواری پەروەردەدا کار دەکەن بیر لەوە بکەنەوە لەلایەك ئەمانە منالن و منالانیش لەرەهەندە جیاوازەکانی رەفتارەکانی خۆیان تێناگەن. لەلایەکی دیکەشەوە قوتابخانەکان کاری پەروەردە دەکەن نەك پۆلیس و دادگاو تاوانبارکردن و سزادان.

لێرەدا زۆر بەروونی ئەوە دەبینرێت کەخەتاکان لەئەستۆی سیستمی پەروەردەیی دایە نەك لەئەستۆی ئەم یا ئەو مامۆستایە. چونکە لەزانکۆو خانەی مامۆستایاندا ئەوە فێری مامۆستاکان دەکرێت کەبەم شێوەیەی ئەمرۆ رەفتار بکەن.

ئەو سیاسەت و مەنهەجە کۆنانە تاوانبارن کەمامۆستاکانیان پێگۆش دەکرێن. بەداخەوە مامۆستاکان لەسایەی سیستمێکی وادا هێندە وشیار نین ئەو سیستمە بهەژێنن و رەهەندەکانی بخەنە ژێر پرسیارەوە. شتێکی روونیشە ئەوانەی سەرپەرشتی سیستمەکە دەکەن کەسانێکن بێتوانان و مەرجی حیزبی بوونیش مەرجێکی سەرەکیە بۆ وەرگرتنی ئەو جۆرە پۆستانە.

مناڵ لەلایەکەوە زۆر زاناو هەستیارەو لەلایەکی دیکەشەوە بەحوکمی تەمەنی بیرکردنەوەکانی زۆر سنوردارن و ئیدارەی قوتابخانەکەش لەبەر کەم زانستی هەستی بەوە نەکردووە. پشکنینی جانتای مناڵەکانی دیکەو هەراکردنی مناڵەکانی دیکە فشارێکی دیکە بوون لەسەر مناڵی ناوبراو کەوای لێکردووە هەموو رێگایەك بگرێتە بەر لەپێناوی ئەوەی لەو زەڵکاوە دەربچێت. ئەمەش بەو مانایە نیە مامۆستاکان هانی خوێندکارەکانی دیکەیان داوە لەدوای ئەم مناڵەوە هاوار بکەن، بەڵام سروشتی مناڵ وایە کەیەکێك بەیەکێکی دیکەی ووت دز ئیدی تا چەند مانگ و ساڵی دیکەش ئەوان هەر ئەوە دووبارە دەکەنەوە.

کاتێك مناڵ خۆی دەکوژێت هەموو رەهەندەکانی مەرگ لەلای ئەو روون نین و بەو شێوە ترسناکە لەمردن ناگەن وەکو ئەوەی



گەورەکان لێی تێدەگەن. مناڵی ناوبراو خۆی لەژێر فشارو خەفەتێکی زۆردا بینیوەتەوە کەوای لێکردووە لەو کاتەدا خۆی بکوژێت. بەڵام بەر لەم هەنگاوە پێدەچێت (ڤ) وەکو زۆرێك لەخوێندکارەکانی دیکە خۆی لەژێر چەندین فشارو خەفەت و هەرەشەی دیکەی ماڵەوەو قوتابخانەدا بینیبێتەوە. فشارەکانی سەر مناڵ لەکۆمەڵگای ئێمەدا گەلێك زۆرن، هەر لەناو ماڵەوە تا قوتابخانەو ناو گەڕەکیش مناڵ هەراسان دەکرێت (لێدان، ، شکانەوە... هتد). هەرەشەی گەورەکان تەنگ بەمناڵ هەڵدەچنن و زۆر جار وای لێدەکەن کارێکی نادروست بکەن.

ساڵانە چەندین رووداوی خۆکوژی روودەدەن بەبێ ئەوەی یەك تۆز سیستمی پەروەردەیی و وەزارەتی پەروەردە بهەژێنن و وایان لێبکات کەمێك بەکردارەکان و شێوازی کارەکانیاندا بچنەوە. لەدوای ئەم رووداوەوە یەك تاقە کتێبیش نەهاتۆتە بازارەوەو بروا ناکەم شتێکیش لەکۆی سیستمی پەروەردەیی گۆرابێت. زۆرجار چارەسەرەکان هێندەش قورس نین بۆ نموونە دەکرێ مامۆستا بڵێ هەموو ئەو نووسینانەی سەر کتێبەکانتانە دەبێ بیسڕنەوە یا ئەگەر لەکۆتایی ساڵدا نەیسڕنەوە دەبێ پارەی کتێبەکە بەقوتابخانە بدەن. گریمان خوێندکارێك کتێبی هاورێیەکی خۆی قەرز کرد ئەمە کەی بۆ مامۆستا گرفتە؟ گرینگ ئەوەیە مناڵ کتێبێکی پێ بێت. دواتر هەتا ئەگەر

لەبیریشی چوو خۆ دونیا کاول نابێت با مامۆستا کتێبەکەی خۆی لەو وانەیەدا بەقەرز بداتێ.

ئەوانەی لەگەڵ منالاّندا کار دەکەن ئەوە دەزانن کەبیرچوونی کتێب شتێکی ڕۆژانەیە. بەلاّم لەم گرفتەدا بەتەنیا منالّ بەرپرسیار نیە. هەموومان دەزانین منالّ شتی بیر دەچێت بەلاّم ئەی دایبابەکان بۆ بیریان ناخەنەوە؟ لەزۆر ولاّتدا هەموو خوێندکارێك سندوقێکی لەدەرەوەی پۆلەکەدا هەیە. یا شوێنێکی لەناو پۆلەکەدا هەیە بۆ ئەوەی کتێبەکانی تێدا دابنێت. بەهەر حالّ دەبێ گەورەکان لەم بوارەدا بەئەرکی خۆیان هەستن.

ڕاستە من ڕەخنەم لەقوتابخانە گرتووە بەلاّم ئەمە بەو مانایە نیە کەیەك یا دوو مامۆستا بەرپرسیارن لەخۆکوژی ئەم منالّە. کۆی سیستمی پەروەردەیی کۆمەلاّیەتی ئێمە لەژێر پرسیار دایە. تۆ بروانە ڕاگەیاندنەکەی پەروەردەی گشتی هەولێر کەئاماژە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی خۆیان دەکات کەهیچ مەرجێکی زانستی تێدا نەبووە چونکە مامۆستاکانی ئێمە ئەو زانستەیان پێ نیە کەبتوانن لەگرفتێکی وا بکۆڵنەوە. دەبوو ئەوانەی لێکۆڵینەوەکە ساز دەکەن مامۆستا نەبن و نەلەدوورو نەلەنزیکەوە دەستیان لەو کارەدا نەبێت بەڵکو دەبوو ئەو ئەرکە بەلیژنەیەکی پسپۆر (دوکتۆر، دەروناس، توێژەری دەروونی ...هتد)



بدرایە. هەموو ئەوەی پەروەردەی گشتی کردوویەتی لەمامۆستاکانی خۆیانی پرسیوە چۆن ئەو ڕوادووە ڕوویداوە. ئەمەش کارێکی زۆر خراپە. پەروەردەی گشتی هیچ ئاماژەیەك بەوە ناکات ئەوان پشتیان بەکام سەرچاوەوە زانست و لێکۆڵینەوە بەستووە. لەلایەکی دیکەشەوە مرۆڤ زۆر بەروونی هەست بەلاوازی ئەو ڕاگەیاندنە دەکات و وای دەبینێ کەتەنها بۆ بەرگری کردن لەقوتابخانە نووسراوەو هیچ ئیعتیبارێکی بۆ پێکهاتەی دەروونی و گەشەسەندنی کۆگنەتیڤانەی ئەو منالّە دانەناوە. هەر لێکۆڵینەوەیەکی لەم بابەتە بەراستی گالّتە پێکردنە بەگیانی منالّەکانمان. بۆیەلەروانگەی یاساییەوە من پێم وایە دەبوو بواری ئەوە هەبێت خێزانی ئەو منالاّنەی خۆیان دەکوژن داوای قەرەبووکردنەوە لەوەزارەتی پەروەردە بکەن (نەك لەتاکە کەسێك).

## حاڵەتی دووەم

(ژ) منالّێکی ١٦ سالّەی پۆلی یەکەمی ناوەندی بوو لەهەولێر. بەپێ ڕیپۆرتاژێك (جەماوەر، ژ ١١٧/٢٠٠٥) ئەم خوێندکارە تەنەکەیەك نەوتی بەسەر لەشی خۆیدا کردووەو ئاگری لەلەشی خۆی بەرداوەوە هاواری کردووە ((فریام کەوە (..) فریام

کەوە .. )). بەگوێرەی قسەی خوشکەی (ژ) شەوێك بەر لەوەی گیانی لەدەست بدات گوتویەتی (( مـن بـەس لەسـەر قسـەی مامۆستا (..) خۆم سوتاندووە)). بەپێی قسەی هەندێك کەس ئەم خوێندکارە هەرگیز بیری لەخۆکوژی نەکردۆتەوەو گاڵتەی بەو کەسانەش هاتووە کەخۆیان سوتاندووە. بەڵام ئەم خوێندکارە بۆ خۆی سووتاند؟

پاش ئەوەی ئەم خوێندکارە لەقوتابخانەی دەرناچێت. کارتی نمرەکانی نادرێتەوە بەخۆی و داوای ئەوەی لێدەکرێت کەدایك و بابی بۆ قوتابخانە بهێنێت. ئەمیش ئەوەیان پێرادەگەیەنێت کەباوکی لەسەفەرەو دایکیشی نەخۆشە بەڵام مامۆستا (..) باوەری پێناکات و پێی دەڵێ ئەگەر ئەوان نەهێنیت فەسڵت دەکەین. (ژ) دوای ئەمە لەماڵەوە خۆی دەسوتێنێت. بەپێ هەمان هەفتەنامە (ژ) لەبارەی هۆکاری خۆسوتاندنەکەیەوە لەنەخۆشخانەدا گوتوویەتی (( ئەمرۆ مامۆستا بەبەرچاوی قوتابیەکانەوە منی شکاندەوە. کارتەکەشیان نەدایەوە بەخۆم و ووتیان ئەگەر بەیانی دایکت نەهێنی فەسڵت دەکەین)). لێرەدا ئەوەش گرینگە کەیاداشتی بکەین چەندین کەس لەدەوروپشتی ئەم منالە خۆیان سوتاندووە یا کوشتووە. لەبەرامبەر ئەم ی فەسڵ کردنەدا بەرێوبەری پەروەردەی هەولێر



گوتوویەتی (( ئەگەر ئێمە نەتوانین بەقوتابی بڵێین ئەگەر وا نەکەیت فەسڵ دەکرێی ئەی چی پێ بڵێین؟)).

سەرباری ئەمەش هەفتەنامەکە ئاماژەی بەکۆمەڵێ گرفتی دیکە دەکات کە (ژ) لەقوتابخانە توشی بووە چ بەهۆی جلوبەرگەوەو چ بەهۆی هەڵویستی خوێندکارو مامۆستاکانەوە. لەئەنجامدا مامۆستاکان هەراسانیان کردووە.

ئەگەر لەئامرازی خۆکوژیەکەوە دەست پێبکەم دەبینین مناڵ بەزۆری ئەو ئامرازو میتودانەی هەڵدەبژێرێت کەپێیان ئاشنایە. چ لەم حاڵەتەو چ لەحاڵەتەی یەکەمیشدا ئەم دوو منالە پەنایان بۆ خۆسوتاندن بردووە چونکە خۆسوتاندن یەکجار بەربڵاوەو هەموو یەکێك پێی ئاشنایە. زوربەی ئەو ژنانەی کەخۆیان دەکوژن بەم شێوەیە کۆتایی بەژیانی خۆیان دەهێنن.

ئەم منالە بەشێوەیەکی گشتی لەبارودۆخێکی نائارامدا دەژیا بەهۆی ئەو گرفتانەوە کەلەقوتابخانە توشی هاتبوون. دەمێك مامۆستاکان بەهۆی ئەوەوە جلی رەشی لەبەردابووەوە ئەو منالەیان هەراسانکردووەو دەمێکی بەهۆی خوێندکارەکانی دیکەوە (ژ) توشی ناخۆشی و سەرزەنشتکردن هاتووە.

یەکێك لەو حاڵەتە ناخۆشانەی مناڵ هەمیشە لێی بێزار دەبێت کردن و شپرزەکردنە. چونکە مناڵ دەرك بەوە دەکات کەئەو ناتوانێ خۆی لەو بارودۆخە دەرباز بکات. گەورەکان بەم

کارە منالْ دەخەنە گۆشەیەکەوە کەناچار بێت پەنا بۆ درۆکردن، دزیکردن، خۆکوژی ... هتد ببات. لەروانگەی تیۆرییەوە سەرجەمی گرفتەکانی دەوروبەری ئەم منالّە لەوانەیە ببنە هۆی بیزاری و خەمۆکی. کاتێك منالْ خۆی لەم گۆشەیەدا دەبینێتەوە بیر لەوە دەکاتەوە کەسزایەك لەمالّەوە چاوەروانی دەکات، بەلاّم زۆر جار سنورو سروشتی ئەو سزایەی لەلا روون نیە. من لەم بوارەدا نازانم (ژ) تەسەوری چ سزایەکی لەمالّەوە کردووە ئەگەر بێت ئەوە بزانن کەلەقوتابخانە دەرنەچووە. منالْ لەکاتی شپرزەیی و کردندا بیر لەوە دەکاتەوە خۆی بەباشترین شێوە دەرباز بکات بەلاّم لەوانەیە ئەو شێوە باشە لەچرکەساتێکدا بەلای ئەوەوە خۆکوژی بێت، بەلاّم دەشکرێ ئەوە نەبێت.

بەدەر لەو تێبینیانەی کەلەشوێني تردا دەربارەی هەرەشەکردن لەرێگەی تاقیکردنەوەکانەوە خستومەتەروو پێم خۆشە لێرەشدا ئەوە بنووسم کەسیستمی پەروەردەیی ئێمەو ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن بەشێوەیەکی سروشتی پێنەگەیشتوون. ئەم مرۆڤانە خاوەنی زانستێکی کۆمەلاّیەتی و پەروەردەیی ئەوتۆ نین کەبتوانن کارەکەیان بەشێوەیەکی مامناوەندی بەرێوە ببەن. پێگەیشتني ئەو سیستمە بەهەموو کادرەکانیەوە لەناوجەرگەی سیستمی



عەرەبی و بەعسیەوە پێگەیوە کەلەرووی پەروەردەییەوە جێگەی زانستی نوێی تێدا نابێتەوە. لەم سیستمەدا هێندەی جێگەی رق، کۆنترۆلْ، راپۆرت نووسین لەسەر یەکتر، شتی کرچ و کالْ، هەرەشەو تۆقاندنی یەکتر، چەوساندنەوەی منالْ و ژن ... هتد دەبێتەوە جێگەی ئاشتی، لێبوردن، بەلْگەی زانستی، پەروەردە ... هتد نابێتەوە.

لەدیدارەکەی بەرێز بەرێوبەری گشتی هەولێردا ئەم دێڕە (( ئەگەر ئێمە نەتوانین بەقوتابی بلّێین ئەگەر وا نەکەیت فەسلْ دەکرێی ئەی چی پێ بلّێین؟)) زۆر سەرنجی راکێشام چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە جارێکی دیکە ئەوە دەگەیەنێت کەسیستمی پەروەردەیی هێندە هەژارە جگە لەیەك شێوە کاری زۆر کۆن هیچ جۆرە ئەلْتەرناتیڤی دیکەی کارکردنی نیە. بەهەمان شێوەش ئەو سیستمە مکورِە لەسەر ئەوەی تاقیکردنەوەکان و کارتی نمرەکان و هەموو شتێکی دیکەش وەکو یەك بۆ سەر خوێندکاران بەکار بهێنێت. ئەم سیستمە لەبەر ئەوەی زۆر پیر بووەو لەتوانایدا نیە شێوە کاری نوێ دابهێنێت و ئاگاشی لەسیستمە نوێکانی جیهان نیە ئیدی ئەو شەرعیەتە بەخۆی دەدات کەهەموو شێوە رەفتارێکی ناپەروەردەیی بگرێتە بەر تەنانەت ئەگەر زیان بەخوێندکارو مامۆستاکانی خۆشی بگەیەنێت.

لەسیستمی پەروەردەیی ئێمەدا بۆیە تاقیکردنەوەکان ساز دەکەین بۆ ئەوەی وەکو یەك دڕچ منالەکان بەکاریان بێنین. بۆ ئەوەی هەر منالێك لاساری کرد یا دایبابەکەی تەنگی بەقوتابخانە هەلچني قوتابخانە بتوانێت بەئەنجامی تاقیکردنەوەکان لەو منالە بکەن. من تاوەکو ئێستاش لەوە تێناگەم بۆ قوتابخانە تاقیکردنەوەکان بەو شێوەیە ساز دەکات، یا لەبنەڕەتەوە بۆ تاقیکردنەوە هەیە؟ ئەگەر بۆ ئەوەیە بزانین ئایا خوێندکاران تێگەیشتوون یا نا خۆ ڕێگای دیکە زۆرن؟ من ماوەیەکە لەبواری پەروەردەدا کار دەکەم و دەنووسم بەلام هێشتا لەوە تێناگەم بۆ قوتابخانە کارتی نمرەکان زەوت دەکات؟ بۆ سیستمی پەروەردەیی ناتوانێ شێوازێکی تری کارکردن بێنێتە کایەوە؟ بۆ ئەگەر کارتی خوێندکار زەوت نەکرێت ئیدی قوتابخانە ناتوانێت ئەنجامەکان بەخێزانەکان بگەیەنێت؟ بۆ قوتابخانە داوای یارمەتی لەکەس ناکات؟؟

لەم بوارەدا چەندین پرسیار دیکە هەن کەوەلامیان لەلای قوتابخانەکان و دەزگا پەروەردەییەکان دەست ناکەوێت. بەلام ئەوەی هەستی پێدەکرێت ئەوەیە هەر هەموو ئەم شێوازانە دەبنە هۆی بارگرانی منال و خەمۆکی و پەرێشانی دێننە کایەوە. زانای ئەمریکایی **Calvin Frederick** بەم شێوەیە گوزارش لەخەمۆکی دەکات **(Grollman,2000.P.52)**:



((خەمۆکی هەمیشە ترسی خۆکوژی دێنتە کایەوەو لەماوەی ئەم ٢٥ ساڵەی دواییەشدا بۆتە شتێکی باو لەناو کۆمەڵگادا))

تەنها بەتێروانین لەو تاقە ریپۆرتاژەی ئاماژەمان بۆ کرد دەبینین چەندین گرفت لەدوروبەری (ژ) دەخولێنەوە. من وای دەخوێنمەوە ئەم منالە هەست بەوە دەکات هەندێك لەهاورێکانی رقیان لێیەتی، بەشێك لەمامۆستاکانی خۆشیان ناوێت چونکە بەهۆی قسەگێڕانەوەی خوێندکارەکانی دیکەوە لەلای مامۆستاکان ئەوان هەراسانی دەکەن. منال زۆرجار گرفتەکان تەنها لەگەل خۆیدا باس دەکات و وشیاری ئەوەی نیە مرۆڤ هەست بەئاسودەیی دەکات گەر بێت و باسی گرفتەکانی خۆی بۆ یەکێکی دیکە بکات. تەنانەت گەورەکانی ئێمەش ئەم کارە ناکەن چونکە بێمتمانەییەکی گەورە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە. بۆیە شتێکی ئاساییە کە (ژ) توشی خەم و ئازارو خەمۆکیەکی نهێني هاتبێت کەکەس هەستی پێنەکردبێت..

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ یاداشتی بکەم ئەوەیە مەرج نیە مامۆستاکان رقیان لە (ژ) بووبێت چونکە رەنگە بەدگمەن مامۆستا رقی لەخوێندکارەکانی خۆی هەبێت بەلام لێرەدا ئەمە گرینگ نیە بەڵکو ئەو هەستە گرینگە کەلەلای ئەو

خوێندکاره دروست بووه. هەموو ئەوانەی لەگەڵ منالاّندا کار دەکەن ئەوە دەزانن کەزۆر جار منالّێك شتێك دەلّێت کەوا نیە، بەلاّم گرینگ ئەوەیە ئەو وا هەست دەکات. ئەگەر ئێمە بروا بە (ژ) بکەین یا نا ئەوە هیچ لەئازارەکانی ئەو کەم ناکاتەوە گرینگ ئەوەیە ئەو هەستێکی وای لەلا دروست بووە کەبەشێك لەدەوروبەرەکەی و مامۆستاکانی خۆشیان ناوێت و ئەو کەسێکی خۆشەویست نیە. باشترین یارمەتیەك کەمامۆستاکان لەم کاتەدا بەو منالّەی بگەیەنن ئەوەیە ئەوان ئەو هەستەی لەلا بڕەوێننەوە.

ئەگەر ئێمە لەسنووری ئەم تاقە وتارە دەرچینە دەورەوەو بەدوای گرفتەکانی دیکەی(ژ)دا بگەرێین ئاخۆ چەند گرفتی دیکە دەبینینەوە؟ ئایا پەیوەندی لەگەڵ هاورێکانی گەڕەکدا چۆن بووە؟ ئایا پەیوەندی لەگەڵ دایباب و براو خوشکانی چۆن بووە؟ ئایا ژیانی منالّی چۆن بووە؟ ئایا لەمنالّی خۆیدا لەدایکی جودا بۆتەوە یا نا؟ ئایا کۆی خێزانەکەیان بەشکستی ئابوری، کۆمەلاّیەتی یا دەروونیدا تێپەربووە یا نا؟ ئایا لەقوتابخانەدا چەند جار لەلایەن مامۆستاو هاورێکانیەوە هەراسان کراوە؟ ئایا چەند جاری دیکە سوکایەتی پێکراوە ؟ .... هتد



چەندین پرسیاری دیکەش هەن وەلاّمەکانیان بۆ من زۆر گرینگن بۆ ئەوەی بتوانم زۆرتر قسە لەسەر ئەم منالّە بکەم. هیچ یەکێك لەم باسانە لەو ریپۆرتاژەدا باس نەکراون.

لێرەدا من هەر دەتوانم هەندێك لەو زانیاریانە روون بکەمەوە کەلەبەردەستدا هەن بەبێ ئەوەی کەس تاوانبار بکەم. بەلاّم لەلایەکی دیکەوە من ئەم کارەم هێندە پێسەیر نیە چونکە کاتێك منالّ خۆی بەزیندانی لەگۆشەیەکدا دەبینێتەوە، کۆمەلّگاو خێزان بەئارەزووی ئەو کار ناکەن، کۆمەلّێك گرفتی گەورەی هەیە کەبۆ کەس باسیان ناکات، هەست دەکات خەلّکانێك هەن خۆشیان ناوێ و بەتەنگیەوە نایەن .... هتد لەم کاتانەدا ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێت کەئەو کەسێکە شایەنی ژیان نیە، لەوانی دیکە کەم ئەرزشترە، بمرێت لەو ژیانە چاکترە .... هتد.

سەرباری ئەمەش وەکو لەشوێني دیکەدا ئاماژەم بۆ کردووە هەندێ منالّ وێنەیەکی پۆزەتیڤ بەمەرگ دەدەن ئەمەش لەگەورەکانەوە فێربوونە کاتێ ئەوان بەباشی باسی مەرگ دەکەن. هۆکارێکی دیکەی تر ئەوەیە دەوروبەری (ژ) بەکەسانێك تەنراوە کەخۆیان کوشتووەو ئەو کەسانەش لەوەوە هێندە دوور نین. سەرجەمی ئەمانە هۆکاری زۆر بەهێزن بۆ ئەوەی (ژ) توشی خەمۆکی ببێت.

خەمۆکی زۆر لەوە زیاترە کەمرۆڤ وەکو بێتاقەتیەکی کاتی، دڵگرانی یا بێئومێدییەك تەماشای بکات. هەندێجار خەمۆکی لەگەڵ هەندێ نەخۆشی تێکەڵ دەکرێت کەلەئەنجامی کەمبوونی ڤیتامین ، دابەزینی رێژەی شەکر لەخوێندا، ماندوبوون یا نزمی پێکهاتەکانی خوێنەوە دێنە کایەوە. خەمۆکی جۆرە نەخۆشیەکە کەمرۆڤ بەسەختی دەتوانێت دەسنیشانی بکات. **Grollman** پێی وایە باشترین شێوەیەك بۆ باسکردنی ئەم نەخۆشیە ئەوەیە باس لەکاریگەرییەکانی بکەیت. هەر کەسێك توشی ئەم دەردە بێت هەست بەوە دەکات بەراستی نەخۆشەو لەرووی جەستەیی و دەروونیشەوە نوقسانە. ئەم نەخۆشیە هەندێجار ژیانی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ناو خێزان و سەر کاری ئەو نەخۆشەش دەشێوێنێ. ئەم نەخۆشانە هەندێجار کارو پیشەو تەنانەت هاوسەرەکانیشیان لەدەست دەدەن . زۆرینەی ئەو کەسانەی خۆیان دەکوژن توشی خەمۆکی نەخۆشیەکی خەمۆك ئامێز هاتوون. بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایەش نیە هەرکەسێك خەمۆکی هەبوو خۆی دەکوژێت. (**Grollman,2000.P.52** ).

# پێناسەکان

## خۆکوژی

هەموو ئەو حاڵەتی مردنانە دەگرێتەوە کەکەسێکی دیاریکراو تیایدا بەئەنقەست یا بەمەبەست زیان بەگیانی خۆی بگەیەنێت بۆ ئەوەی بمرێت.

## بیری خۆکوژی

هەموو ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کەکەسێکی دیاریکراو لەرێگەی دەربڕینی چەند وشەگەلێك یا رستەیەك یا چەند رستەیەکی دیاریکراوەوە گوزارش لەوە بکات کەئەو بەنیازە خۆی بکوژێت یا بەمەبەستی خۆکوژی زیان بەخۆی بگەیەنێت. هەندێجار رەفتارەکانی ئەو کەسەو گوزارش لەو مەبەستە دەکات. هەندێجاریش مرۆڤ هەندێ سیمای دیاریکراو لەو



کەسەدا بەدی دەکات کەگوزارش لەوە دەکات ئەو کەسە بیر لەخۆکوژی دەکاتەوە.

## هەوڵی خۆکوژی

هەموو ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کەکەسێکی دیاریکراو لەرێگەی کردەوەوە دەیدات بەمەبەستی ئەوەی خۆی بکوژێت بەڵام ئەو هەوڵانە سەرناگرن و لەئەنجامدا ئەو کەسە نامرێت. زۆر جار یەکێك بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەم جۆرە هەوڵانە دەدات بۆ نموونە خۆی لەسەربان دەخاتە خوارەوە. خۆی دەخاتە ژێر ئۆتۆمبیلێکەوە. حەپێکی زۆر دەخوات. ژەهر یا هەر دەرمانێکی دەکەی کوشندە دەخوات. دەست لەکارەبا دەدات .... هتد بەڵام لەئەنجامدا ئەو کەسە نامرێت.

## سیماکانی خۆکوژی

بەر لەوەی منداڵێك خۆی بکوژێت زۆر جار هەندێ سیمای پێوە دیارە کەنیشانەی ئەوەن کارێکی لەو بابەتە بەرێوەیە. ئەو کارە مەرج نیە هەموو کاتێك ئەنجام بدرێت. هەندێك لەو سیمایانە دەکرێ ئەمانەبن:

- ئەو منداڵە پێشتر هەوڵی خۆکوژی دابێت
- ئەو منداڵە وردە وردە خۆی لەکۆڕو قوتابخانەو ... هتد دەدزێتەوەو خۆی گۆشەگیر دەکات
- هەست بەوە بکەیت ئەو منداڵە پلان بۆ خۆکوژی دابڕێژێت. بۆ نموونە شتەکانی خۆی بەخەڵك دەدات، بەشتی خەتەرناك یاری دەکات، ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە ... هتد
- پێشتر ئەو منداڵە کەسێکی نزیکی لەدەست دابێت، بۆ نموونە مردنی کەسێکی خێزانەکەی یا هاورێیەکی زۆر نزیکی خۆی
- گرفتی گەورە لەخێزانەکەیدا هەبێت
- توشی خەمۆکی و پەریشانی بێت



- لەپڕا تاقەتی قوتابخانە یا کاری نەمێنێت
- زۆر باسی مردن یا خۆکوژی بکات

## پەیامی خۆکوژی

بریتیە لەو پەیامانەی کەگوزارش لەبیری خۆکوژی دەکات و کەسێکی دیاریکراو بەوشیاری یا ناوشیاریەوە بەر لەوەی خۆی بکوژێت بۆ دەوروپشتەکەی رەوانە دەکات. ئەم پەیامانە وەکو زەنگی وریابوونەوە وایەو ئەو کەسە بەو مەبەستە ئەو پەیامانەی خۆی ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی دایباب یا دەوروپشت یارمەتی بدەن یا ئەوان لەوە ئاگادار بکاتەوە کەکاری خۆکوژی بەرێوەیە. هەندێ مناڵ زۆر بەئاشکرا لەو پەیامانەدا یا بارودۆخی خراپی خۆیان دەخەنەروو یا داوای یارمەتی دەکەن. **Mariann Uddeberg** باس لەچوار جۆر پەیام دەکات ( **Uddeberg, 1984. P.98**).

## یەکەم: پەیامی زمانەوانی ڕاستەوخۆ بۆ نموونە

- کاتێك بەیانیان بەتەنیا ڕادەکشێم واهەست دەکەم کەتاقەشتێکی دروست ئەوەیە کەکۆتایی بەهەموو شتێك بێنم
- من بیر لەوە دەکەمەوە کەچۆن کۆتایی بەژیانی خۆم بهێنم
- خۆکوژی تاقە ڕێگاچارەیە
- ئەگەر بەهۆی ئەمەوە تێبکەوم ئەوە خۆم دەکوژم
- ئەگەر تۆ بڕۆی من خۆم هەڵدەواسم

## دووەم: پەیامی زمانەوانی ناڕاستەوخۆ بۆ نموونە

- من لەپێش تۆ دەمرم
- با بزانم یەکتر دەبینینەوە یا نا
- کەتۆ دەگەڕێیتەوە چیتر من لێرەنابینی
- من تا پەنجا ساڵ دەژیم، پاش ئەوە با بزانین چۆن دەبێ



- من تا سەری ساڵ دەژیم، بەڵام زۆرتر نا
- من زۆر ماندووم لەدەست ئەمە. هیچ چارێکی دیکەم نیە
- نەمانی من بۆ هەموو لایەك باشترە

## سێیەم: پەیامی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی کردارەوە، بۆ نموونە

- پەتێك لەگەڵ خۆت ببەو بەتەنیا بچۆ بۆ ناو دارستان
- با سۆندەیەك لەناو سەیارەکەت دابێت
- چەقۆیەکی تایبەت بکڕە
- مۆڵەتی چەك هەڵگرتن دەربکە یا چەکێك قەرز بکە
- سەردانی زیاتر لەدوکتۆرێك بکە بۆ ئەوەی دەرمانی خەوت بۆ بنووسن
- ئەو حەپانەی لەخەستەخانە وەرتگرتوون هەموویان کۆبکەرەوە
- نامەیەکی دەست لەکارکێشانەوە بنووسە

## چوارەم: پەیامی ناراستەوخۆ لەڕێگەی کردارەوە.

### بۆ نموونە

- بەهەموو خزم و هاورێکانت رابگەیەنە کەتۆ سەفەر دەکەیت
- ژوورەکەت پاك و تەمیز بکەو هەموو شتەکان بەرێکوپێکی دابنێ
- وەسیەتو نامەیەك بنووسە
- هەندێ لەشتەکانت پێشکەش بەهاوڕێ و خزمەکانت بکە
- قەرزەکانت بدەرەوە
- کێلی قەبر بکڕە



## هەراسانکردن

مەبەست لەهەراسانکردن هەر مامەڵەیەکی نێگەتیڤانەیە کەیەکێك لەگەڵ یەکێکی دیکەدا بەمەبەستی زیان گەیاندن بەو ئەنجامی بدات. دەکرێ گروپێکیش یەکێك یا گروپێکی دیکە هەراسان بکەن. یا مەبەست لەو مامەڵە نێگەتیڤانەش ئەمانەی خوارەوەیە:

ئازاری جەستەیی، ئازاری دەروونی، تەریقکردنەوە، شکانەوە، تەعەدای سێکسی بەقسە یا بەکردار، پەراوێزکردن ... هتد. بۆ ئەوەی هەر کارێك بەهەراسانکردن بژمێردرێت پێویستە دوو مەرجی تێدا هەبێت، یەکەم دووبارە بوونەوەی ئەو کارە زیاتر لەجارێك، دووەم ناهاوسەنگی تەرازووی هێزەکان لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا.

**گەشەسەندنی کۆگنەتیڤ (Cognative Development )**

هەموو ئەو گەشەسەندنانەی ناو مێشکی منالْ دەگرێتەوە کەپەیوەندییان بیرکردنەوەوە هەیە. واتە گەشەسەندنی حاسەکان، ئۆرگانیزەکردنی هەموو جۆرە زانست، زانیاری، پێکەوەنانی چەمك و دەستەواژەکان، زمان، فەنتازیا، شیکردنەوە، سیمبۆلەکان ... هتد

## پێرسێپشن (Perception )

مەبەست لەم چەمکە ئەو پرۆسەیەیە کەکاتێك مرۆڤ لەرێگەی هەر پێنج هەستەکەیەوە زانیاری جۆراوجۆر وەردەگرێت و لەرێگەی ئۆرگانەکانی ئەو هەستانەوە ئەو زانیاریانە دەگۆرێت بۆ جۆرە سیگنالْێك (اشارە) کەرەوانەی مێشکی دەکات و لەوێدا وەردەگێردرێتە فۆرمێکی دیکەو رەوانەی دەرەوەی مێشك دەکرێت.



## ئەمۆدالْ پێرسێپشن( Amodal Perceptions)

گواستنەوەی هەموو جۆرە سیگنالْ و زانیارییەك لەنێوان هەستە جیاوازەکانی مرۆڤدا، بۆ نموونە لەنێوان هەستی تامکردن و بینین. ئەگەر بێت و چاوی یەکێك ببەستینەوەو کۆمەڵی شتی ۆێکچووی بدەینێ بۆ ئەوەی دەستیان لێبدات یا تامیان بکات ئەوە دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی هەندێك زانیاری لەلای هەستی (هەستکردن یا دەست لێدان) لەلای ئەو کەسە. بەلام ئەگەر چاوی ئەو مرۆڤە بکەینەوە یەکسەر شتەکان دەناسێتەوە بەبێ ئەوەی هیچیانی بینیبێت. لێرەدا پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییەکان لەنێوان هەستی هەستکردن و بینیندا ئەنجام دەگرێت.

## سەرچاوەکان


1. Bowl by, J: *Attachment and loss. VII, Separation and anxiety*. London, 1969.
2. Durkheim, *E: Sälvmord.* Lund, 1993.
3. Dyregrov, A: *Små barns sorg*. Trelleborg, 1999.
4. Fahrman, M: *Utvecklingspsykologi för skolan.* Lund, 1991.
5. Fahrman, M: *Barn i kris*. Lund, 1993.
6. Falk, K & Lönnroth, A: *Nära döden nära livet.* Stockholm, 1999.
7. Freud, S*: Jaget och detet*. Stockholm, 1986.
8. Grollman, E. A: *Självmord*. Stockholm, 2000.
9. Hwang, P & Nilsson, B: *Utvecklings teorier*. Falköping, 2004.
10. Jerlang, E, m.fl.: *Utvecklingspsykologiska teorier.* Stockholm, 2006.





11. Nilzon, K: *Barn med känslomässiga problem.* Lund, 1999.
12. *Olweus, D : Mobbning bland barn & ungdomar*. Stockholm, 1999.
13. Piaget, J: Barnets själsliga utveckling. Lund, 1988.
14. Piaget, J: *The Child's Conception of the World*. London, 1982.
15. Sköld & Öhlen: *Hellre dör jag*. Stockholm, 1985.
16. Stern, D: *Späd Barnets interpersonella universum*. Stockholm, 2003.
17. Sundbärg, B*: Tonårskris för utveckling*. Stockholm, 1984.
18. Tamm, M*: Barn och rädsla*. Lund, 2003.
19. Vygotskij, L: *Fantasi och kreativitet i barndomen.* Göteborg, 1995.
20. Uddeberg, M *: Självmord angår oss alla.* Stockholm, *1984*.

## ڕۆژنامەکان


21. *Aftonbladet. 14/04/2004, Stockholm*

٢٢. جـــەماوەر، هەفتەنامـــە. ژمـــارە ١١٧ &١٣٥ . سلێمانی ٢٠٠٥.

٢٣. هاوڵاتی، هەفتەنامە. ژمارە ٢٠٥/ ٢٠٠٤ هــەروەها ژمارە ٢١١/ ٢٠٠٥ . سلێمانی

٢٤. هەولێر پۆست، هەفتەنامە، ژ ٢٠٠٦/٨٩. هەولێر.

٢٥. میـــــدیا، هەفتەنامـــــە ژمـــــارە ١٨١& ١٨٧ هەولێر.٢٠٠٥.

# بەرهەمەکانی دیکە

١) حەوت رۆژ لەگەڵ قەرەداخیدا. دەزگای سەردەم ٢٠٠٢.

٢) دابەشکردنی دەسەڵات. و: لەسویدییەوە.دەزگای سەردەم ٢٠٠٣.

٣) تێکشکانی بەهاکانی خوێندکار. چاپخانەی رەنج ٢٠٠٤.

٤) دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەئێران. و: لەسویدییەوە. دەزگای ئاراس ٢٠٠٤.

٥) یەکەمین مامۆستا. و: لەفارسیەوە. دەزگای سەردەم ٢٠٠٥.

٦) هەراسانکردنی منالّ لەنێوان مالّ و قوتابخانەدا. دەزگای ئاراس ٢٠٠٦

٧) قوتابخانەکان روویان لەقیبلە نیە. دەزگای ئاراس ٢٠٠٨



